# مەڵۆیەک لە خەرمانی ئەدەبیات

# ٢



ـــ چەند وێنەیەکیش

شێرکۆ هەژار

٢٠٢٢

# ناوەرۆک


کێ ڕچەی کوتا ؟ کورتە مێژووی شێعری نوێ لە کوردستانی ئێراندا -
جەعفەری حوسێنپوور( هێدی) .......................... ١٢ـ٥
کوردبوون، بەشێک لە بیرەوەرییەکانی کاپیتان حەمەدی مەولوودی ١٣ـ١٨
لە قەرەشلاخەوە بۆ سوئێد، محەممەد خزری، بەرگی دووهەم ........ ١٩ـ٢٥
بیرەوەریی میستەر پیپس .......................... ٢٦ـ٢٧
لە دنیای نووسەرانیشدا ڕەوشت دەزانێت و ڕەوشت دەزانێت ........ ٢٨ـ٣٤
لە سەرەتای مەمێ ئالان .......................... ٣٥ـ٤٦
زستان دەڕوا و ڕووڕەشی هەر بۆ خەڵووز دەمێنێتەوە - م . حەسەنپوور ٤٧ـ٤٩
هەڵبژاردەیەک لە : چەند وردە بیرەوەریی منداڵیم - ڕەسووڵ سوڵتانی ٥٠ـ٥٣
مەست و وشیار - پەروین ئیعتیسامی، و. کامیل بۆکانی ........ ٥٤ـ٥٦
بەفرێک بە راوێژی بەهار - ڕابوون رۆژهەڵات ........ ٥٧
لە بێدەنگیی نیوەشەودا - جەعفەری حوسێنپوور (هێدی) ........ ٥٨
هێندێ جار هەست بە شەرم دەکەم کە بێدەنگە ... - پێتراركا ........ ٥٩ـ٦٠
سێرێناتای ڤیلیسا - فێدەریکۆ گارثیا لۆرکا .......................... ٦١ـ٦٧
سێرێناد - تێیۆفیل گۆتیێ .......................... ٦٨ـ٦٩
گەر هەر رۆژە بکەوێتە - پاڤلۆ نێروودا .......................... ٧٠
رۆژی جیهانیی زمانی دایک - ناسر حیسامی .......................... ٧١
جبران خلیل جبران و إبن المقفع .......................... ٧٢ـ٧٣
سەلیم بەرەکات و مەحموود دەرویش .......................... ٧٤ـ٨٨
چکلێت و مێش! - سەردار مەحمو .......................... ٨٩ـ٩٠
نووسەری هۆڵەندی مارتن هت هارت چیم وەبیردەهێنێتەوە ........ ٩١ـ٩٣
کە تۆ حەز ناکەیت بچیتە پای سێدارە، بڕۆ ئەولاوە و ڕێگا
لە خەڵکی تر مەگرە! .......................... ٩٤

ئاننه فرانک .......................... ٩٥-٩٧
فێربوونی زمان به شیعر و گۆرانی – ژاک برێل بەنموونه ........ ٩٨-١٠١
ساره بێرناردت .......................... ١٠٢-١٠٣
هێندێک زاراوه و ئێتیمۆلۆجی :
ئیتالیا؛ ئێڤار؛ بەهارات؛ پایێلا؛ تیرامیسوو و کاپوچینۆ؛
گوڵالەی دڵبەند چۆن بوو به چیوولیپ؛ رایخی سێیەم؛
فاشیزم؛ نوێژ، نماز، ناماستێ .......................... ١٠٤-١١٥
چەند کاری هونەری :
تیتیان، شۆڕش ئاهی، ئەسرین ئیسکەندەری، پیکاسۆ،
ڤالدێس لیبال، روبینس، دیێگۆ بێلاثکێث .......................... ١١٦-١٢٦
وێنه و ناوی چەند باڵندەیەک
بەرلووزەوه، سنگ سپیلکه، چۆلەکه چۆمه؛ جلووت؛
رەوڕەوه(رەوڕەوه زێڕه)؛ رەشه داڵ، داڵاش؛ نککێنه ........ ١٢٧-١٣١

## کێ ڕچەی کوتا ؟

## کورتە مێژووی شێعری نوێ لە کوردستانی ئێراندا

نووسینی : جەعفەری حوسێنپوور( هێدی )*



لە سەدەی هەژدەهەمدا تاقمێک نووسەری‌فەرەنسی دژی شێعر رابوون . لە ڕاستیدا مەبەستیان لە دژایەتی دەگەڵ شێعر، دژایەتی دەگەڵ کێش و سەروا ( قافیە) بوو . ئەو ئەدیبانە کێش و سەروایان بە شتێکی بێسوود دەزانی . بۆ سەلماندنی ئەو بیروڕایەیان دەیانگوت کێش و سەروا دەبنە بەرهەڵستی شاعیر لە پێناو دەربڕینی مەبەستدا .

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا بزووتنەوەیەکی دیکە لە ئەوروپا سەری هەڵدا کە بزووتنەوەی شێعری نوێ بوو . ئەو جار شاعیرەکان بۆخۆیان بوونە ئاڵا هەڵگری ئەم راپەڕینە و مەبەستیان وەکوو جاری پێشوو دژایەتی دەگەڵ کێش نەبوو، بەڵکوو پێیان وابوو بنەمای شێعر و شاعیری هەر " کێش "ە و بەو پێیە شێعر و مۆسیقاش پێکەوە خزمن .

---

* جەعفەری حوسێنپوور(هێدی)ی شاعیر و نووسەر و توێژەر، بەرهەمی زۆر گرنگی هەن، هێندێک لێکۆڵینەوەی زۆر گرنگی لە ئارشیفی کتێبخانەی نەتەوایەتیی بەرلین بەشێکن لە کارەکانی : ئاڵمان لە بواری کوردناسیدا، ئۆسکار مان- نامەکان، دەنگەکان لە رابردووەوە و ... ئیدی . نێوانی لەگەڵ "هێمن"دا خۆش بووە و هێمن هێندێک دەسخەتی خۆی لای ئەو بەجێ‌هێشتووە . من زۆر لە کارەکانی فێر بووم و، حەتمەن کاک هێدی بە مامۆستایەک و سەرمەشقێک بۆ خۆم دەبینم .

ئەو بزووتنەوە نوێخوازییەی ئـەوروپا لە سەرەتای شۆڕشی دەستووری(مەشرووتە)دا(١٩٠٦) و تەنانەت پێش ئەویش بە وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبی ئەوروپا لە ئێراندا پەرەی گرت و شتی تازە و بیری نوێ رووویان دە وڵاتی ئێران کرد .

« نیما یووشیج »(عەلی ئیسفەندیاری) یش (١٨٩٧-١٩٦٠) کە بە باوکی شیعری نوێی فارسی ناودێر کراوە، لە قوتابخانەیەکی فـەڕەنسیدا خوێندوویە و شـارەزای زمان و ئەدەبیاتی فەڕەنسا بووە . دیارە ئەو شـارەزاییە، ڕچەی نوێخوازی پێشان داوە و ئـەویش بـوێرانە شـکاندوویە . لە ئێراندا زۆر کەس ئەو نوێخوازییەیان بە بێسـەروبـەرەیی دەزانی و شـێعری نوێـیان پێ وڕێنە بوو، بەڵام شێعری نوێ لە بوار کل نەبوو و خۆی سەقامگیر کرد .

کورد بە پێچەوانەی دەروجیرانەکانی زۆر نامۆی شێوەی شێعری نوێ نەبووە و هەر لە سەرە-تاوە لەبەر رووناکیی بـەیتە فۆلکلۆرییەکانەوە گوێی بەو شێوەیە ڕاهـاتووە . هێندێک پێیان وایە ئـەدەبیاتی فـۆلکلۆریکی کورد لە سەردەمی پاشایەتی سـەفەوییەکان(١٥٠١-١٧٣٦) دا سـەری هەڵداوە و تەمەنی ئەو ئەدەبیاتە لەو سەردەمە کۆنتر نییە، بەڵام چونکە مێژووی‌دانانی بەیتەکا-نی دیاری‌نەکراون، ناکرێ پشت بەو وتەیە ببەستین و هەروەک بۆچوونێک جێگای سەرنجە .

زۆربەی بەیتە فۆلکلۆرییەکانی کوردی بە شێعری جوان و تەڕ و پاراو لە سەر کێشی خۆماڵی و تایبەتیی کوردی داڕێژراون . لە هێندێکیاندا تەنانەت سەروا و سەنعەتی شێعریش لەبەر چاو گیراوە، بەڵام دانەرەکانیان خۆیان لەبەر شەکەت نەکردووە . واتە ئەو دابە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە شاعیر لە مەبەستی‌بنەڕەتی دوورکەوێتەوە . ئەگەر زانیویە قافیە دەیخاتە تەنگانەوە، زۆری لەسەر نەڕۆیوە و زووی بڕیوەتەوە . دیارە زۆربەی بـەیتەکان دانەرەکانیان نـەناسراون و هەر بە دەم بەیتبێژە دەنگ‌خۆشەکانەوە لە بەرەیەکەوە بۆ بەرەیەکی دی ژیاونەوە . وێشناچێ هەموو شاعیری بەیتەکان بێسەواد بووبن .

دە بەیتی« زەمبیل فرۆش » دا دیارە کە دانەرەکەی خوێندەوار بووە و بۆ ئەوەی خوێندەوارییە-کەی دەربخا، بـەیتەکەی بە وشەی عەڕەبی و فارسی ئاخنیوە و تـەنانـەت بە کێشی عەرووزیش دەستی پێکردووە :

**"حەق! دڵ وەرە جارێک بە جۆش،**

**جامێ جە ئەشقە مەی بنۆش،**

**کین قەزیەتی زەمبیل فرۆش،**

**فەسیح بکەم حیکایەتێ،**

**دەست دە کورسی سەناعەتێ ."**

بەیتی«لاس و خەزال» یش یەکێکە لەو بەیتانەی کە زۆر وەستایانە داڕێژراوە . میسرەعەکانی کورت و درێژن، بەڵام لە کاتی درێژبوونەوەی میسرەعەکانیشدا کێشی بەیتەکان پارێزراوە :

**"یای خەزاڵ، نە قەولت قەولە، نە شەرتت شەرتە، نە دینت دینە،**

**هەزار باری دە نەحلەتانت بێ لە پیرەداکێ، لە برای گچکەڵە،**

**لە بابی ڕدێن شینە،**

**ئەمن بۆ تۆ دەچوومە کوێستانی عەزیم و بوزورگینە،**

**دەسکێکی سوێسن و هەڵاڵەم دەچنینە،**

**دەسک بە دەسکم کردن بە ئاوریشمی دووکانێم بەستینە ."**

عەلی بەردەشانی کە شاعیری هێندێک لە بەیتەکان بووە و وێدەچێ سەوادیشی بووبێ، لە داڕشتنی بەیتەکاندا ئەوەندە شارەزا و وەستا بووە کەس نەیوێراوە خۆی لە قەرەی بدا . بەیتی « خەزێم » کە وا دیارە ئی وی بێ، ئەو لێهاتووییە دەردەخا :

**"سەد وەستام دەوێ لە بانی کۆیە**

**هەشتا لە مووسڵێ شێست لە شنۆیە**

**کراس بدروون لە گوڵی لیمۆیە،**

**دەبڵا تەنک بێ**

**ناسک و شلک بێ**

**بۆ چاوەهەڵۆیە ."**

بەیتە فۆلکلۆرییەکان و شێوەی داڕشتنیان کە بۆن و بەرامەی خۆماڵییان پێوەیە، بوونە بنەمای داڕشتنێکی نوێ کە شێعری نوێی ئەمڕۆشمان دەگەڕێتەوە سەر ئەو بنەمایە و هەر ئەو بۆن و بەرامەیەی لێدێ . سەرەڕای ئەوەش ناکرێ چاوپۆشی لە دەور و کارتێکردنی ئەدەبیاتی دەرو-

جیرانـان بکەیـن . لـە کـوردسـتانی عێـراق « شـێخ نـووری شـێخ سـاڵح » (١٨٩٦-١٩٥٨) و « گـۆران »(١٩٠٤-١٩٦٢) لە ڕێگای ئەدەبی تورکی عوسمانییەوە ئاشنای شێوەی نوێ بوون و شێعری کـوردییان تـازە کردەوە . گـۆران کە گیانی وەبەر شـێعری نـوێی کـوردی نا، زمانی ئینگلیزیشی دەزانی و شـارەزای ئـەدەبی بێگانە بوو . بۆ هێنانە بەرچاوی کارتێکردنی ئـەدەبی بێگانە دەکرێ ئیشارە بە شێعری « سۆنێت( Sonett ) » بکەم کە جۆرە شێعرێکی ڕۆژئاواییە و لە سەدەی سـێزدەهەمدا لە ئیتالیا سەری هەڵدا و هەموو ڕۆژئاوای گرتەوە . ئەم شێوە شێعرە فرەچەشنە، شێوەی ئیتالیایی یـازدە بڕگەیە و فەڕەنسی دوازدە و ئینگلیزی دە . قافیەی یـەکەم و سێهەم، دووهەم و چوارەم لە شێعری« سۆنێت » دا یەکن و لە کۆتاییشدا دوو قافیەی جووت بە دوای یەکدا دێن . شێعری« دوا سەرنج »ی گۆران نموونەی هەرە سەرکەوتووی« سۆنێت »ە. دیارە مەولەوی و مەلای جزیریش شێعریان بەو شێوەیە هەیە .

گـۆران بـۆی دەرکەوت کە کێشی عـەرووزی دەگەڵ تـەبیعەتی زمانەکەمان نـاگونجێ و کێشـە خۆماڵی و فۆلکلۆرییەکان کە لە باوک و باپیرانەوە بۆمان بە جێ ماون، باشتر دەگەڵ سروشتی زمانەکەمان ڕێک دەکەون .

بەر لەوەی بێمە سەر شێعری نوێ لە کوردستانیئێران، پێویستە یادێکیش لە« حەسەنی سەیفی قـازی( سـەیفولـقوزات ) (١٨٧٧-١٩٤٤) بکـەم کە ڕێبازێکی تـایبەتی هـەڵبژارد و هـەنگاوی بەرەو نوێ بوونەوەی شێعر هەڵگرت و شێعری کوردی لە وشەی ڕەق و عەڕەبی بژار کرد . سـەیفی قـازی کە بە مامۆستای شـاعیرانی موکریان نـاسراوە، ئەوەی بۆ روون ببۆوە کە دەبێ وشـەی پـەتی و ڕەسـەن لە دێ و لە نـەخوێندەوار فێر ببین و کێشی شـێعر لە فۆلکلۆری کۆن وەرگرین .

هـەر کە باسی شێعری نوێ لە کـوردستانی ئێران دێتە گـۆڕێ، نـاوی « سـوارە ئێلـخانیـزادە » (١٩٣٧-١٩٧٥) دەبێتە ئەستێرەیەکیگەشی ئاسمانی هەراوی ئەو باسە . هەرچەند کاکە سوارە سێهەم کەس بوو کە لە کوردستانیئێران دەستی بە دانانی شێعرینوێ کرد، بەڵام لەو مەیدانەدا بوو بە شـاسوارێکی لێهاتوو و شێعری نوێی گەیاندە لووتکە . « خەوەبەردینە »کەشی بەڵگەی

ئەو سەرکەوتنەیە :

**"لە ناو ئەو هەموو ئاوە هەر چاوەیەک باوی هەنگاوی خۆشە**

**بە تەنیا ئەوە شارەزای کۆسپ و کەندالّی ڕێیە**

**هەوەڵ مەنزڵی ڕێیە، ئاواتی بەرزی زرێیە**

**ئەزانێ لە هەڵدێرە هاتی بەهێزی**

**لە ئەسکوند و چاڵایە هەڵدان و گێژی ."**

سـوارە و فاتیح شێخەلئیسلامی ( چاوە) و عـەلی حەسەنیانی (هاوار) کە سێ سواری لێهاتووی مەیـدانی شـێعری نوێـن، لە زانستگای تـاران یـەک دەگـرنەوە . دیارە دە پێشدا هەر سێکیان بە فارسی شێعریان دەست پێکردووە .

عەلی حەسەنیانی ( هاوار)[١٩٣٩]* کە لە ساڵی ١٩٥٩دا - دوو سـاڵ بەر لە سوارە - دەچێتە زانسـتگای تاران، وردە وردە بە هاندانی هـاوکلاسـەکەی«سـەلاح موهتـەدی» کە کوردیزان و شێعرنـاسـێکی بـاش بـوو، بە لای شێعری کـوردیدا کل دەبێ . هـاوڕێیـەتی سـەلاح پێی عـەلی حەسـەنیانی (هـاوار) بۆ خزمەت خودالێخۆشـبوو حاجی« ڕەحمان ئـاغـای موهتـەدی »، بـابی سـەلاح دەکاتەوە . حاجی ڕەحمان ئـاغـا کە شـارەزاییـەکی بـاشی لە ئـەدەبیاتی کـوردیـدا دەبێ، چـاوی عـەلی بە شـێعـری شـاعیرانی کلاسیکی کـورد روون دەکـاتەوە . لەو سـەروبـەندەشـدا دەگەڵ فـاتیح شێخەلئیسلامی( چاوە) ئـاشنا دەبێ . فـاتیح وا دەکا عـەلی دەگەڵ شـێعری مامۆستا گۆران ئـاشـنا بێ . شێعری گۆران لە لایەک و خودالێخۆشبوو حاجی ڕەحمان ئاغا لە لایەکی دیکەوە، دەبنە هاندەری هـەر سـێک شـاعیری نـاوبراو کە زیـاتر بە کـوردی شێعر دانێن .

سـەلاح موهتـەدیش لە لاوە دنـەیان دەدا کە چوارچێوەی شێعری کلاسیک تێک بشکێنن و ڕوو دە شێعری ئازاد بکەن .

سـەرەنجام عـەلی حـەسەنیانی (هاوار)، ساڵێ ١٩٥٩ بە شـێعری « جـەللاد » بـوێرانە ڕچـەی

---

* ئەو وتارە لە کاتی ژیانی کاک عەلیدا نووسراوە، بەداخەوە کاک عەلی لە ساڵی (١٩٩٢) دا کۆچی دوایی کرد .

شێعری نوێ لە کوردستانی ئێران دەشکێنێ :

**وەرە جەللاد!**

**وەرە گیانم هەموو لەت لەت بکە تاکوو بزانی چۆنە ئیمانم**

**ئەتۆ جەللاد!**

**ئەگەر دەربێنی ئێسکانم،**

**ئەگەر بێنی لەبەر چاوم بکووژی گشت عەزیزانم،**

**بە وەڵڵاهی،**

**بە خاکی پاکی کوردستان،**

**ئەمن کوردم،**

**قەتیش ناڵێم پەشیمانم .**

هاوار بە دوای شێعری « جەللاد » دا، شێعرێکی دی بە ناوی « بۆمباران » دەخولقێنێ .

دەڵێن مامۆستا هێمنی نەمر کە چاوی بە شێعری « بۆمباران » دەکەوێ دەڵێ : « میللەتێک کە لە ئەدەبیاتەکەیدا ئەو شێعرەی هەبێ هەرگیز نامرێ » :

**جار جار قڕەی قەل،**

**لە بنەی دار و باخ،**

**یان دەنگی کوندێک،**

**لە لای شاخ و داخ،**

**یان لوورەی گورگێک،**

**لە لای تەل و گرد،**

**بێدەنگیی دێیان لە نێو لادەبرد...**

**جار جار دوو لک دار،**

**هەروەک دوو دڵدار،**

**سەریان وێک دێنا، سرتەیان دەکرد...**

دوای« بۆمباران» فاتیح (چاوە) یەکەم شێعری‌نوێی خۆی دادەنێ کە لەوانەیە شێعری«زستان» بووبێ :

**چەند ڕۆژێک بوو**

**باوکی نازدار**

**چووبوو جلی بۆ بستێنێ :**

**"کراسی چاو**

**سەڵتەی بەروپشت بەلاشە**

**نازداری خۆم پێی داپۆشێ ڕووتیی لاشە"**

پاشان چاوە بە کۆمەڵێک شێعری سەرکەوتووی وەک « شەوە »، « بووکی کۆست کەوتوو»، « گژەبا » و ... سوارچاکیی خۆی لەو بوارەدا دەسەلمێنێ .

بە دوای چاوەدا سوارە شێعری « شار »، لە سەر کێشی شێعری « کەژاڵێ »ی « هاوار » دەخولقێنێ . دیارە « کەژاڵێ »ی« هاوار» - کە لە ساڵی١٩٦١دا دانراوە - و« هەستێرەکەم »ی « چاوە » - کە دوای « کەژاڵێ » دانراوە - و« شار »ی« سوارە » - کە دوای« کەژاڵێ » و « هەستێرەکەم » دانراوە - هەرسێک لە سەر کێشێکن . وێدەچێ « شار»یش یەکەم شێعری نوێی سوارە بووبێ :

**گوڵم**

**دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ**

**دەڵێم بڕۆم لە شارەکەت**

**دەڵێم بە جامێ ئاوی کانیاوی دێیەکەم**

**عیلاجی کەم کوڵی دڵی پڕم**

**لە دەردی ئینتیزارەکەت**

هەتا بەرەبەری ساڵی ١٩٦٤ ماڵە حاجی ڕەحمان ئاغا موهتەدی مەکۆی ئەدەبدۆستان بووە و کۆڕی ئەدەبی لێ گیراوە، بەڵام لە نەورۆزی (١٩٦٤) دا هەرسێک شاعیر (هاوار، چاوە و سوارە) دەگەڵ تاقمێکی دی بە تاوانی کوردایەتی، لە زیندانی « قزڵقەڵا »ی تاران - ئەودەم بەندیخانەی « ئێوین » دروست نەکرابوو و « قزڵقەڵا » جێگەی زیندانییە سیاسییەکان بووە -

دەگیرێن و پاشان کە بەر دەبن، کۆڕە ئەدەبییەکە خاو دەبێتەوە و نامێنێ . سوارە شێعری « سوورە قەڵا » لە بەندیخانەی قزڵقەڵا دادەنێ :

**لە چاو تۆ «باستیل» بەهەشتە «ئاڵکاتراز» یش جێگای گەشتە**

**« شیلان » بە ڕەنگی وەک شیلان بۆتە جێی دیلان، بۆ دیلان**

**سوورەقەڵا**

**دایکی بەڵا**

بەداخەوە مەرگ مەودای سوارەی نەدا لەو بوارەدا زیاتر باژوێ و زوو ماڵئاوایی لێکردین . بەو هیوایەی « هاوار » و« چاوە » هەروا سەرکەوتووانە باژوێن و ئۆخژن لە دڵی تامەزرۆ-یان نەبڕن .

ئەو سێ شاعیرە(هاوار و چاوە و سوارە) لە کوردستانی ئێران سێپەکی شێعری نوێن و لەوەتی ڕچەی شێعری نوێش کوتراوە، گەلێک شاعیری لێهاتووی دیکە سەریان هەڵداوە و بەرەو سەرکەوتن داژوێن .

هێدی – ١٩٩١

**سەرچاوەکان :**

١- تحفەمظفریە، گرداری ئۆسکار مان، پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی : مامۆستا هێمن .

٢ - پاشەڕۆک، هێمن .

٣ - ئەنجومەنی ئەدەبی، ئەمین فەیزی بەگ .

٤ - کۆمەڵێک نامەی عەلی حەسەنیانی (هاوار) .

٥ - وزن شعر فارسی، دکتر پرویز ناتل خانلری .

٦ - مجموعە مقالەها، صمد بهرنگی .

## کوردبوون، بەشێک لە بیرەوەرییەکانی کاپیتان حەمەدی مەولوودی

کۆکردنەوە، ساخکردنەوە و بەڵگەمەندکردنی : وریا ماملێ

چاپی" ٤٩ کتێب "، ٢٠٢٢




کتێبی" کوردبوون، بەشێک لە بیرەوەرییەکانی کاپیتان حەمەدی مەولوودی " شاکارێکی جیهانییە، کتێبێکی بێ وێنەیە لە مێژووی کورددا، کتێبێکە ئەوەندەی کوردییە، ئەوەندەش جیهانییە .

من کە دەسخەتەکەم خوێندەوە، لەشم کەوتە لەرز، تام لێهات، لەسەر داوای کاک وریا مامڵێ ( کوڕی کچی کاپیتان حەمەدی مەولوودی) دەستبەجێ پێشەکییەکیشم بۆ نووسی و ... ئێستا لە خۆم دەپرسم : دە توخوا من چۆن جورئەتم کرد وا خێرا پێشەکی بۆ شتی وەها گەورە و مێژوویی دنیا بنووسم ؟ ئەو پرسیارە وام لێ دەکات کە ئێستا هەر نەوێرم جارێکی تر سەیری بکەمەوە بزانم چیم نووسیوە ... بەڕاستی ناوێرم .

ئەو کتێبە، ئەوەندەی باسی چەوسانەوەی کوردە، ئەوەندەش باسی چەوسانەوەی چینایەتیی مرۆڤە لەسەر زەوی . ئەوەندەی پاکی و بەرێزیی مرۆڤی بە پرەنسیپی بەرز باس دەکات، ئەوەندەش مرۆڤ بە وەحشیترین سیفەتەکانی باس دەکات ... چ وێنەیەکی واقیعی بە چیرۆکی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە : کاتێک ساوایە، دێڵە سەگێک وەخۆی دەگرێت، نەک دایک و باوک ... چ بەرزیی شەرافەتی سەگ لە چاو دایک و باوکی مرۆڤی دووپێ .

بەدەگمەن مرۆڤێک هەیە، چەندە بەڕێز بێت، نەیەوێت حەمەدی مەولوودی بۆخۆی بەکار-بهێنێت . بەدەگمەن مرۆڤێک هەیە دروشمەکانی و کردارەکانی یەکبگرنەوە . مرۆڤ هەیە کە

وا نەبێت بەڵێ، بەڵام ئێجگار زۆر کەم و باسدەکرێن، بەڵام نەک لە سیاسەتدا ... لە سیاسەتدا نیە، ئەوە تەبیعەتی سیاسەتە . مستەفا خۆشناو هەیە کە لە دنیای "حەمەدی مەولوودی"دایە، بەڵام بەهەمان شێوە وەکو ئەو لە دەرەوەی رەوشتی سیاسەتە و لێ تووڕەیە .

ئەو کتێبە شاکارێکە بۆ دەیان فیلمی بلیمەتانی وەک فێللینی . رووحی زۆرانی وەک ئالیکساندر دوما و تەنانەت شکسپیریش دەبێت ئێستا بە ناوچەوانی خۆیاندا بکێشن کە شانسی ئەوەیان نەبوو ئەو بیرەوەرییانە بخوێننەوە .

چەندی ویست تا کورد هێندێک خانی تێبگەن، لە تەواوی مێژووی کورددا یەک شەرەفنامە و یەک خولاسەی ئەمین زەکی نووسرا، کە ئەوانیش نازانم هێشتا چەندە ناسراون . گرنگیی ئەم بیرەوەرییانەی " کاپیتان حەمەدی مەولوودی"یش لە ئاستی ئەوانەدا و، بۆ دنیای نوێن لە جەغزێکی گەورەتردا، لە ئاستی نێو- نەتەوایەتیدا رووداوێکی گەورەی مێژووییە، کە وەربگێڕدرێتە سەر زمانە زیندووەکانی دنیا و، دنیای شانۆ و فیلم وەک دەریا هەر لێیهەڵێنجن و، ئافەرین بۆ کورد بنێرن و ئافەرین بۆ کاک وریا ماملێ کە نەیهێشت ئەو گەنجینەیەی نەتەوەی کورد لەناوبچێت .

پێشەکییەکە :

**بیرەوەرییەکانی کاپیتان حەمەدی مەولوودە چرچی کارێکی مێژوویی بی وێنەیە**

بیرەوەرییەکانی کاپیتان حەمەدی مەولوودە چرچی کتێبێکە لە سنفی خۆیدا بێ وێنەیە و، سامانێکی ئێجگار زۆر هێژایە .

ئەم کتێبە تابلۆیەکە، دەکرێت رۆژێک ببێتە سەرچاوەی زۆر بەرهەمی ئەدەبی و هونەریی کورد و میللەتانی تریش . ئێمە تابلۆی دواکەوتوویی و چەوسانەوە لە هەموو روویەکی ژیانی مرۆڤیکورددا دە ئەم کتێبەدا دەبینین : باوک لە هەر دوژمنێک بێبەزەییتر، زڕدایک دەیەوێت منداڵی فڕێبداتە تەندوورەوە، هەر منداڵێکی چینی هەژار دەبێت رۆژانە تێهەڵدان و جنێو بچێژێت و، تەنیا بە رادەی جەربەزەیی و بێحەیایی و زبریی خۆی دەتوانێت جێگەی خۆی لە ژیاندا بکاتەوە، وێرانە و زبڵدان و توونی حەمامەکان پتر وەخۆی دەگرن تاوەکو ماڵ و حاڵ و

کەسوکارێکی خۆی .

چینایەتیی دزێو و، تەعەسوب و بێعەقڵیی لە ئاست تابیعانی ئاینی تردا، خورافات و قوڵبڕی و نیفاق ... هەمووی لە وێنەی نووسینەکانی کیپلینگ لە بارەی هیندستان لێرەدا دەبینین، کاپتن حەمەد خۆی بە منداڵی لە مەیدانی گشتیدا رەگەڵ جەماوەر کەوتووە و لە مەیدانی مەنگوڕان، شەق شەقانێی بە کەللەسەری مرۆڤێک کردووە (هەمان شتی کە لە رۆمان و فیلمی " زەلامی ویستی ببێت بە پادشا "دا دەیبینین) . کوشتاری گشتی لەدووی کوشتاری گشتی، هەتکی کچ و ژن لە دووی هەتک ... بێبڕانەوە .

باوکی کاک حەمەدیش لە خەزای فەلەی ئاسووریدا بارگینێک و بارێک و" کچێک"ی هێناوەتەوە تا بیکات بە مسوڵمان بۆ حەمەدی کوڕی، وێڕای ئەو هەمووە تاڵانەی خشڵ و بەرگی ژنانی مەسیحی تا سەری بەرز بێت و دەر و دراوسێ پێیبڵێن " خەزا پیرۆز، خەزا پیرۆز" و بەڵکو ئەوانیش شتێکیان لەو دزی و جەردەییەی ئەو وەحشیگەرییە پێببڕێت .

ئەو کچە ئاسوورییە هەژارەی کە دەیکەن بە مسوڵمان و ناوی دەکەن بە حەبیب، ئەگەر وەکو کاک حەمەد بیرەوەریی ژیانی خۆی بنووسیبایە، ئەویش چ رۆمانێکی لێ دەردەچوو . بەڵام لە ئەو هەمووە کارەساتەشدا دەبینین دڵی چاکی دوو چەوساوان کاک حەمەد و حەبیب چۆن رێز لە یەکتر دەگرن و وەک برا و خوشکی نموونەیی دەبن بە دڵدانەوەیەک لەو چەوسانەوانە بۆ یەکتر .

خەمی گەورەی سابڵاغ لەوەدا بووە چۆن لە تاڵان و بڕۆی عەشیرەتی کوردی بپارێزن . پادشای فارس کەسێکی ناردووە کە خەڵک کڕنووشیان بۆ بردووە و، کە فارسەکە تەماحی کردبێتە ژنێکی کورد و، ژن و مێردەکەی رووبەڕووی بوونەوە، ئاغای کورد دە هانای فارسەکەوە چوون و ماڵی ژن و مێردیان بەسەر تەپڵی سەریاندا وێران کردوون و لەناویان بردوون .

کاتێک کوردێکی شار ویستبێتی " ئەمیر تومان"ی حاکمی ئێران دەربکات، ئاغای کورد ئەو کوردەیان گرتووە و قاچیان لەبەر زگی وڵاخەکەی بەستووە و، بە کووچە و کۆڵانیسابڵاغیاندا گێڕاوە تا خەڵکی پێ بترسێنن .

کەسانێکی هەژاری چینی چەوساوە، هەمیشە ئامادەی قوربانی بۆ ئیدیئالی نەتەوە و نیشتمان لە مەیداندا بن، ئازا و قارەمان بن و، چارەنووسیان بەدەست چینی تری سەرووی خۆیانەوە بێت و، نەزانن بە چ قەڵبەیەکیاندا دەدەن، بەڵێ ئەوە لە ئەدەبیاتی فەرەنسیدا لەبارەی رووداوانی

١٧٩٣و ١٨٧٠ کەم نین، بەڵام هەمووی لەلایەن نووسەرانی ئەو چینانەی تری سەرووەوە نووسراون . ئەوە کە یەکێک لە ئەو چەوساوانە خۆیان، لە ئەو شەقام و کۆڵانانەوە، چەقۆکەی دەستی یا دەمانچە یا تفەنگەکەی بخاتە لاوە و قەڵەمێک بگرێتە دەست و ئەو خۆی چیرۆکەکە بە کتێب بگێڕێتەوە ؟ نا، من نموونەیم نەدیتووە . رەنگە ماکسیم گۆرکی لێرەدا بە بیردا بێت، بەڵام نا، ئەویش نە ئەوەی بەسەر هاتووە کە بەسەر کاپیتانی ئێمە هاتووە و، نە نووسینەکەی بە ئەو کراوەیی و راستگۆیی و جورئەت و راستەوخۆییەی بە زمانی ئەو چینەچەوساوە خۆی نووسیوە . ئەوجا چەوسانەوەکە بە گوێرەی تەمەن دەگۆڕێت و تا چەوساوە بە تەمەن گەورەتر دەبێت، چەوسێنەرانی گەورەتری جەغزی گەورەتر بۆ بەرژەوەندی خۆیانی بەکاردەهێنن : فڵانە بکوژە، فڵانە شت بشێوێنە، بە خەڵک بڵێ لە هەڵبژاردندا بۆ مەجلیس دەنگم پێ بدەن (ئەوە چەند رۆژێک دوای ئەوە کە گرتوویەتی و ئەو هەمووە جنێو و تێهەڵدانەی پێ چێشتووە، تا رووس فریای کەوتوون و رزگاریان کردووە) .

کاک حەمەد دەبێتە ئەندامی ژێکاف، بەڵام دەبینێت ژێکاف " سەتی نەوەدوپێنجی ئاغاوەت و توجار و سەید بوون، ئەوانەش بێزیان لە خەڵکی کاسب و زەحمەتکێش دەبۆوە " .

ژێکاف ئاغاوەتی عەشیرەتانی بە ئەندام وەرگرتوون بەڵام چەند نەفەر لە هەڤاڵەکانی کاک حەمەدی(دەڵێت : " کە لە خۆم دڵسۆزتر بوون ") بە ئەندام قەبووڵ نەکردوون . ئیدی کاک حەمەد و هەڤاڵانیشی گوێ بە مەرکەز نادەن و، لە خۆیانەوە باڵێکی چینی هەژار رێکدەخەن و، دوای مانگێک داوایان لێدەکەن تێکەڵ ببنەوە و، دەبن . ئەو باڵە جیاوازانەی ژێکاف لە هیچ سەرچاوەیەکی تردا بەوجۆرە باس نەکراوە . کاتێک دەچێتە خزمەت قازی محەمەد لە مەحکەمە، قازی محەمەد پێیدەڵێت کە شەو لە پاراستنی شاردا بەشدار بێت نەوەکا مەنگوڕ بێن و شار تاڵان بکەن . کاک حەمەد یەک دنیا قێزی لەو دەوڵەمەندانە دەبێتەوە کە وا لە ترسی تاڵانی مەنگوڕان هەڵدەلەرزن، بەڵام ئیدی فەرمانی قازی محەمەدە و ناکرێت بەجێینەهێنێت .

چەند جوان باسی ئەو دەوڵەمەندانە دەکات کە ئەوەندە بە بێڕیزی باسی کەسانی وەک کاک حەمەدیان کردووە، پێیان گوتوون : عەمباڵی کوڕی عەمبال، بڕۆ لاچۆ هەی رەجاڵەی سەگباب، "وەک ئەوان لە زێڕ دروستکرابن و ئێمە لە قوڕ"، ئێستا کە کاریان پێیانهەیە تا لە تاڵانی مەنگوڕانیان بپارێزن، " دەهاتنە لام و پێیاندەگوتم کە ئەوشۆ بانکراوی بۆ ماڵی کێ و کێ، منیش گونم نیشان دەدان و نەدەچووم"! ... یاخوا هەر شاد بیت کاک حەمەد گیان، کە من ئەوە دەخوێنمەوە وەک شەراب پێی مەست دەبم، ئەسڵەن ئەوە بۆ من قسە نیە، ئەوە

" मووسیقایە، بەستەیە، گۆرانییە"، ئەرێوەڵڵا هەموویان بە قوربانی گونت بن! چ رێیان دەکەوێت بە گونت بن .
چەوساوە بە عاتیفەیەکی کە هەیەتی و چاوی لە دەستی قسەبەدەستانی قەومەکەیەتی فەتوای بۆ بدەن، لە هیچ درێغی ناکات و ژیانی خۆی لەسەر دەستی خۆی پێشکەش دەکات .
باسی شەڕەکانی نێوان پێشمەرگە و دوژمن لە بەڵەجەڕ، لە مەکلاوی، کەسایەتیی مستەفا خۆشناو، وەهابی بلووری ( گوایە وەزیری کۆمار)، ئەو هەمووە قارەمانییانە لە شەڕدا و، ئەو هەمووە هەستە پیرۆزەی دێهاتییان کە چۆن هاتوون و ئاڵای کوردستانیان ماچ کردووە ...
هێندە- هێندە لاپەڕەی گرنگی مێژووی کورد دە ئەو بیرەوەرییانەدا دەخوێنینەوە .

بۆ باسی غەفوری مەحموودیان، ئەم کتێبە بۆ من تاقە سەرچاوەیەکی گرنگە، کە چۆن سەرەتا مەحموودیان، بە دروشمی چەپی، کاک حەمەد و هەڤاڵە رەشوڕووتەکانی خستوونەتە ژێر باڵی خۆیەوە و، بەرنامەکەی هەمان بەرنامەی" ژێکاف" بووە بەڵام چەند شتێکی تری وێخراوە، وەک : ئێمە خیانەت بە مەعمورەکانی سیاسیی شوورەوی ناکەین . مەحموودیان زۆر چالاک بووە، پێیەکی لە سابلاغ و پێیەکی لە تاران بووە، رەقیبی قازی محەمەد بووە و، و ویستوویە کۆبوونەوەی گشتی لە پێشەوا تێکبدات . بەڵام کاک حەمەد دوایی قەناعەتی هێناوە کە مەحموودیان پیاوی ئینگلیس بووە و خۆی و هەڤاڵانی دیارە لێی دوورکەوتوونەتەوە و، تەنانەت کاک حەمەد بە فەرمانی پێشەوا مەحموودیانی خستووەتە زیندانەوە و، ئەوجا لە وڵاتیان دەرکردووە و چووەتە ورمێ . بەڵام مەحموودیان لە رۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستاندا هاتووەتەوە مهاباد و، چەند ناوێک لەو بۆنەیەدا خوێندراونەتەوە کە بە دوژمن ناسێندراون، مەحموودیان یەکێکیان بووە و ئەوەبووە کوژراوە .

زۆر حەیف کە هێندێک بەشی ئەو بیرەوەرییانە لەناوچوون . ئەوەی بەسەر ئەم بیرەوەرییانە هاتووە، چۆن چەند کەس ویستوویانە رێگە لە دەرچوونی بگرن و لەناوی بەرن، فەسڵێکی نوێ دەخاتە سەر فەسڵەکانی ئەم رۆمانە واقیعییەی ژیانی چەوساوەیەکی قارەمانی کورد، کە هەمان دەردەکانی کارەساتی چینایەتیی ئەم قەومە چۆن دوای ئەوەندە ساڵەش هەر درێژەی هەبووە .
کاک وریا ماملێ، بە ساغکردنەوە و ئامادەکردنی ئەم بیرەوەرییانە بۆ چاپ کارێکی ئێجگار

زۆر پیرۆزی مێژوویی کردووە . ئـەگەر من دەسەڵاتی دەستگاکانی نەتەوایەتیی کوردم هەبوایە، نـەک هەر خەڵاتی کتێبێکی ساڵێک، بەڵام خەڵاتی گەورەترین بەرهەمی سەد ساڵی رابردووی کتێبم پێشکەش دەکرد .

٣١ی ٥ی ٢٠٢١

## لە قەرەشڵاخەوە بۆ سوئێد، محەممەد خزری، بەرگی دووهەم
## ٢٠٢٠، چاپی چاپخانەی شڤان لە سلێمانی




١

بەرگی دووەمی" لە قەرەشڵاخەوە بۆ سوئێد"ی نووسینی مامۆستا محەممەد خزری"یم خوێندە-
وە : باسەکانی بە ١٨٧سەردێر بەسەریەکەوە و، ٤٢ وێنە و چەند وێنەی دەستخەتانێک و شتی
چاپەمەنی، هەمووی دە ٣٨٠ لاپەڕەدا، بە چاپێکی زۆر جوان و نیزیکەی بێهەڵەی چاپ و،
بە کاغەز و دەرهێنانێکی زۆر ڕێکوپێک، ئەگەر لە نێو هەر کتێبانێک دابنرێت سەروسیمای
دیار دەبێت و سەرنج ڕادەکێشێت، کە مرۆڤ ببینێت حەزدەکات دەستیبداتێت و بیخوێنێتەوە .
من وام و ڕەنگە خەڵکی دیکەش هەبن وا بن، هەموو کتێبان وەکو یەک ناخوێنمەوە، دەکرێت
کتێبێکی هەزار لاپەڕەیی بە سەعاتێک وا بخوێنمەوە کە وایدابنێم هەموویم خوێندووەتەوە و
ئیدی دەستی لێهەڵگرم؛ کتێبێکی دیکەش هەمووی سەد لاپەڕە بێت و بە حەفتەیەک بیخوێنمە-
وەو، دوای ئەوەش پێموابێت کە دەبێت دیسان پێدا بچمەوە و پتر لەسەر هەر وشەیەکی بوەستم
و پتری لێ فێرببم . بەرگی دووەمی" لە قەرەشڵاخەوە بۆ سوئێد "، وەکو بەرگی یەکەمی و- بۆ
من - لە بەرگی یەکەمیشی پتر دەبێتە کەرەستەیەکی خوێندن، کە بۆ زۆر ساڵان بگەڕێمەوە
سەری و زۆری لێ فێر ببم .

بۆ بــەختی چاکی من و خوێندەواری و کتێبخانەی کورد، ئەم کتێبە زۆر دەوڵەمەند و بەڕێزە لە سەردەمێکدا دێت کە دوو شت قوڕیان بەسەر بووە : نووسینی ژیننامە و، وەرگرتنی ماستەر و دکتۆرا لە زانیارییەکانی ئالفادا( مێژوو و زمان و ئەدەبیات بەگشتی) کە لە زانکۆیەکی باشوور یـا لە بـازاڕێکی مۆسـکۆ وەدەستدەهێنرێن و، ئیدی خـاوەنەکەی، کەشـیدەی" دکتۆر فلان" دە سەرییەوە دەپێچێت و بەوە ناوی دەچێتە ریزی لەشکری هاوکەشیدەکانییەوە .

هـەرچی من لە باسی بـەرگی یـەکەمی ئـەم کتێبەدا نـووسیم، چۆن کە دەیخوێنمەوە، هـەست بە راسـتگۆیی و بێ گەردی و شـەفافیەتی نووسەری دەکەم، لە بەرگی دووەمیشدا تەنانەت باشتر- یشی دەبینم، چ بەوە کە تێـدا راسـتەوخۆ گـوتراوە و چ بەوە کە بە نـووسین نـەنووسراوە بـەڵام دەتوانم لە نێوان دێرەکانیدا بیخوێنمەوە .

یـەکەم شتی کە لەم بەرگی دووەمەیدا سەرنجم رادەکێشێت،" ئانتی قلۆ- پلۆیی"!ی نووسەرییە- تی، ئەوە یانی چی ؟

سـەردەمێک من زۆر تێکەڵی خـەباتکارانێکی کـوردی بـاکوور بـووم، وشـەیەکی کە زۆریان بەکار دەهێنا : " قـلۆ- پـلۆ" بوو، بە واتایەکی بەرینی" نائاسایی، شتێکی کە نەدەبوو وا بوایە"، ئـەوجا ئەوە هـەر لە قۆڵبڕین و فێڵ و تـەڵەکەوە بگرە تا بە ساختەچێتییە پێویستەکانی سیاسەت دەگەیشت، هەمووی قلۆ- پلۆ بوو .

هێندێک کەس‌هەر قلۆ- پلۆچیی زگماکن،کە هاتوونەتە ئەم دنیایە بۆ قلۆ- پلۆ هاتوون، هێندێکی دی خۆیان نـاچار دەبینن، کاری سیاسەت و حیزبایەتی و ئەو شتانەیان وا دێتە رێ کە لایان وا بێت دەبێت هێندێک قلۆ- پلۆییش بکەن، لێرەدا دێڕە شـیعرەکەی " أبو العلاء المعري"یم وەبیر دێتەوە : مشيناها خطى كتبت علينا ... . یەکەم شتی کە من لەم کتێبەدا هـەستی پێدەکەم ئـەوەیە کە نووسەرەکەی بە " ئانتی- قلۆ پلۆیی" لەدایکبووە، واتە نـە زانیویەتی و نـە ویسـتوویە فێری " قـلۆ- پـلۆ" ببێت . کەسـانێک بۆ گەیشتنە سـەروو لە حیزبدا پێویستیان بە یـەک دنیا قلۆ- پـلۆ هەیە . تەنانەت رابەریش هەرچەندە فریشتەش بێت، هەر دەبێت ئەو قلۆ- پلۆیانەی حیزبایەتیی حیزبییەکان کـانالیزە بکات ( بیانگونجێنێت)، ئـەینا قەتاری حیزبەکەی نـاڕوات : دکتۆر عەلی مـەولەوی، مرۆڤێکی زۆر رۆشـنبیر و بە کاریزما و بـەڕێز، هیچی بۆ سەرکۆماریی بەڕێزی

نەتەوەی کورد لێ کەم نیە، بـەڵام دکتۆر قاسملو دەڵێت : "غـەنی بلوریان" و " جـەلیل گادانی" دەڵێن ئـەگەر دکتۆر مەولەوی بێتە کۆنگرە ( تـەنانـەت هەر وا بە میوانیش)، ئەوا ئێمە نـایەین . ئێ ئـەگـەر ئـەمە وا بێت، غـەنی و جـەلیل، ئا لەو کاتەدا نـەیەنە کۆنگرەی حیزب، وەک ئـەوە دەبێت حیزب - بڵێین - قۆڵێک و لاقێکی بپەڕێت، ئێ قاسملو چی بکات ؟ دەبێت هـەڵبژێرێت . ئەگەر" قلۆ- پلۆیی" دە کاردا نەبوایە، ئەوا زۆر غەنی و جەلیل و مەولەوی پێکەوە کۆ دەبوو- نەوە و، هیچ وزەیەک بە ئاودا نەدەدرا، بەڵام ئیدی ئەوەتا دەڵێت ئەوانەم بۆ کۆ نابنەوە .

مامۆستا محەممەد خزری لەوە گەیشـتووە وپێی تـووڕە نـەبووە، تێگەیشتووە کە ئەوە تەبیعەتی ژیانە، کاتێک هەلی بۆ هەڵکەوتووە حـەقیقەتی بۆ دکتۆر قاسملو و مامۆستا حەسەنزادە روون کردووەتەوە، جۆلاتەنەی قلۆ- پلۆکانی کەسانی تـەواو حیزبی( زۆر قلۆ- پلۆچی)ی دژی خۆی هەڵوەشاندووەتەوە و،زۆر بەداخەوە ئەو هەلەی بۆ هەڵنەکەوتووە کە لای دکتۆر شەرەفکەندی- یش هەمان کار بکات ( دکتۆر شەرەفکەندی شتێکی بە نووسەر گوتووە و ئەوجا بە نامەیەک - کە وێنەکەی لە کتێبەکەدایە - بە کەسێکی گـوتووە کە ئەو قسەیەی بە نووسـەری گـوتووە هـەر بەهانە بووە، بەم زاراوەیەی منی ئێرە : " قلۆ- پلۆ"ی پێویستی کاری حیزبی بووە) .

نـووسەر، کاتێک قلۆ- پلۆی هەڤالانی زۆر بە قازانجی ئەویش بوون، هەر قەبووڵی نەکردووە و، بە قەدەری خۆی دانەناوە کە هەموو شتێکی حیزب قەبووڵبکات، نا، وازی هێناوە و کاری نـەکردووە، چونکە ئیدی بە دەستی خۆی نیە، ئەو بە " ئـانتی قـلۆ- پـلۆ" هـاتووەتە ئەم دنیایە و ناتوانێت ببێت بە شتێکی دی .

## ٢

دووەم شتی کە من لەم کتێبـەیدا دەبینـم، لایـەنی مـرۆڤپەروەری (هـومانیستی) و دووربیەتی لە تـەعەسوب : نـاوی کـوردی شڕەخۆر و تـورکی شڕەخۆر دەبات، وەکـو یـەک، ئیدی شڕەخۆر هەر شڕەخۆرە . کاتێک شەڕی نێوان قەومی کـورد و قەومی تـورک هەڵگیرساوە، تورکی بە تـەعەسـوب کـوردیان هـەر لەبەرئەوە گـرتوون کە کـورد بوون؛ کوردیش بۆ ئازادکردنی دیلە بێگوناهەکانیان لەدەست ئەو تـورکە بـەتـەعـەسـوبانە، تـورکیان هـەر لەبەر ئەوە گـرتوون کە تورک بوون، تاکو بتوانن بە کوردەکانیخۆیانیان بگۆڕنەوە . نووسەر، کە کوردێکی نەتەوەیی

تـەواوی پـەتییە، هـەوڵی داوە، تـورکی بێگوناهـ لە دەست کورد و، کوردی بێگوناهـ لەدەست تورک، وەکو یەک، رزگار بکات . کوردایەتی و مرۆڤایەتی، لە رۆژگاری هەڵچوونی مرۆڤە- کانیشدا، لای نـووسەر لێک دوورنـەکەوتوونەتەوە، پـرەنسیپی ئـەوە کە حـەقیقەتی ئـەو دووانە یـەک رووحـە لە دوو لەشـی وشـەی جیـاوازدا، زۆر بە روونـی لە رووحییەتی نـووسینەکـەدا هەستپێدەکرێت . دەڵێت : خەتای ئێمەش لە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکەی نەغەدەدا چی بوو ؟ هەوڵ دەدات وەڵام بداتەوە . پڕۆپاگەندەی نـاڕاستی بۆ کـوردیش وە بەر دڵ نـاکەوێت، کاتێک رۆژنـامەنووسی فارس فیلمی سـووتانی گالێشە گـەنمێک یا گیایەک دەگـرێت و لەگەڵیدا دەڵێت ببینن چۆن کوردەکان تانکی دەوڵەت دەسووتێنن، نووسەر بۆ سووتانی ئەو گالێشەیەش دەڵێت : " نازانم بە تۆپی تانکەکەی دیموکرات یا تانکی ئیسلام" بوو کە سووتا!

سـوپاس لاوە فەلەستینییەکان، سـوپاس بـولگارەکان، سـوپاس بۆ هـەر کارێکی باشی کە لەگەڵ هـەر کوردێکی دەکەن، کـورد وەفادارە و چاکە لە بیرنـاکات ... ئەوەش بەشێکە لە پەیامی ئەم کتێبە . ئەگەر من ئادرەسی ئەو فەلەستینییانەم هەبوایە ئەو بەشەی سوپاسی ئەوانم بە وەرگێڕا- نی عارەبییەوە بۆ دەناردن . ئـەو هەستی هـومانیستییەی کە سەرووی قۆناغی نائینسانیی خۆی دەبینێت : ئێمە کـورد و فـەلەستینی و تورک و هەمووماـن کەوتووینە حاڵێکەوە کە نەدەبوو تێدا بووینایە، بزانە چۆن دەکرێت فریای یەکتربکەوین و یەکترمان خۆش بوێت، بەڵام چی بکەین، خەتاکە لە ئێمە نیە، دە تکایە ئێوەش ئەوە ببینن .

حەیف کە کتێبەکە " فهرستی ناو"ی بۆ نـەکراوە . لام وایە ئەگەر سێ فهرستی ناوی بە جیا بۆ بکرایە : ناوی مـرۆڤەکان، ناوی شوێنەکان و، ناوی ئەوانی دی(حیزب، هێندێک رووداو ...)، زۆر بـاش دەبوو . بە دەگمەن لاپەڕەیەکی هەیە کە نـاوی چەند کەس و چەند شوێنی تێدا نەبن . باسی مرۆڤەکان، زۆرتری، دوو بـوعدین ( ئێستا لە باشوور دەڵێن دوو رەهەندی)، نەک سێ . چـەندی کەسێک دیتـووە . لە چ چـوارچێوەیەکدا، بـەشی ئـەوەندە دیتنە و لە چـوارچێوەی ئـەو قەرینەیەدا، سا یا هەر ئەوەندەی لەو کەسە زانیوە کە ئەو کەسەی بە ئەوەندەوە دیتووە و ناسیوە و بە گـوێرەی ئـەوە حوکمی خـۆی گـوتووە، بەنموونە : سـوپاس کاک سـەلاح بـەدرەدین کە لە رێگەیفەلەستینییەکانتەوە ئەوەندە یارمەتیت دام؛یا ئەو هەر نەیویستووە لە دەرەوەیگێڕانەوەی

بەسەرهاتی خۆی، خۆی بە لێکۆڵینەوەی پەروەندەی ئەو خەڵکەوە سەرقاڵ بکات . ئەو کتێبەی بۆ گێڕانەوەی سەربهوردی ژیانی خۆی نووسیوە، نەک هەڵدانەوەی پەروەندەکانی ئەو هەمووە خەڵکە . ئـەوەیە کە لە باسی کـۆنگرەی چـواریشدا، ئـەگەر هەر رۆژنامەنووسێکی رۆژئاوایی شارەزا، یا من خۆم لەوێ بوومایە و دوای ئەوە ریپۆرتاژم لە سەر کـۆنگرەکە بنووسیایە هـەر وام دەنووسی . دوور لە هەڵسەنگاندنی ئیدیۆلۆجی و بیری کوردایەتی و کۆمونیستی، نـووسەر لە"ئوسووڵ"ی کۆنگرەی دوور لە" قلۆ- پلۆ"یی دەدوێت، کە هەموولایەک کەم تا زۆر وابووە تێگلاون .

٣

زمانی کوردیی کە ئەو کتێبەی پێ نووسراوە، کتێبەکە لە سەر دوندی چیایەکی بـەرزی زمانی کتێبە کـوردییەکان دادەنێت . من سەردەمێک دوو نووسینی" هێمن"م پێ جوانترین دوو پارچە پەخشانیی‌نووسراوی کوردی بوون(پێشەکیی تاریک و روون و، پێشەکییەکی کە بۆ شەرەفنامە کـوردییەکەی هەژاری نووسیبوو) . ئـەوجا " سیاحەتنامە "(ی ئـەولیا چـەلەبی) کـوردییەکەی " سـەعید نـاکام "م دیت، پێم شـاکار بوو . دواتـر، شـتێکم ( بە پێدۆئێف ) لە ژیننامـەی کـاک " رەسـووڵ سـوڵتانی" ی خۆشـەویست دیت، بە هەق پێم شتێکی ئێجگار زۆر دەوڵـەمەند بوو، دیارە دەبوو مانای هێندێک وشـەی لێ بپرسم، چونکە خۆ کوا من کـوردیی ئـەوانە دەزانم ؟ لە کوێ فێری بم ؟ کاتێک بـەرگی یـەکەمی ئەم کتێبەی "مامۆستا محەممەد خزری"یم خوێندەوە، بە جوانی و دەوڵـەمەندیی زمانەکەی سـەرسـام بووم و، ئەوە بوو کاتی خۆی شتێکم لەبارەیەوە نووسی .

کاتێک دەستم بە خـوێندنەوەی ئـەم بـەرگی دووەمەی کرد، سـەرەتا لام وابوو نووسـەر هەر بۆ نووسینی پێشەکییەکەی بەتایبەتی بیری لای دارشتنێکی ئـەدەبیی جـوان بووە، ئیدی دوای ئەوە دەستی لەو کارەی هـەڵگرتووە و کەوتووەتە گێڕانەوەی چیرۆکی خـۆی بە هەر شـێوەیەکی کە بکرێت لە خـەڵکی دیکەشی ببیسیت . بـەڵام نـا، مامۆستا گوتەنی : غـایەتێکی دوای قـەیاسێک دیتم کە زۆر بە عەفەویەتەوە کەوتبوومە گوڵزارێکەوە کە عەفەویەتی تەبیعەت رسکاندبووی . رەنگە هێمن لەو هـەرتک نـووسینەیدا کە بـاسـم کـردن و، ئـەم کتێبەش لە پێشـەکییەکەیدا، بـە

ئانقەست بۆ رازاندنەوەی جوانی نووسینەکەیان بیریان لای خشڵی وشەی شایانی جوانەکەیان بووبێت تا بیرازێننەوە، بەڵام پتر لە٣٥٠ لاپەڕە نووسینی ئەم بەرگی دووەمە، بیری ئەوە کە بەتایبەتی وشەی جوانی بۆ ببینرێتەوەی تێدا نەبووە، نووسەر بە عەفەویەتیخۆی قسەی ئاسایی خۆی کردووە ... بەڵام چ قسەیەک ؟

من کە دەیخوێنمەوە، وا دەزانم لە رۆژێکی بەهاردا، لە سەر پشت وە سەر ئاوی رووبار کەوتووم و هەتاوێکی نەرم پێڵووم گەرم دەکەن و دەڕۆم ... نازانم بۆ کوێ دەڕۆم، چووزانم، ئاوە و دەمبات ... دوای هێندێک بیری لێ دەکەمەوە من چیم لە کەنارەوە بیست یا دیت ؟

هێندێک لەوانە لە رێی "هەنبانە بۆرینە"ی هەژارەوە دەناسمەوە :

باشارم نادەن، سیپەیان لێ گرتبوو، هەڵەسوونەی هێنابوویەوە، گرێژەنە، تەمایان گرتووە، قەڵلاش، وەر دەدایەوە، پێمانەوە هاتبوون، کورێژگە، زمهەڕی پێویست و... چەند و چەندی دی. بەڵام ئەو عەفەویەتە لە نووسیندا، لەوەی کە لە هەنبانەبۆرینەیدا ببینمەوە زۆر پتری پێیە : وەکو هەڵۆ دامانهاتنێ، دامگژایە، لە نێو کێوپارەیەکی حاسێ، بە رەواڵی ...، سەروبەری کرد، بە گۆڕێ وەرکرابن، پەیاغ، هەوایەکی ساماڵی وشکەبەند، هەس دەدایەوە، چەکی حیزبی حەیف و مەیل کردبوو، قوندریسکە، جووتباقێ بکەنەوە، هەموو گۆشە و بیجاڕێکی و ... هێندەی دی .

دیارە جگە لەو وشانەش کە هەر هی پیشە و سەنعەتێکی تایبەتن : کوورەچن، کوورەسووز، چەرخکێش، قرمزدار، کوورەیەکیقەمیری؛ کە ئەو شتانەش لە هەنبانە بۆرینەدا نین .

هێندێک وشە دەکرێت لە هەنبانە بۆرینەدا هەبن، بەڵام لێرەوە فێری باشتر بەکارهێنانیان دەبم : ئەمن کارەیەک نیم( لە جیاتی هیچ کارە نیم)، سوورمە گڵەکان، تانکەکانیان لەبەر دانگە بوون، وەزعی ناوچەکە لە گرێژەنە بچێ، دەگەڵ تۆرەمەی کۆنەپەرستان رەومان دەبرد!، پێڕۆکە و وەرگێڕکە بوون، تەمام گرت بچم، چوومە نێو کوجیلەی لاوەکان، وێژنکا بووم ... و ئیدی .

دیارە زۆر پەند و قسەیشیرینی پێشینانیش هەمیشە لە نووسینیدەوڵەمەندی نووسەردا دەبینین : دار لە دار دەگەڕێتەوە، وەکو مەنجەڵی سەر ئاورگ، دز بازاڕی ئاڵۆزیان گەرەکە، سەری خوێڕی بەڵایە بۆ سەری ساحیبی، کردبوویان بە کەڵەبابی بووکێ، وەک کەڵەبابی جڵفەی

دەگێرا، هەتا لە دەستی ... رزگاری هاتبوو شەیتان گوتبووی چەق!
لە قەرەشڵاخەوە بۆ سوئێد، زۆر لەوەی من لێرەدا باسم کردووەی پتر تێدا هەیە، دەکرا کتێبێکم لەسەر بنووسیایە . لێرەدا هەر فریای باسی هێندێک لە یەکەمی ئەو شتانە کەوتووم کە سەر-نجیان زۆر راکێشاوم و بە تێمای تێکڕای کتێبەکەیان دەبینم، دەکرێت لە وردەکارییەکاندا لێرەو لەوێ هێندێک باسی تریش بێنە پێش وەک ئەوە کە نووسەر لە شوێنێکدا پەلەیەکی کردبێت :
لە کەرکووک،کەبابچییەک پێی‌گوتووە : كردي ما أعرف(کوردی نازانم)، نووسەر نەتیجەگیر-یی ئەوەی لەو قسەیە کردووە کە رەنگە ئەو کەبابچییە کورد بووبێت و نەیوێرابێت بە کوردی قسە بکات، لە کاتێکدا کە من لاموایە حەتمەن شتی وا ناکرێت رووی‌دابێت، بە بیری من ئەو کەبابچییە حەتمەن عارەب بووە . کاتێک نووسەر چووەتە کەرکووک، لە مێژ بووە تەعریب دە کاردا بووە ( جگە لەوە کە عارەب پێش تەعریبیش لەگەڵ کورد و تورکماندا لە کەرکووک هەر هەبوون) .
دوا قسە و نەتیجەگیریم لە رووی زمانی کتێبەکەوە :
ئەگەر من دەسەڵاتم هەبوایە، هێندێک پاراگرافم لەم کتێبە، بۆ کوردییەکەی، دەخستە بەرنامەی خوێندنی خوێندگەکانی کوردستانەوە .
چاوی خوێنەران و خوێندکارانی زمان و ئەدەبیات و مێژووی کورد و، چاوی کتێبخانەی‌کورد، بە دەرچوونی ئەم کتێبە روون .

٢-٤ی ١٠ی ٢٠٢٠

کارمەندێکی دەوڵەتی ئینگلیس و ماوەیەک ئەندامی پەرلەمانی،سەدەیحەڤدە، پیاوێکی کەیفچیی ٢٤ عەیار! بۆ بەدبەختیی، لەجیاتی ئەوە کە لێیگەڕێن وەکو حەسەن زیرەک هەر دەست لە مەمکان بکا گیر! لە لەندەنێکی دەوری نیوملیۆنیی ئینگلستانێکی رەنگە دوو ئەوەندە خەڵکدا، هەزار و یەک سەرێشە یەخەیانگرتووە :هەرا و هەنگامەینێوان کۆمارییەکان و پادشاییەکان، پەتا بەدووی پەتادا، گەندەڵی و عەییاشیی پەرلەمانتارانی وەکو ئەمانەی بە تەپڵ و نەقارە و بەزمەی لای ئێمە و ئەوجا ئاگریش، ئاگرێک کەوتووەتەوە (١٦٦٦) کە حەفتا تا هەشتا هەزار خانووی لەندەن تێدا سووتان و دەرەجەی گەرما گەیشتە سەرووی هەزار دەرەجە!
ساڵێک دوای ئەوە ئینگلیس لە شەڕدا لە بەرانبەر کۆماری هۆڵەندا( و ئاریکارانی) شکا و ... بەڵا نەدەبڕانەوە .
هەرچەندە پیپس زۆری دەخواردەوە و بە " سوحبەتی خاتوونی نەرم و نۆڵ" دەیویست بچێتە دنیای خۆیەوە، بەڵام لە سەرووی هەزار دەرەجەی گەرمادا و بە ئەو هەمووە بەڵایانەوە دنیای خۆی چی ؟ لە ١٦٦٠ تا ١٦٦٩، خەمی خۆی بە نووسینی رۆژانەی رووداوانی ژیانی خۆی بە با دەدا، هەرچی دەیدیت و لە دڵیدا بوو، وەکو خۆی دەنووسی . بەڵام خۆ نەدەکرا شتی وا پیشانی کەس بدات . ئیتر بڕیاری دا بە شێوەیەکی بنووسێتەوە کە هەمووکەسێک نەتوانێت تێیبگات، مەگەر زۆر زیرەک و وەکو خۆی بێت! و ئەوە لە بنەماڵەکەیدا بە نهێنی بپارێزرێت تا ئەو رۆژەی کە قودرەتی حەزرەتی مەسیح ئەو تەلیسمە بۆ ئینگلیسان دەکاتەوە .
تەلیسم بۆ جاری یەکەم سەدەی نۆزدە کرایەوە ... کە دیتران و تازە ئیتر خەڵکی جێی باسی بیرەرییەکانی نەمابوون تا یەخەی یەکتر بگرن و، ئەم بڵێت راست دەکات و ئەو بڵێت نەخێر نەوەڵڵا درۆ دەکات، نا، هەموو لایەک بە کەیف و شادییەوە کەوتنە خوێندنەوەی و، بوو بە یەکێک لە بە رەواجترین کتێبەکانی سەدەی بیستەمیش، دیارە بەتایبەتی مێژوونووسان زۆری پێ شادبوون .... تا ئیتر شتی خۆشتر شوێنیان گرتەوە .
من پێش ساڵانێک هێندێک شتیم لێ خوێندەوە و ئێجگار زۆری پێ پێکەنیم .
ئەوەی راستی بێت، زۆر نووسین، لە هەموو دنیادا لە ژێر سەردێڕی : نهێنی، زۆر نهێنی،

سري جدا، سري للغايە، کلاسفايد classified، محرمانە..." بۆ ڕۆژی خۆیان"دەشاردرێنەوە، چونکە ئەوانە هەم گرنگن و، هەم وا باشە جارێ لە سەردەمی خۆیاندا بڵاونەبنەوە، بەڵام بۆ وننەبوونیان حەتمەن بنووسرێنەوە و ... بە هەمان شێوە حەتمەن جارێ بشاردرێنەوە .






بەرگی چاپێکی کتێبی بیرەوەریی میستەر پیپس و دەسخەتەکەی کە مەگەر جندۆکە بۆی بخوێندرێتەوە

١

لێرەدا، من " پەروەندەی زانستەکانی بێتا "( فیزیا، کیمیا، بژیشکی، هەندەسە... ئیدی) دەخەمە لاوە، پەروەندەی مێژووی پەرەسەندنی ئەوانە، بۆ ئەو زانستانە باسێکی ترە . باسی مێژووی سیاسی دەکەم، مێژووی کۆمەڵایەتی و زانیارییەکانی" ئالفا" بەگشتی ( و بەشێکیش لە گامما) . کتێبەکانی مێژوو، زۆر وادەبێت، کەمێک قسەی راست تێکەڵ بە کۆڵێک قسەی قۆڕ لە سەر- چاوەکان هەڵدەگرنەوە و بە مەبەستی کاتی دانانی کتێبەکە دایدەڕێژن .

کاتێک " ئیلیا ئێرینبورگ "(١٨٩١-١٩٦٧) ی رۆماننووسی کۆمونیستی سۆڤیەت، لە شەڕی " ستالینگراد"دا بەشدار بوو، نووسی :

> " ئەڵمان مرۆڤ نین، لەمەودوا (..) ئێمە قسە ناکەین . ئێمە دەکوژین . ئەگەر تۆ رۆژێک لە ژیانتدا ئەڵمانێکت نەکوشتبێت،رۆژەکەت بە خەسار چووە. ئەگەر تۆ ئەڵمان نەکوژیت، ئەڵمان تۆ دەکوژێت . تۆ پێش دەستپێکردنی شەڕ ئەڵمانەکە بکوژە، چونکە ئەگەر لەسەری راوەستیت و لێبگەڕێیت بژیت، ئەوا ئەو دوایی پیاوی رووس دەکوژێت و ژنی رووس هەتکدەکات . تۆ ئەڵمانێکت کوشتووە ؟ دە یەکی دیش بکوژە، بکوژە، نیشتمان هاوارت لێدەکات : ئەڵمان بکوژە ."

ستالین تەبیعی ئێجگار زۆر بەو قسانە شاد بوو و نووسەری زۆر هێنایە پێشەوە و بەرزی کردەوە، ئیدی کۆمونیستی کوردی" برایەتیی کورد و عارەب " و " کورد و فارس" و" کورد و تورک"یش سەردەمێک " ئێرینبورگ "یان بە ئەولیا دادەنا!

کاتێک سەربازی ستالین گەیشتنە بەرلین و کەوتنە هەتکی جنسیی بە سەدان کیژی بچکۆلەی ئەڵمانان، وێڕای ژنان و کچانی تر، ئێرینبورگ گوتی : هەتکی ئەو مرۆڤە سیڤیلانەی ئەڵمان راست نیە! ستالین بانگی کرد :

> " ئاخر هەی سەگباب! مەگەر ئەڵمان مرۆڤن ؟ تۆی نووسەر و رۆشنبیر دەرست داوین کە ئەوانە مرۆڤ نین، ئێستا دەیانکەیت بە مرۆڤی سیڤیل ؟

ئیدی پیاوەکانی ستالین شەقێکیان تێهەڵدا، بەڵام شانسی هەبوو و توانی فریای خۆی بکەوێت و نەیانکوشت .

## ٢

ئیلیا ئێرینبورگ لەبەرچاوی ستالین کەوت .

هەل بۆ"سیمۆنۆڤ"(١٩١٥-١٩٧٩) هاتە پێش کە ببێت بە گەورەنووسەر و شاعیری سۆڤیەت و ... بوو .

سیمۆنۆڤ، لە دایکێکی شازادە و، باوکێکی راکردوو لە دەست بۆلشەفیکان بۆ پۆلەندا، دایکی - ژیرانە- مێردی بە کۆمونیستێک کردەوە و ئیتر سیمۆنۆڤ کۆمونیستانە پەروەردە کرا و، بوو بە نووسەری گەورە و بە ئەفسەری سوپای سووریش ( لەدواییدا بە پلەی " سەرهەنگ " گەیشت) .

چۆن بێکەس، بێ قیمەت و سووک و چرووک بوو لە سلێمانی و، کورەکەی توانی تۆڵەی بکاتەوە و ببێت بە نەجیبێک لە نەجیبزادە نوێیەکان( نەژادی تاڵەبانی بیکەن بە کورێکی دیوە-خانیان)، سیمۆنۆڤیش دەبوو تۆڵەی باوکی راکردوو و دایکی شازادە بکاتەوە، لە نەزمی نوێی کۆمەڵگەدا ببێت بە نەجیبی دیوەخانی نوێ و ... بوو .

تەبیعی، یەکەم کاری کە سیمۆنۆڤ دەبوو بیکات، قسە بە ئەو کەسانە بڵێت کە لە عیلمی گەورەیی هەڤاڵ ستالین نەدەگەیشتن . لەبەر ئەوە رەخنەی زۆر توندی لە ئێرینبورگ گرت :

" ئەوە چیە تۆ باسی کیژۆڵەی هەتککراو و وڵاتی وێران و خەڵکی تێکشکاو و دۆڕاو و ئەو قسە حیزانە دەکەیت ؟ مەگەر کۆمەڵگەی ئێمە بە رابەریی هەڤاڵ ستالینێ مەزن سەرۆکێ ئەرز و ئاسمانێ وەڵات شایانی ئەو قسانەیە ؟ تۆ بۆچی باسی گەورەیی تاک بە تاکی خەڵکی یەکێتی سۆڤیەت بە رابەریی ستالینێ مەزن ناکەیت کە هەمووی هەر بەختیارە، یەک ناشادی تێدا نیە، یەک خەمباری تێدا نیە " ... ئا لەو قسانە .

دکتۆر محمد مندور" (١٩٠٧-١٩٦٥)ی میسری، رەخنەگری ئەدەبیی زۆر بەتوانا دەڵێت کاتێک چوومە مۆسکۆ، " سیمۆنۆڤ "م دیت، گوتم : ئاخر هەڤاڵ، تۆ بۆچی ئەو رەخنەیە لە دوو رۆمانی ئێرینبورگ ( شەپۆلی نۆیەم، توانەوەی بەفر) دەگریت ؟ مەگەر ئەو جۆرە

شەخسیەتە شکاو و بەدبەختانەی کە لەو چیرۆکەدا هەن واقیعی ژیان نین ؟ مەگەر نابێت باسی واقیع بکرێت ؟

دەڵێت : سیمۆنۆڤ گوتی : واقیع ؟ واقیع چیە ؟ واقیع ئەوەیە کە لە سەرتدایە، سەری خۆت دروستی دەکات، واقیع لە دەرەوەی ئەوە نیە . تۆ لە هەر حاڵێکدا بیت، دەبێت مێشکت بە ئەو شتەوە خەریک بێت کە باشە( کۆمەڵگەیسۆسیالیستیی کە هەموو کەس تێدا بەختیار و قارەمانە ... ئیدی)، نابێت مرۆڤی شکاو لە سەرتدا هەبێت . ئەسڵەن وەزیفەی ئەدەبیات ئەوەیە : سەرەکان بە جوانی ئاوەدان بکاتەوە!

٣

سیمۆنۆڤ، زۆر چاک دەکرێت کە لە ڕووی میسالییەت و دڵسۆزی بۆ کۆمەڵگەیسۆسیالیستیی سۆڤیەت ئەو هەڵوێستەی هەبووبێت : شتێکی خۆش دە سەری خەڵکدا هەڵبەستە، تا خۆشی لە سەریاندا ببێت بە واقیعی ژیانیان . دەشکرێت هەر بەرژەوەندی شەخسیی خۆی خوێندبێتەوە، کە زانیویە ئەوە حەتمەن بە دڵی کاربەدەستانی هەڤاڵ ستالینێ مەزن بووە .

بەڵام کوردێکی کە بۆ ئەو بیروڕایە زۆر لە سیمۆنۆڤ جیددیتر بووە و خەستتریکردووەتەوە، ئەوەشی تەنیا بە هۆی خۆشەویستییقەومەکەیەوە کردووە و لە نەتیجەدا یەک وێرانەی تەواوی لە دوو خۆی جێهێشتووە، ناوی " سەید حوسێن حوزنی موکریانی " بووە .

من کە سەرەتا شارەزای نەبووم، پێم وابوو کە بەڵگەیەکم بۆ ئەوە نەبوو کە قسەکانی بە جیددی وەرنەگرم، تا کەوتمە لێکۆڵینەوەیان و گەیشتمە ئەو نەتیجەیە کە تکا لە هەموو خوێندکارێک بکەم : هەرچی قسەیەکی "حوسێن حوزنی"یت لە شوێنێکدا خوێندەوە، لای خۆتەوە وای دابنێ کە " قسەی قۆڕ"ە و فڕی بە سەر حەقیقەتەوە نیە تا لە شوێنی تر بە بەڵگەوە دەیبینیت، ئەوجا بڵێ : ئەرێ چۆنە ئەو حوسێن حوزنییە ئەو قسە ڕاستەی کردووە ؟ عەجایب ؟!

هەموو میرێکی کورد لای ئەو زۆر خوێندەوار بووە، لەپێشدا چاکی خوێندووە . هەموو میرێکی کورد وەکو حەزرەتی یووسف جوان بووە . هەموو میرێکی کورد ساغ و سەلیم بووە و شتێکی لە بابەتی هێراکلێیس(هرقل)ی یونان بووە . ئەگەر هەمووشی بە وردی بە ئەو جۆرە نەگوتبێت، ئەوا بە شێوەیەک لە شێوەکان ویستوویە پاڵ بە خوێنەرییەوە بنێت کە خوێنەرەکە

خۆی ئاوای بۆ تـەواو بکات . من وام لێ هات زۆر بە جیددی لە نـووسـینەکانیدا دەگـەڕام ببینم چۆن میرەکان فڕیون! خۆ من ئەوەندە خاین نیم کە نکوڵی لە فڕینی میرە قارەمانەکانمان بکەم، نەخێر فڕیون و بەر بە باڵیان هەزاران فانتۆم!

ئەدی بۆچی بە میری ڕەواندز دەڵێن : پاشا کۆرە ؟ حەزرەتی یووسف و پاشا کۆرە ؟ ئەوەمان چۆن بۆ تەفسیر دەکات ؟

وەڵامی حوزنی : ئەوە " پاشای گەورە" بووە، بە نووسینی کۆن نووسراوە : پاشای کورە، ئیتر ئێمەی نەزان لێمان بووە بە پاشا کۆرە .

منیش کە سـەرەتا ئەوەم دیت، گـوتم بە تیۆری زۆر چاک دەکرێت، بـەڵام تـەبیعی " دەکـرێت" شتێکە و " بووە" شتێکی تر . ئەوجا بەڵگە ؟ حوزنی دەیگوت : من بـەڵگەم! من مێژوونووسم و، ئەوە کاری منە، دەبێت گوێ لە من بگریت، مەگەر کە تۆ نەخۆش بیت پرسیاری‌نەخۆشییە-کەت و چارەکەی لە دکتۆر ناپرسیت ؟ ئێ ئەوە کاری دکتۆرە و مێژووش کاری منە .

کێ کەی لە کوێ نووسی " پاشا کورە" ؟ هیـچ کەس قـەت لە هیچ کوێ نـەینووسی تا حوزنی بە ئەم " فـەتوا"یەی ئەوەی لای خۆیەوە نووسی . ئـەوجا گریمان کەسێکیش وای نووسی، ئەو سەرچاوەیە چۆن گەیشتە ئەو هەمووە دێهاتییە نـەخوێندەوارانەی کە باسی" پـاشاکـۆرە" دەکەن و بۆیان خوێندرایەوە ؟ کوا ؟ یـەکەم چـاپخانەی کـوردی کە ئـەوەی لێ دەرچووە هـەر ئەوەی حوزنی خـۆی بووە و، سـاڵانی نێوان یـەکـەم ڕۆژنـامەی کـوردی و چـاپخانەکەی حـوزنـی‌یش ئـەوەندە زۆر نین . ئـەدی چـۆن دکـتـۆر" ڕۆس"ی ئینگـلیس نـووسـیویە کە لە بـەغداوە چـووە دەرمانی چاوی میر و مستەفا بەگی باوکی کردووە ؟ مەگەر هرقل چاوی دەئێشێت ؟

پێش چـەند مانگێک جـەوانێک لە فـەیسبووکدا یـەخەی گرتم، دەیویست شەڕم لەگەڵ بکات، بە تووڕەییەوە ناونیشانی نووسینەکەی داڕشتووە : ئێوە بۆچی بە پاشای گەورە دەڵێن پاشا کۆرە ؟ ئەوە کێیە وا دەڵێت ؟ فەیسبووک ئەوەی باشە کەس تێدا بە تێڵاییەکەوە دەستی بە کەس نـاگات دەنـا دەکرا پەراسوویەکی ساغی پێوە نـەهێشتبام ... ئە ئاوا، دروستکردنی واقیعێک لە سەری خەڵکدا کە فڕی بە سەر واقیعەوە نـەبووە، نیزیکەی سـەد سـاڵ دوای حوزنی، لە فـەیسبووکدا یەخەی من دەگرێت .

## ٤

مامۆستا مەسعوود محەمەد، بە ئـەو خوێندەوارییە ئێجگار زۆرەی، بە ئەو گـرانی و ئـارامی و سیحری بـەیانەی، خـوێنی بوو بە ئـاو کە قـەناعەت بە خەڵک بکات چیرۆکی حوزنی لەبارەی فـەتوای مەلای خەتێ و شەڕنـەکردنی سەربازانی و رووخانی ئەمارەتەکەی بریتین لە خەیاڵی هیچوپووچی نـامەنتیقی کە حوزنی لە گیرفانی خۆی دەرهێناون . مەلا شکوریش هەوڵی خۆی دا، بەڵام هەمووی بێهوودە بوو . منیش دەتوانم بچمە ناوەڕاستی بازاڕ و هاوار بکەم : هۆووو خەڵکینە! هەرچی حوزنی گوتوویە قسەیقۆڕە، بەڵام کێ گوێ لە هاواری من دەگرێ ؟ کەس . تازە ئەوە ئیتر چووەتە کۆمپیوتەری مێشکی کوردەوە .

کوردیش، وەکو هەموو مرۆڤانی تر، هەمیشە شتی باش و خراپی هـەبوون، ئێستاش وەهایە و، ئیتر نازانین مرۆڤایەتی تا چەندیتر وەها دەمێنێتەوە، ئەگەر قەت رۆژێک لە رۆژان بگۆڕێت. بەڵام، من ئاگام لەوە نیە سەرچاوەیەک رۆژێک لە رۆژان لە تەواوی مێژوویکورددا گوتبێتی کە کوردێک ویستوویە بە زۆر دین بە کوردێکی دیکە بگۆڕێت، قەت- قەت رووینەداوە .

ئایا پاشای کۆرە شەڕی لەگەڵ "یەزیدییەکان "کردووە ؟ بە سیفەتی یەزیدی نەخێر، بە سیفەتی عەشیرەتی بەڵێ شەڕی لەگەڵ عەشیرەتی داسنی"یش"دا کردووە (وەکو لەگەڵ دەیان عەشیرە- تی تریدا کردووە). شەڕی لەگەڵ ئەمارەتی عەشیرەتی داسنیدا کردووە ؟ بەڵێ لەگەڵ ئەمارە- تی عەشیرەتی داسنی "یش"دا ( وەکو چۆن چوو بە زۆر هەر کۆتایی بە ئەمارەتی بادینان هێنا و کـردی بە بـەشێک لە ئـەمارەتی رەوانـدز و، شـەڕی لەگەڵ باباندا قـەت کـۆتایی نـەهات و، کـۆتایی بە چەندین دەسەڵاتی دەرەبەگی سەربەخۆ هێنا، چەندین شوورەی پایتەختانی دەرەبەیی بە نرخیخوێنێکی ئێجگار زۆر رووخاندن؛ بەڵام چەندە شەڕی لەگەڵ بادینان و باباندا بۆ دین بووە، لەگەڵ شنگالیشدا هەر ئەوەندە، ئـەوجا ئەوان لە شـنگال دینێکی تـریان هـەیە یا نیە، بـە پاشای کۆرە چی ؟ "دین" لە دنیای مندا زۆر لەوەی لە دنیای پاشای کـۆرەدا پترە، پاشای کۆرە و دین ؟

حوزنی، لەو گیرفانە سەیرەی کە شتی سەیری لێ دەردەهێنێت، دەنووسێت :

" وەکو لە پیاوە پیرەکانی رەوانـدزم بیستووە، عـەلی بەگ ( .. دوای پێهەڵگوتنی)

میری گەورە بە دەسیسەی مەلا دیندارەکان لە عەلی بەگی خواستبوو کە مسوڵمان بێ، عـەلی بەگیش بە قسەی میری گەورە مسوڵمان نـەبوو، بە ئیشارەتی مەلاکان ئـەو میـرە گـەورە کـوژرا، نـەک لە سـەر ئـەوە کە ژنـی ئەو شـۆڕشـی خستبووە ژەنگارەوە ( مێژووی میرانی سۆران ل٧٦-٧٧) .

چ بـەڵگەیەکی مێژووی عەنتیکە و فشقیات! " لە پیاوە پیـرەکانی رەوانـدزم بیستووە!"، ئـەوانە ناویان نەبووە ؟ نـەیانگوت ئەو قسەیان لە کێ بیستووە، چۆن بەوان گەیشتووە ؟ رادەی بـڕوا پێکردنیان دەبێت بە گوێرەی چ یاسا و رێسایەک چەندە بێت ؟

ئێستا من شتێک لەبارەی ژیانیتایبەتی هەژار دەنووسم، تۆ بڕوام پێ دەکەیت یا ناکەیت، بـەڵام مەرجەعەکە روونە : کوڕیگەورەی هەژار وا دەڵێت، ئەوسا لێکۆڵینەوە دێتە سەر ئەوە چەندە بڕوا بە قسەی بکەیت یا نەکەیت ." لە پیاوە پیرەکانی رەواندزم بیستووە" کەی مەرجەعییەتە ؟ پیاوی پیر تەمەنیان چەندە ؟ دۆڵمە ناخۆن و قەبز نابن ؟ ناخـەرەفێن و خەیاڵ ناکەن ؟ مێژووی چی و شتی چی ؟ هەر رقێکە لە مەلایان و لە ماڵی شێخ مەحموودیش کە حوزنی ئەو هـەمووە درۆ و دەلەسـانەی بەسەردا دەبەشینەوە : " ئینگلیس ویستی دەوڵـەتی کـوردستان دابمەزرێنێت بـەڵام شێخ مەحموود نـەیهێشت چـونکە ئینگلیسی پێ کـافر بوون و ئـەفسەری ئینگلیـسی وەک سـەگ بەستبوونەوە! " هەژار دەیگوت حوزنی ئەوانەی بۆ گێڕامەوە و، هەژاریش بـڕوای پێ کردبوو! ... مردووت بمرێت بۆ ئینساف و ئەخلاقت .

پاشای کۆرە تـەنیا بەشیکی"شنگال"ی بۆ پەڕینەوە بۆ ماردین ویستووە و، ئەسڵەن نەیویستووە شـنگال وەکو بادینان بخاتە سەر ئـەمارەتەکەی خۆی و، کە عـەلی بەگ لە رەوانـدز دەنگی لە میر بەرز کردووەتەوە و میر- تەبیعی - کوشـتوویەتی ( سەددام حوسێن بۆ سەپاندنی هەیبەتی خۆی دەیویست لاسای پاشای کـۆرە بکاتەوە)، تـەرمەکەی بە رێـزەوە بە چـەند پیاو ( حـوزنی نووسیویە٤٢ پیاو) بۆ ژنی عەلیبەگ ناردووە و ژنی عەلیبەگ هەموو پیاوەکانی کوشتوون .

داوای دینگۆڕینی چی و تـەڕەماشی چی ؟ یـەک بەڵگە نیە بڵێت قـەت کـوردێک ویستبێتی بە زۆر دینی کوردێکیدیکە بگۆڕێت، کە ئێستا بۆ مەبەستیسیاسی، بۆ هەڵوەشاندنی نەتەوایەتیی کورد، هەوڵ دەدرێت قـەناعەت بە یەزیدییەکان بکرێت، کە" ئێوە کـورد نین و کـورد هەمیشە

دوژمنتان بووه "، دوا نـووسینیش هی دکتۆر تـۆسنێ رەشـیت که ئـەحمەد بـەحری و نازانمکێ بۆیان بڵاوکردووەتەوە .

ئای له نووسەران که دەتوانن چۆن چی بخەنه سەری خەڵکەوە ... ئای له نووسران .



ئیلیا ئیرینبورگ



کۆنستانتین سیمۆنۆڤ له تەمەنی٢٦ ساڵیدا



دوا مانگی ٢٠١٨،" مەمێ ئالان "ـەکەی چاپی دکتۆر نوورەدین زازام لەبەردەست بوو، گوتم با بە زنجیرەیەک لە فەیسبووکدا بینووسمەوە و وشەکانی بە ئەم شێوازەی خۆم مانا لێبدەمەوە . دەستم پێکرد و هەشت رۆژێک لە سەری رۆیشتم، تا دۆستان ئاگاداریان کردمەوە کە دکتۆر نوورەدین دەستکاریی ئەو ئەسڵەی کردووە کە لە " لێسکۆ"ی فەرەنسی ی وەرگرتووە . ئیدی لێی وەستام و گوتم با ئەسڵە فەرەنسییەکە پەیدا بکەم ( چونکە دەمزانی کە دکتۆر نوورەدین دەستکاریی ئەسڵی هێندێک شتانی دەکرد و شەیدای ئەوە بوو کە ناوی دەنا" کوردیی پەتی" و، زۆریش وادەبوو هەر لای خۆیەوە وشەی دروستدەکردن) .

دواتر، کە ئەسڵەکەی " لێسکۆ"م پەیداکرد ( " شەهلا خانمی دەباغی"ی نووسەر لە چوونێکی بۆ هەولێر بۆی وەدەستهێنابووم)، دیتم بەڵێ دکتۆر نوورەدین دەستکارییەکی کردبوو، بەڵام لام وایە کە نەدەبوو وازم لێ بهێنایە، دەکرا دواتر بە گوتارێک ئەو جیاوازییانەم باس بکردنایە ( کە دەرکەوت زۆر کەم بوون و ئەوەندە گرنگ نەبوون) . بەڵام بەهەرحاڵ، تازە ئەوەندە سەرقاڵی کاری دی بووم، کە نەپەرژامە سەر ئەوە بگەڕێمەوە سەری و تەواوی بکەم .

ئەمە ئەو بەشەیە کە ئەوسا لەو هەشت رۆژەدا لە" مەمێ ئالان"ـەکەی دکتۆر نوورەدین زازام بڵاو کردەوە و، لێرەدا جیاوازییەکەی لێسکۆش دەخەمە دوو کەوانەوە و ناوی لێسکۆ هەر بە " لـ " ئاماژەپێدەکەم . پێنج - شەش لاپەڕەیەک لە ١٢٩ لاپەڕەی چاپەکەی لێسکۆ، کە لای دکتۆر زازا شەش لاپەڕەی لە ١٤٩ لاپەڕە گرتووەتەوە .

باژارێ مغربێ باژارەکی مەزن و پڕ گرانە
لـ سەر هەفت چیانە
لـ سەر سێسەد و شێست و شەش دەرییانە (لـ : قاپییانە)
هەر دەریکی(لـ : قاپیکێ) لـ سەر سێسەد و شێست و شەش ویلایەتانە (لـ: والیلخانە)
هەر ویلایەتەک (لـ: والیلکێ) لـ سەر سێسەد و شێست و شەش مدریەتانە (لـ: مدرلخانە)
تمام (لـ : تەمام) د دەستێ عەلی بەگێ، عەمەر بەگێ، ئەڵمازبەگێدەیە، سێ برانە
خوەدیێ تەولێ نژدا، بۆشێ دەڤا (لـ : دەوا)، غارێ (لـ : خارێ) مییانە
مفتێ(لـ:مفتا) دەڤێسندۆقێ(لـ: سندۆقێن)زێڕا بارێ چل(لـ:چەل)و پێنج بەرگلانە(لـ: بەرگیلانە)
خوەدیێ خەزینە (لـ : خەزینێ) و دەفینێ گرانە
خوەدیێ سووک و چارشییانە .

ڕۆژەکێ ژ ڕۆژێن خوەدێ، بـ سەر وان‌دە هاتییە عەیدا قوربانە (لـ : قوربانێ)، خوارزی
دهەرن مالێن(لـ : مالێ) خالانە
وو برازی دهەرن مالێن (لـ : مالێ) ئاپانە

---

باژار= شار؛ پڕ= زۆر؛ هەفت چیانە = حەوت چیایانە؛ دەری ( قاپی) = دەرگا؛ ویلایەت (والیلخ، والیلک) = پارێزگا، ئەیالەت، ئوستان؛ مدریەت = قەزا، شەهرستان؛ تمام ( تەمام) = هەموو؛ خوەدی = خاوەن؛ تەول = تەویلە؛ نژد = ئەسپی کلک قەیچیکراو(ی نەجدی عارەبستان ؟)؛ بۆش = ئێجگار زۆر؛ دەڤە = وشتر؛ غار = ئەشکەوت، کۆزی مەڕ و ماڵات؛ می = مەڕ، مێگەل؛ مفتێ = کلیل(مفتاح-یعارەبی)؛ دەڤ = دەم؛ بەرگل = بارگین؛ دەفینە = گەنجینە؛ سووک= بازاڕ(سووق-ی ئارامی وعارەبی)؛ چارشی= مەرکەزی دووکان وبازاڕی شار( تورکی لە "چهارسو"ی فارسی) . خوەدێ = خودا؛ عەید = جێژن ( عید - ی ئارامی و عارەبی)؛ وو= و؛ دهەرن = دەچن؛ ئاپ = مام؛

عەلی بەگ، عەمەر بەگ و، ئەڵماز بەگێ دەرکەتنە هاڤینگەهانە

(لـ : عەلی بەگێ، عەمەر بەگێ و ئەڵماز بەگێ دەرکەتنە سەر یازلخانە)

ژ خوە رە لـ هەڤ نێرین و گریانە

دگۆتن : " گەلی برانۆ، ئەم سێ برانە

عەمرێ مە شێستە، دکەڤە شێست و پێنجانە

رەبێ‌عالەمێ دایە مە مالێ گرانە

ئەم ـە وارۆەندایێ کوڕدوندانە

(لـ: ئەمێ وارئۆجاخێ کوڕدوندانە)

رۆژەک(لـ:رۆژەکێ) ژ رۆژێن خوەدێ، ئەمێ سەرێ خوە دەینن دیارێ رەحمەتێ ئاخا گۆڕانە

رەبێ‌عالەمێ مرن دایە مە عەبدێ گونەهکارانە

مالێ مە پڕە، وێ بمینە وا ژ بۆ میراس‌خوەرانە "

(لـ : مالێ مە پڕە، وێ بمینە وا لـ میرەتچییانە) .

عەلی بەگێ، عەمەر بەگێ و ئەڵماز بەگێ، سبەها جەژنا قوربانێ راهشتن دارێ ئەرەبانە و خەلیلانە

و لـ خوە کرن جلێ دەرویشانە

---------------------------------------------

هاڤینگە = کوێستان،هاوینەهەوار(بە تورکی: یازلخ)؛ لـ هەڤ نێرین = سەیری یەکتریان کرد؛ دکەڤە = دەکەوێتە؛ وارۆەندا/ وارئۆجاخ = بێ ئەولاد؛ کوڕدوندانە (کوڕ+ دوندان )، دوندان = تۆرەمە، بەرەی ئەولاد؛ ئاخ = خاک، گڵ؛ گۆڕان(کۆی" گۆڕ"= قەبر)؛ مرن = مردن؛ دایە = داویە (بە)؛ رەب = خودا (رب- ی عیبرانی وعارەبی)؛ پڕ = زۆر؛ میراس‌خوەر/ میرەتچی = میراتگر . راهشتن = هەڵیانگرت؛ ئەرەبان = دەف؛ خەلیلان= حەلیلە، سەنج، صنج(ئامێرێکی مووسیقا لە دوو پارچە مەعدەن پێکدێت، هەر کامیان بەدەستێکەوە دەگیرێت و لێکدەدرێن، دەروێش‌بەتایبەتی لە مەراسیمی"مەولەوی‌ئاین"دا بەکاریان‌هێناوە)؛لـ خوەکرن= دەبەرییان‌کرد؛

ژ باژارێ مغربێ دەرکەتن، بەرێ خوە دان چۆل و کەربەلانە
ژ خوەڕە لـ هەڤ روونشتن و گریانە
چاڤا رادکن، پێ دبە غولینا (لـ : خولینی) هێسترانە
گاورێ رمێلی لـ پێش(لـ : مقابلێ) وان دبنە مسڵمانە (لـ : مسڵمانانە)
عەلی بەگێ باندکر (لـ : باندکری) عەمەربەگێ و ئەڵماز بەگێ، دگۆ :
" کەکۆ، ئا کو (لـ : کۆ) بـ سەرێ مە دە هاتیە، بلا نەیێ سەرێ کەسەکی مسڵمانە
مە دەڤ ژ دایرەیێن رەنگین (لـ : داییرێ رەنگینی)، ژ قۆناغێن(لـ : قۆناخێن) مەزن بەردانە
ئەم کەتنە چۆلان و کەربەلانە " .

هەر سێ برا روونشتی (لـ : روونشتن) و دلێ وان بـ وان شەوتی و ژ خوەڕە گریانە
رەبێ عالەمێ " خۆجەیێ خدر" لـ وان کر بەیانە
جارەکێ نێری کو عەلی بەگ، عەمەر بەگ و ئەڵماز بەگ(لـ : کۆ عەلی بەگێ، عەمەر بەگێ و ئەڵماز بەگێ) ژ خوەڕە روونشتنە و گریانە
دلێ وی بـ وان شەوتی، سیڤەکێ ژ پاشلا خوە دەردخە، ددە دەدستێ عەلی بەگێ، مەزنێ برانە
دبێ (لـ : دگۆ) : " گەلی برا مەگرین! رەبێ عالەمێ دەلیلێ حەیریانە(لـ : حەییریانە)

---

کەربەلا ( لێرەدا) = بیابان . ژ خوەڕە لـ هەڤ روونشتن = بۆخۆیان پێکەوە دانیشتن؛ چاڤا رادکن = چاوان بەرزدەکەنەوە(روو لە ئاسمان)؛ دبە = دەبێت، دەبێتە؛ غولین = گلۆربوونەوە، هەڵڕژان؛ هێستر= فرمێسک؛ گاور= مەسیحی ( بە ئەسڵ : گەبر، کەسێک کە نەبووە بە مسوڵمان)؛ رومێلی ( روم ئێلی ) = ( ئێستا ) بەشی ئەوروپاییی دەوڵەتی تورکیا؛ بان دکر= بانگی دەکرد؛ قۆناغ = شوێنی مانەوە - زۆرتر هەر بۆ ماوەیەک -، (بەڵام لێرەدا)= کۆشک و تەلار؛ کەربەلا ( لێرەدا ) = بیابان؛ شەوتی= سووتا، سووتاو؛ خۆجەیێ خدر= خدری زیندە؛ نێری= روانی، سەیری کرد؛ سێڤ = سێو؛ پاشل = باخەڵ؛ دبێ = دەبێژێت، دەڵێت،( دگۆ= دەیگوت)؛ حەیری/ حەییری = سەرلێشێواو، لە تێنەگەیشتنی داماو؛

ئیرۆ رۆژا جەژنا (لـ : عەیدا) قوربانێیە، وە دەڤ ژ قۆناغێن(لـ : قۆناخێ) خوە بەردانە
گەرەک زلامێ مینا وە ڤەکرانا دەڤێ خەزینا و دەفینێ گرانە و پەرە بڕژاندنا، گەلی برا، لـ
کۆلانا و لـ کوچانە (لـ : لـ زکاکا و لـ ئەوجانە)
ژ بۆنا خاترێ فەقیر و فقارانە (لـ : فەقیر و فۆقرانە) .
نەفسا کو برچی بە، گەرەک وە تێر بکرا { ئەوجا ئەم بڕگەیەی لێسکۆ کە لە چاپی زازادا نیە :
و زلامێ کو تازی بە، گەرەک وە بـ لبس بکرا = و پیاوی کە رووت بێت، پێویست بوو بە
بەرگ( لبس، پۆشاک)تان بکردایە }، هون هاتنە، کەتنە چۆل و کەربەلانە
وە لـ خوە کرییە جلێ دەروێشانە
دە، رابن، بەرێ خوە بدن باژارێ مغربێ و خانیێن خوە بێن (لـ : نێ -هەڵەی چاپ ؟) گرانە
هەڕن باژارێ مغربێ، ڤەکن دەڤێ خەزینا و دەفینانە
پەران (لـ : پەرە) بڕژینن لـ زکاکا و لـ کوچانە (لـ : ئەوجانە)
سەر ژێبکن قوربان و دەهییانە ( ئەم دێڕە لە چاپەکەی لێسکۆدا نیە)
ژ بۆنا خاترێ فەقیر و فقارانە (لـ : فەقیر و فۆقرانە) .
بەرێ خوە بدن محەلا قورەیشییانە
ژ عەلی بەگێڕە بخوازن کەچا میرێ قوڕەیشییانە
بـ قەولێ ئەسحابانە

---------------------------------------------

وە = ئێوە؛ ؛ دەڤ بـەردان = دەست لێ بەردان، واز لێهێنان؛ مینا = وەکو؛ ڤەکرانا= بیکردا-یەتەوە؛ دەڤێ خەزینا = دەمی خەزێنان؛ بڕژاندنا= بڕژاندایە؛ کو بـرچی بە = کە بـرسی بێت؛ بکرا= بکردایە؛هون= ئێوە؛ لـخوە کرییە = دەبەرتانکردووە؛ رابن=هەستن؛ ڤەکن= بکەنەوە؛ زکاک( زقاق-ی ئارامی و عارەبی) = کۆڵان، کووچە؛( ئەوج = بەرزایی؟)؛ سەر ژێبکن = سەر ببڕن، سەر لێبکەنەوە؛ دەهی = خێـرێک کە - زۆرتر- بۆ نـەزرێک دەکرێت؛ محەلە = گەڕەک؛ ژ بۆنا = بۆ؛ کەچ = کچ؛ بـ قەولێ ئەسحابانە = بە رێ و رەسمی هەڤاڵانیپێغەمبەر؛

قەلەنێ وێ بدن دوانزدە قرووش و نیڤانە

ئیشەڵڵا، نەهـ مەهـ و نەهـ ساعەت و نەهـ دەقیقە وەختێ قەدییانە

خوەدێ تەعالا وێ شین بکە وارێ وندانە .

تەنبیا من لـ وە بە، تو ناڤا لێ مەکن، حەیانی کۆ ئەز لـ وە ببم بەیانە .

هەر سێ رابوونە و ژ خوە ڕە مەشیانە

بەرێ خوە دانە قۆناغێن خوە یێن گرانە

و ڤەکرن دەڤا خەزینا و دەفینانە

پەرە رژاندن لـ سەرێ زکاک و بنێ کوچانە (لـ : ئەوجانە)

ژ بۆنا خاترێ فەقیر و فقارانە (لـ : فەقیر و فۆقرانە) .

سەرژێکرن قوربانا و دەهییانە { ئەوجا ئەم بڕگەیەی لیسکۆ کە لە چاپی زازادا نیە :

ژ بۆنا خاترێ فەقیر و فۆقرانە و یەتیمانە }

بەرێ خوە دان محەلا قورەیشییانە

قیزا میرێ قوڕەیشییان (لـ : قورەیشیانە) ژعەلی بەگێ ڕە خوەستنە بـ قەولێ ئەسحابانە

قەلەنێ وێ ددن دوانزدە قرووش و نیڤانە

نەهـ مەهـ و نەهـ رۆژ و نەهـ ساعەت و نەهـ دەقیقە (لـ : و دەقیقێ) وێ حورمەتێ قەدییانە

رەبێ عالەمێ کوڕکەک (لـ : ئەولادەک) دایێ و سێ چرووسکێن (لـ : چەرکێ) نوورێ

د روو دە بەردانە

---

قەلەن = قالان، شیربایی؛ نیڤ = نیو؛ نەهـ = نۆ؛ مەهـ = مانگ؛ قەدی= بەسەرچوو(مقضي)؛ وێ شین بکە وارێ وندانە = ( بە حەرفی : دەیڕوێنێت شوێنی بێ ژیان) = ژنەکە دەکاتە دوو-گیان؛ تەنبی = ( تەنبیهـ) وریاکردنەوە، ئامۆژگاریی کە لەگوێی بگرن؛ تو ناڤا لێ مەکن =هیچ ناوێکی لێ مەنێن؛ حەیانی = تاکو . رابوون = هەستان؛ مەشیان = رۆیشتن؛ ڤەکرن = کردیا-نەوە؛ قیز = کچ؛ وێ حەرمەتێ = ئەو ژنە؛ کوڕك = کوڕ؛ چرووسک =ترووسکە؛

باژارێ مغربێ بوویه مینا حاشەر و ماشەرێ، خەلک(لـ : مخلق) رابوونه سەر لنگانه .
مەله بـ بانی دکەتنه(لـ : مەله بانی دکەتنه) سەرێ منارانه
د هوندرێ مزگەفتا ده دبوو پرینا موومدان و مەشعەلانه (لـ : د هوندرێ جامیا دبوونه پرنێ موومیا و مەشەلانه
مەله دخوینن تەکبیرا (لـ : تەکبوورا) و ددنه سەلاواتانه
دەنگێ مەلا مینا دەنگێ شالوول و بلبلانه

رۆژەکێ ژ رۆژێن خوەدێ، مجلیسا (لـ : مەجلیسا) عەلی بەگێ گەڕیا، گۆ: " ئەم ناڤەکی لـ کوڕێ ته دکن . گۆ : " باڤۆ، ئەز نه بـ دەستێ خوەمه . ئیختیارەکی کالکێ وی هەیه . حەیانی کۆ(لـ : گۆ) ئەز وی نەبینم، ئەز نکارم تو ناڤا لـ کوڕێ خوه بکم".
مجلیسا وی گەڕیا . هنەک دبێژن :" ئەمێ ناڤێ وی بکن عارف . هنەک دبێژن :" نا، وەڵاهـ ، ئەمێ بکن عەمەر ." هنەک دبێژن : " نا، وەڵاهـ، ئەمێ بکن فەلەمەز " . هنەک دبێژن : " نا، وەڵاهـ، ئەمێ بکن ئووسف"( لـ : ویسف) . هنەک دبێژن : " نا، وەڵاهـ، ئەمێ بکن براهیم".
جارەکی نێرین، ئیختیارەک هات . گۆ : " ئەسسەلامو عەلەیکووم یا جماعەتا مەزن " . گۆتن : "عەلەیکوم ئەسسەلام(لـ : عەلەیکومەسەلام) یا ئیختیار(لـ : ئیختیارێ) دەلال ". گۆ :" هون چ ژ ڤی کوڕکی دخوازن ؟ " ناڤێ وی دەینن مەمێ ئالان، خوارزییێ شیخێ قورەیشان، برازییێعەمەربەگێ و ئەڵماز بەگێ، سلْتانی کوردان( لـ: کوردا)،

---

حاشەر و ماشەر = مەحشەر؛ مەله = مەلا؛ بـ بانێ دکەتن = سەردەکەوتن؛ هوندر = لە ناو، لە ژووری؛ پرین = ورشە، ورشەدان؛ مەشعەل = مەشخەڵ؛ ( جامی/جامع = مزگەوت، موومی = شەم، مەشەل = مەشخەڵ)؛ مەله = مەلا؛ مەلا ( رەنگە مەبەست لێرەدا هەر مەلا بێت، نەک : باڵندان)؛ شالوول = شالوور( ریشۆڵەی رەش) . گەڕیا : گەرا، گێردرا؛ ئیختیار= پیرەمێرد؛ کالک = باپیر، باوەگەورە؛ نکارم = ناتوانم؛ تو ناڤا = هیچ ناوێک؛ ئەمێ بکن = ئێمە دەیکەین(بە)؛ دەلال= خوێنشیرین،جوان؛ ناڤێ وی دەینن= ناوی بنێن؛

جارەکێ نێڕین کۆ( لـ: گۆ) ئیختیار وندا بوو . ناڤێ وی ما مەمێ ئالان .

باڤێ مەمێ چ کر ؟ لـ ناڤ ( لـ : بـ ناڤ) باژارێ مغربێ کەت، هەزار و پێنجسەد خۆرتێن پسپۆران( لـ : دەلەنبەگیا ) تمام ئانی، هەر یەکی بـ مەعاش( لـ : مەعاشێ وان بەشقە)، گۆ : "هونێ ژ سبەهێ حەیانی ئێڤارێ، ژ ئێڤارێ حەیانیسبەهێ لـ دۆرا قەسرا مەمێ نۆبەتێ بگرن (لـ : سنگوا د دەڤێ تفنگێ خن و لـ دۆرا قەسرا مەمۆ نۆبەتا بکشینن) و مەلەکی دوانزدە علمی هەبوو د باژارێ مغربێدە . عەلی بەگێ مەلە ئانی گۆ : " مەلە، توئێ مەمێ بعەلمینی علم ."

رۆژەکێ، د ناڤا خۆرتانەدە بوو بەحسا (لـ : شۆرێ) جەناوەرێ بەحرێ و عەجێبانە .
هنەکان دئانی قالا ( لـ : دئانی بەحسا) حووتانە .
هنەکان ڤەدکر چیرۆکا مارانە .
هنەکان دگۆت : " د بەحرێدە ( لـ : دە بەحرێدە هەیە) هەمبەرێ هەمی حەیوانا لـ روویێ ( لـ : لـ روو) عەردانە ."
هنەکان دگۆت : " حەیوانەک د بنێ بەحرێدە هەیە، د شکلێ هەسپانە ."
کالەکی دگۆت : " ئەگەر خوەدێ بدە ( لـ : ئەگەر کو ئێ لێ بە) بەختێ مێرانە
رۆژەکێ وێ تێکەڤە دەست، ئەڤ جەناوەرێ وەکی هەسپانە

----------------------------------------------

جارەکێ = جارێک، بە جارێک، لە پڕ؛ نێڕین = روانیان، سەیریان کرد؛ وندا= ون؛ ما = مایەوە . خۆرت = جەوان؛ ( دەلەنبەگی = لە بەگەکانی هێزی" دلی" ی عوسمانی کە بە زۆر دڕ ناسرابوون، سەرەتا ناویان" دەلیلا" بوو و دوایی بوو بە "دلی" واتە : شێت، لە سەدەی١٦-١٩ هەبوون، لە کاتی ئاشتیدا حەرەسی تایبەتی کاربەدەستان بوون، مەبەست ئەوە ؟)؛ ئانی= هێنا؛(بەشقە = بە جیا)؛ گۆ= گوتی؛(سنگو= سنگۆ، نێزە)؛ ئانی : هێنا؛ بعەلمینی= فێربکەیت؛ هنەکان دئانی قالا حووتانە = هێندێکان باسی حووتانیان دەکرد؛(شۆر= باس)، ڤەدکر= دەیکر- دەوە؛ هەمبەر= بەرانبەر، ئەوەندەی؛ (لێ بە = تێدا بێت)؛

مەری لێ سوار بە، پێ قۆناغا ( ل : قۆناخێ) رۆژان دبڕە بـ ساعەتانە
نە ڤەدخوە ئاڤێ، و نە دخوە تو کەدا ( ل: ئەمەگێ) کۆتانە
تم لێ سوار بی و ژ سەر ( ل : لـ سەر) پشتێ پەیا نەبی بـ رۆژ و شەڤانە
دەرە ( ل : دارە)، حکمێ وی هەیە حەیا شەش مەهانە
هنەکان دگۆت : " هەیە حکمێ وی حەیا ساڵەکی و ددییانە
زارۆکێ پچووک گوهـ ددان لـ کالانە
د بن چاڤا رە دکەنین و بـ دەستان دکن ئیشارەتانە
دگۆتن : " هەلە، بنهێرن لـ ڤێ دەرەوا کالانە!
ما ئیشێ هەسپان چیە د بن بەحرانە ؟
ما ئەو چ قوەتە کو نە بخوە و نە ڤەخوە، تم هەرە سالەکێ و ددییانە ؟
ڤایا دەرەوەکە ئووسا مەزنە، کو تو جاران ناکەڤە سەرێ مێرانە!"
لـ سەر ڤێ بەلاڤ( ل : بەلا) بوو مجلیسا( ل : مەجلیسا) خۆرتانە .
ئەز سەرێ وە نەئێشینم و پڕ نەکم گۆتنانە ( ل: شۆرانە)
ساڵێن ( ل : ساڵێ) مەمێ گهاشتنە ( ل : گهێشتنە) پانزدانە
مەم کرن پادشاهێ باژارێ مغربیانە ( لێسکۆ هەموو" غ "یەک هەر بە " X خ" دەنووسێت)
رۆژەکێ مەم روونشتبوو لـ سەر تەختێ چارلنگ مینا رۆژێ کۆ نوهـ هلتێ ژ( ل : لـ) چیانە

---

مەری = مرۆڤ؛ دبڕە = دەبڕێت؛ ڤەدخوە = دەخواتەوە؛ نە دخوە تو کەدا کۆتانە = رەحەت و سەحەت و بێ کێشە ( بە حەرفی : نە دخوە = نە دەخوات؛ تو = هیچ؛ کەد = رەنج؛ کۆتان = زەویی بۆ کێڵان سەخت) ( ئەمەگ/ ئەمەک = کەد، ئەزیەت)؛ تم = هەمیشە، بۆ تەواوی کات؛ پەیا بوون = دابەزین؛ دەرە/دارە = دەڕوات؛ ددی = دوو؛ زارۆک = منداڵ؛ گوهـ ددان = گوێیان دەدا، گوێیاندەگرت؛ دکەنین = پێدەکەنین؛ هەلە = ئا لەوە!؟؛ بنهێرن= بنۆڕن، سەیر بکەن؛ ڤایا = ئەوە؛ دەرەو = درۆ؛ ما = مەگەر؛ ئووسا = وەسا، وەها، ئاوا؛ بەلاڤ/ بەلا = بڵاو؛( شۆر= قسە)؛ گهاشتنە = گەیشتوونە؛ مینا= وەک؛ نوهـ= نوێ، ئێستا؛ هلتێ= هەڵدێت .

بـ ئەمرێ باڤێ کال و هەر دوو کۆکمێن ( لـ: کۆکمێ) ئاپانە

لـ دۆرهێلێ روونشتبوون هەزار و پێنجسەد خۆرتێن کوردان و هەمی کوڕێن بەگ و ئاغانە

د ناڤ وان خۆرتانده(لـ : خۆرتاندا) یەکی دن هەبوو، ئەوژی کوڕێ خالتیا مەمێ(لـ : مەمی)،

خوارزیێ عەمەر بەگی بوو، مەم (لـ : مەمی) ئەو کربوو سەرەکێ خۆرتانە

ناڤێ وی بەنگین بوو، لێ گورەکی مێرانە

مەمێ (لـ : مەمی) ئەو ژ خوە ڕە (لـ : ژ خوە را) کربوو دەستبرایێ ئاخرەتێ، هەڤالێ خوە ژ دل و جانە

وێ رۆژێ بەنگین (لـ : بەگلی) دبینە کو د ناڤ باژارێ مغربیاندە (لـ : مغربیان) گالەگۆتەکە (لـ : گالەگورتەکە) گرانە

هەرکەس درەڤە ( لـ : درەڤنە) بەر بـ بەحرێڤە، دەنگێ قیرەقیر و گۆتنێن وانە

بەنگین (لـ : بەلگی)، یەک شاندە بەر بەحرێ، گۆت : " لاو، هەلە هەرە بنێرە چ داهوا ڤان خەلکانە ؟"

ئەو خۆرت لـ بەنگین ڤەگەری پشتی چەند دەقیقان ژێرە دکە شۆرانە

بەنگین ( لـ : بەگلی) بـ سەر مەمێدە درەڤە و دبێژە : " برا، دبێنە بێتارەک هاتە سەرێ تۆڕ-ڤانانە

مەمێ گۆت : " چیە ؟ چ بێتارە ؟ بەنگین گۆت : " ئیرۆ تۆڕڤانان تۆڕی خوە ئاڤێتنە بەحرێ

---

کۆکم = کۆکمە، زۆر پیر، زورهان؛ لـ دۆرهێلێ = بە دەورەوە؛ یەکی دن = یەکێکی تر؛ ئەوژی = ئەویش؛ خالتی = خوشکی دایک؛ گور = گورگ، ( لێرەدا بە مەجاز) زۆر ئازا؛ دەستبرایێ ئاخرەتێ = نیزیکترین هەڤاڵ تا کۆتایی ژیان؛(بەگلی= بەنگین- بە خۆشەویستی؟) گالەگۆت = گالە گورت، دەنگۆ، زەنا؛ درەڤە = رادەکات؛ بەر بـ بەحرێڤە = رووەو دەریا؛ وان = ئەوان؛ هەلە = ئا دەی؛ داهوا = دەعوا؛ ڤەگەری = گەڕایەوە،( لێ ڤەگەری = وەڵامی دایەوە)؛ شۆر = قسە ( شۆر کرن = پێ‌ڕاگەیاندن)؛ بـ سەر ... درەڤە = دەچێتە لای ...؛ دبێنە = دەبێژن، دەڵێن؛ بێتار= بەڵا، کارەسات؛ تۆڕڤان = ماسیگر( بە تۆڕ)؛

بـ چەند جیانە

کەتییە ناڤا تۆڕێ تشتەکی گرانە

خەلکێ باژێر گشکی خوە ددنە وەریسانە

نە دەردکەڤە و نە ژی دلڤە بـ کشاندنا خۆرتان و پەیانە "

هەما مەم رابوو لنگێ خوە ئاڤێتە جۆتێ سۆلانە

داکەت حەوشێ و چوو بەر کەندالێ بەحرێ، تەڤی گەلەک خۆرتانە

دیت کو تەڤی تۆرڤانان پڕ مەرڤان( لـ : مەریان) دەستێن خوە ئاڤێتنە بەنێ تۆرانە

خوە ددنێ وها کو دەستێ وان گشکان ( لـ : کشکان) خوین بوونە ژ زۆرانە

کۆ چاڤێ تۆرڤانان لـ مەمێ ئالانە

گۆتن : " پادشاهێ مە ( لـ : پادشاهم)، ئەم چ ( لـ : چتۆ) بکن ؟ ڤان پەیانا هەمی وەستیانە

بـ دەرناکەڤە میراتا ( لـ : مەراتا) تۆڕانە

نە ژی بەن دقەتن کۆ هێڤیا مە وەرە بڕین ژ تۆڕانە

قەنە، تو یاریا مە بکە، بەلکی ئەم بـ نفووسا تە بدەرخن ڤان تۆڕانە

مەمێ ( لـ : مەمی) بـ بەنگینڕە (لـ : بەلگیڕا) خەبەر شاندە ژ خالێ خوە عەمەر بەگێڕە

( لـ: بەگیڕا)، هات تەڤی کالانە

بەنگین ( لـ: بەگلی) هات تەڤی هەزار و پێنجسەد خۆرتێن کوردان، خوە دانە بەنانە

---

چەند جی = چەند جێگا؛ تشت = شت؛ گشکی = گشتی، هەمووی؛ وەریس = گوریس؛ نە ژی دلڤە = نە دەشبزوێت؛ کشاندن = کێشان؛ پەیا = پیاو؛ هەما رابوو = ئیتر هەستا؛ سۆل= پێڵاو؛ تەڤی = لەگەڵ، وێڕای؛ تەڤی = هەموو؛ مەرڤ/ مەری = مرۆڤ؛ ئاڤێتن = هاویشتن ( خوە ئاڤێتنە(لێرەدا)= کەوتنە سەر راکێشانی)؛ گشکان= هەموویان؛ خوین بوونە = خوێناوی بوون؛ زۆرانە = زۆرانێ، زەحمەتی؛ ڤان پەیانە = ئەم پیاوانە؛ وەستیانە = ماندووبوون؛ دقەتن = دەپسێن؛ قەنە = بەلای‌کەم؛ نفووس= ودم، بەرەکەت؛

بەن کشاندن، بوو هوفەهوفا ( لـ : هوفەهوفێ) پێلان و چیرکەچیرکا( لـ : چکەچرکێ) بەن و شریتانە

بـدەرکەت بنانیا ( لـ : بنانیێ) تۆڕانە

دیتن کو د شەبەکێ تۆڕاندە جەناوەرەک دخەوینە، د شکلێ هەسپانە

تەڤدا مینا گۆتنا ریسپی و کالانە

هنگێ (لـ : هنگا،) مەمێ دگۆت :" پەیڤا ( لـ : شۆرێ) کالان تەڤ جەوهەرە، دڤێ ناڤێژی بن لنگانە

گاڤا کالان ژ مە ڕە دگۆتن د بەحرێدە ( لـ : بەحرێدا) جەناوەرەک هەیە، مینا هەسپانە

مە دگۆت : " دەڕەوە"، مە باوەڕ نەدکر گۆتنا وان کالانە

---

هوفەهوفا پێلان= هوفەهوفی شـەپۆلان (دەنگی شەپۆلان)؛ چیرکەچیرکا بەن = چیرکە چیرکی بەن( دەنگی جیرەجیری راکێشانی بەن)؛ دخەوینە = دەخەوێت ؛ تەڤدا = تێکڕا؛ دڤێ نـاڤێژە = دەبێت نەیهاوێیتە؛ گاڤا = کاتێک کە .

# زستان دەڕوا و ڕووڕەشی هەر بۆ خەڵووز دەمێنێتەوە

نووسینی : م . حەسەنپوور *



کلکەی مانگی ڕەشەمە بوو، تاو لە نێو دێ چەقی بوو، بانان هەڵمیان لێ هەڵدەستا، باپیرە برایم لە بەربەڕۆچکە لە سەر باگردێنێک دانیشتبوو و سەری گۆچانەکەی لە گڵی بانیژە وەدەژاند و داڵغەی لێ دابوو،بیری لەوە دەکردەوە کوێرا سەت زستان لە تەمەنی تێپەڕی، لە خەیاڵی خۆیدا هەر دوێنێ کوڕەلاوێک بوو هێلکە لە باخەڵیدا دەکوڵی و لەو کۆڵانە تەنگەبەرانەدا سیپەی هەڵبەستبوو و پارێزی بۆ گراویلکەی ڕێی کانی دەبرد .

منداڵەوردکە لە سەربانان خەریکی" قەلفڕین" و" باژۆڕێن" و " دایە مەمدە بە گورگی" بوون و جاروبار بە تینی کولاوکەی سۆبە دەستەکانیان گەرم دەکردەوە . باپیرەبرایم بەینبەین بلوێری بەر پشتێندی دەردەهێنا و تێیدەتووڕاند بەڵام زووزوو پشووی سواردەبوو، کە نسێ بە سەر دێدا دەکشا، بە شێنەیی و لۆژەلۆژ سەربانیژەی جێهێشت و خۆی خزاندەوە ژوورەوە .

---

*جارێکیان شیعرێکم لە فەیسبووکدا دیت، وامزانی شیعری هێمن بوو و وا بۆ جاری یەکەم دەمدیت، پرسیارم کرد، دەرکەوت نەخێر شیعری کاک " محەمەدی حەسەنپوور" بوو . ئەوجا کە سەیری شیعری دیکە و نووسینەکانیم کرد، دیتم کە چ پسپۆڕێکی فۆلکلۆر و زمانی کوردییە . من قەت شتێکیم نەخوێندووەتەوە بە بێ ئەوە کە هێندێک کوردیی لێ فێرببم، هەرجارە کە مانای وشەکان و زاراوە و باسەکانی لێدەپرسم، لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانم درێغیناکات، بە حەوسەڵەیەکی زۆری مامۆستاوە بۆم ڕوون دەکاتەوە، من بۆ ئەوە زۆر قەرزداریم .

دوای بانگی شێوان، گەورە و گچکە لە دەوری کەوڵی نـان کـۆبوونـەوە، کاڵێ – بـووکی باپیرە برایم – پرتەوبۆڵەیەتی : بەو مانگی قوونـهەڵکڕێنەیە لە بەری بەیانییەوە دەبێ لە فکری ئەوەدا بم خواردنێک بۆ ئەو هەینەمەل و کولەوارە ساز بکەم!
باپیرە دەڵێ : کچم کاڵێ! لێیانگەڕێ با نانەکەیان وەگیانی بکەوێ، گلە و گازندە لە دەمی ژەمێدا ناکرێت .

دوای نان وردودرشت لە دەوری باپیرە کۆدەبنەوە،
پێیان دەڵێ : ئـاورگ ئاوردووی لێ بڕاوە، ئالێکی ئاژەڵان لە تەنکی داوە و توێشوو و بژیومان کەم بووە، دۆم بە دانیشتنێ ماڵی وێـرانە، لە بـووڵێڵی بـەیانیەوە هەرکەس دەچێتەوە سەر کار و ئەرکیخۆی، زستان بەرەو تەواوبوونە و وەختی دانیشتن لە دەوری کورسی و داهێنانی مەتەڵ و گێڕانەوەی چیرۆکی بەرئاگردان بەسەرچوو، دەبێ لە پـەڕگەهاویشتن، جۆماڵ، شێو و وەرد و ... وەخـۆکەوین، تازە خۆ من کەنەفتم و هەر عومری پیرەمەڕێکم ماوە و چم لە دەست نـایە، داخی گرانم گۆشت ئەگەر کولی کاڵ نابێتەوە .
گـەردی بـەیانی هـەموو هەڵدەستن، لە دەرەوە بایێکی ئاماڵ سارد دێت، خەڵووزی ناو ئاگردان چاوە ڕەشـبینەکانی تیبڕیون و پێیان دەڵێ : مەڕۆن، دەرەوە ساردە، دەڵێی نانتان بەسەر سێڵەوە سـووتاوە، سـەری بێ ڕۆژی لە بن گڵدایە، زسـتان کـوڕەمیـرە ڕۆژێـکی مابێ زوڵمی خـۆی دەکات، خۆتان بە هیلاک مەدەن شەیتان پەلەی کرد چاوی خۆی کوێر کرد .
قسەکانی رەژی ڕووڕەش خـەریکە لە کار و خەبات دڵساردیان بکاتەوە، لاقی رۆیشتنیان نییە، باپیرە خـۆی هـاویشتۆتە سـەر گـۆچانەکەی دەڵێ : ڕۆڵـەکانم کار شـێرە ئـەگەر دەستت بۆ بـرد دەبێتە ڕێوی، بە قسەی خەڵووزی ڕووڕەش مەکەن، دەستی ماندوو لە سەر زگی تێرە .
ئاخری شەیتان بە لەعنەت دەکەن و دەڕۆن، ئێوارە هەموو بە دەستی پڕ دەگەڕێنەوە،لە دەوری سـفرەی ڕازاوەی کاڵێ کـۆدەبنەوە، بـۆنی چێشـتی گیابـرژیـوی بـەهاری و هێلکەی کـوردی و دۆکوڵیوی گێلاخە نێوماڵی داگرتووە،باپیرە دواپارووی قووت دەدات و دەستی شوکرانەبژێری بەرز دەکاتەوە دەڵێ :

ڕۆڵـەکانم ...! چـەند رۆژی دی نـەورۆزە، دەبێ سـبەی کـۆلک و قـەڵاشـکەری بۆ کـردنەوەی ئاگری نەورۆزی کۆ بکەینەوە، دیسان سبەی قسەکانی خەڵووز بەرچاوتان تاریک نەکات .

ئێوارەی ئـاخرین ڕۆژی زستان دێت هـەموو خەڵکی دێ لە گردی پشت دێ کۆ دەبنەوە، باپیرە برایم مەشخەڵێکی بە دەستەوە و ئاگر دەکاتەوە و دەڵێ :

ڕۆڵەکانم جێژنەتان پیرۆز بێت، رەببی لە ساڵی نوێدا بەردی سارد و گەرمتان نەیێتە سەر ڕێ، ئەوە بەهاریش هات، قسەی منتان لێ وەڕووهات نەمگوت :

" زستان دەڕوا و ڕوووڕەشی هەر بۆ ڕەژی دەمێنێتەوە! "

م . حەسەنپوور( بێوران)

(٢٢ی ٣ی ٢٠٢٢)

# چەند وردە بیرەوەریی منداڵیم

- ئەوە سەرەقەڵەمێکە، لە سەرەتای قۆناغی منداڵیم

نووسینی : رەسووڵ سوڵتانی *



**مەحموود گوڵێ و قازی محەمەد :**

مەحموود گوڵێ باپیرمان بوو . ئێمە نەماندیتبوو . دیارە ساڵی١٣٥٠ مردووە . ئەوەندەیان هەقایەت و بەسەرهاتی پاڵەوانێتیی باپیرە مەحموود بۆ گێڕابووینەوە، لەبەرچاومان کردبوویانە شێخی قوونڕەش . بۆ چما یەکێک دەیوێرا بڵێ : ( لە گۆڕی مەحموود گوڵێ بەم) تازە فاتیحای خوێنرابوو . بۆ وێنە دەیانگێڕاوە، باپیرە مەحموود بەفر لە پشتێند بووە چووەتە تەختەبەشان، چوار گورگ بۆی هاتوون لێیان نەترساوە و کوشتوونی . هەڵبەت باپیرم راوچییەکی باش بووە . شتێکی کە لە باپیرم دەیانگێڕاوە و تا ئێستا پێم سەیرە، ئەوەیە کە خزمەکانمان لە دێیە-کانی دیکە زۆر جار لێیان دەگێڕاوە و دەیانگوت : بەفر و کڕێوە و بۆرانێک بوو چاو چاوی نەدەدی، کتوپڕ مام مەحموود وەژوورکەوت، دوو قاز، یان مراویی لە باخەڵی دێنا دەرێ و

---

* کاک رەسووڵ سوڵتانی، شاعیر و نووسەر و کوردیزان و وەرگێڕێکی زۆر بەتوانا، بەتەنیا ئەوەندەی هەموو کوردی دی ئەدەبیاتیدنیای- لە زمانیفارسییەوە - وەرگێڕاوەتە سەر کوردی، ئەگەر ئەم نووسینەی باش بخوێنیتەوە، رەنگە خۆت تێبگەیت کە وا باشە پێت وا نەبێت ئەگەر تووڕەی بکەیت نازانیت چیت پێ بڵێیت!

دەیگوت : ها ئەوەم بۆ لێنێن با پێکەوە بیخۆین . باشە ئێستاش پێم سەیرە، قاز و مراوییەکی بە تاپڕ کوژرابێن و سەریان بڕابێ و خوێنیان لێ بچۆڕێتەوە چۆن لە باخەڵیناون . جا ئەوەندەیان باسی ئەوە بۆ کردبووین کە لە تەختەبەشان لە فلآنە جێ سیپەی دەنایەوە، من گەورەش ببووم کە بەوێدا دەڕۆیشتم تارمایی باپیرمم دەدی ئەوە لە سیپەیەکدا لوولەی تاپڕەکەی هێناوەتە دەرێ و قامکی لەسەر پەلاپیتکەیە و هەناسەی لە خۆی بڕیوە و دەیەوێ باڵندەیەک بکوژێ . بەهەر حاڵ ئەو باپیرە ئەفسانەییەی بۆیان باس دەکردین کە هیچ کەس دەرەقەتی نەهاتووە و دارێکی لە ورچ دابا دەیخست، لەبەرچاومان باپیرەیەکی ئاسایی نەبوو . شتێکی موقەدەس بوو . بێت و نەک بە گوێیخۆمان گوێمان لێ بایە، بگرە بۆشیان گێڕاباینەوە یەکێک گوتوویەتی لە لوولاکی مەحموود گوڵێ بەم، کابرا بۆ ئێوارێ تێهەڵدانێکی دەخوارد، چونکە کوفری وا لێخۆشبوونی نەبوو .

ساڵێکیان ماڵی خۆمان تاقە مانگایەکمان هەبوو، مانگاکەمان تێکەڵی مانگاکانی ماڵی پوورە-ئامینم دەکرد بۆ دەشتێ . منیش لەگەڵ کاک برایمی مێردی پوورم ( برایم زەنگیانە) دەچوومە بەریان . ڕۆژێکیان کاک برایم گوتی : ئاگات لێیان بێ زیانی نەکەن ئێستا دێمەوە . هەر ئەو ڕۆیشت و مانگای کلکبڕاو لە قۆپییەکە پەڕییەوە ئەوبەری ماڵی عەیزی خدراغای عەلیاباد .

کاک عەیز هەرای کرد : کوڕە هەی گووت بە گۆڕی مەحموود گۆڵێ ئەوە بۆ ئەو مانگایەت پەڕیوەتەوە ؟ ... بوو بە قیامەتێک سەگ ساحێبی خۆی نەدەناسییەوە . دروێنەوان پازدە کەس دەبوون، دروێنەی مامە قاسممیان دەکرد . مامم گوتی : ئەی ئەوە جنێوی بە بابم دەدا . ئەوە بۆ بابی ناگێن ؟... بوو بە تەپوتۆزێک مەگەر خوا بزانێ . کابرایان خوریشۆر کرد . کاک عەزیز لانیکەم پەنجا پشتە شەنەی وێکەوتبوو . برایەکی هەبوو میکانیک و قسەخۆش و جنێوفرۆش بوو . جنێوی بە هەموو کەس دەدا و کەس دڵی لێ نەدێشا . هەرای کرد : کوڕە دەست ڕاگرن کاک قاسم ئەو کەرانەت بۆ لە کاکم بەرداوە ؟ گوتی : جنێو بە بابم دەدا . گوتی : بۆ گۆڕی بابت دەگێم، بابت قازی محەممەدە نابێ جنێوی بدرێتێ ... مامە قاسمم پێکەنی گوتی : وەڵلاهی ڕاست دەکەی ... بەو قسەیە سوڵح کرا .

**من و مەحموود گوڵێ :**

مەحموود گوڵێ خەتی سوور بوو . خەتی سووری تایفەکەمان . خەڵک لە دێ شەڕە باپیریان دەکرد . بەڵام منداڵی تایفەی ئێمە ئەگەر حەزیشیان لەو بەزمەی بایە، هەم نەیاندەوێرا هەمیش دڵیان نەدەهات شەڕي باپیر بکەن .

جارێکیان کامیلی مامە رەشیدم شەڕە نەنکی کردبوو . کاکم ئاگای لێ دەبێ و جنێوی دەداتێ و دەچێ بە مامە قاسم دەڵێ . شەوێ لای سەعات نۆ و نۆ و نیوی شەو بوو لە ماڵی مامە رەشیدم دانیشتبووین کە مامە قاسمم بە تاپڕێکەوە وەژوورکەوت . مامە قاسم مامی گەورەمان بوو . کە تووڕە دەبوو کەسی نەدەپاراست . ئەوەندەمان زانی دەرگا کراوە و بە مشەمش وەژوورکەوت و گوتی کوا ئەو قووندەرە ؟ قووندەر کێیە خوایە گیان ؟ ئاخر مامە قاسم لە هەر کەس تووڕە بایە پێی دەگوت قووندەر . ئێمەش هەموو چاومان زەق بۆوە و دادە توبام(دایکی کامیل) گوتی: کاک قاسم گیان کامە قووندەر ؟ ئێمە دانیشتبووین، بەڵام کامیل لەولاترەوە لەسەر زگ خەوتبوو . ئیدی مامە قاسم چاوەڕێ نەبوو وەڵامی بدرێتەوە یەکسەر لوولەی تاپڕەکەی لەسەر قوونی کامیل دانا و گوتی : ئەوە قووندەر شەڕە دایک بە دایکی من دەکەی ؟ ئەو دوو بەراز- کوژەت لە قوونی بکەم خوێڕی ؟ ها ؟ جا بۆ شەڕە دایک بەو دایکەی خۆت ناکەی بەشی شارێک دەکا ؟ دایکی کامیل دەیکردە براژنی مامە قاسم، بەڵام کە تووڕە دەبوو براژن و شتی وای لە بیر نەدەما ... جا مامە قاسمم هەرچی بیرەوەریی دەیگێڕاوە، بەشی هەرە زۆریان بیرە- وەریی خەڵک و بەتایبەتی ئیی بابی بوون . کە دەیگوت : بە رەحمەت بێ بابم دەیگێڕاوە دەیگوت : بە هەر سێ عورفی کەلامەڵا... ئەو ساڵەی گامێشە زەردەکانی مامە جەعفەرم دەلەوەڕاند، دووەم هاوینی بێ باوکیم بوو . هاوینەکەی پێشتر مانگاکانی مەلا زبێدم دەلەوەڕاند لە کانیەسارد . کانیەسارد دەم چۆمێکی نێوان قەڵا و حاجیلەک بوو . هەمووی دارستان و دار بی بوو. دارستانێکی چڕ . جا خەڵک هەقایەتی زۆر ترساناکیان لێ دەگێڕاوە . باسی ئەو کەسانەی لەوێ جنۆکەیان دیتووە و جنۆکە لەوێ دەستی لە کێ و کێ وەشاندووە . ناخۆشترینشتی کانیە- سارد ئەو گۆڕستانی مەلا شێخ بوو کە بابمی لێ نێژرابوو، رێک لەوبەری چۆمەکەوە بوو . جاری وا بوو کە نیوەڕۆ مانگاکانم مۆڵ دەدا، بە غاردان دەچوومە سەر قەبری بابم . تێر

دەگریام و دەهاتمەوە . رۆژێـکیان جـەعفەری مام رەشـید کە لەوێ بێسـتانی هـەبوو، گـوتـی : رەسـوولْ گیان مانگـاکانت بەجێ مـەهێـڵە، ئێرە گـورگی لێیە گـوێـلکەکانت لێ دەخـۆن . ئیـدی نـەموێرا مانگـاکان بەجێ بهێـڵم، رێگاش نـەبوو مانگاکان بـەرمە نیزیک گۆڕستانەکە چـونکە لەوبەری چۆمەکەیە .

ئـەو سـاڵە سـاڵێکی نـاخۆش بوو . ئیدی بۆ هاوینەکەی دی، نەچوومەوە لای مەلازبێد و بوومە گامێشەوانی مامە جەعفەرم . رۆژێکیان گامێشەکانم برد ئاویان بدەم . ئاوەکەش ئاوی بیر بوو . بیر و ماتۆرەکە ئیخۆمان بوو . ماتۆڕەکەمان لەگەڵ مامەرەشیدم شەریکی بوو . هات گوتی : ئەو گامێشانە نـەهێنی بۆ ئێرە هـا، بەریانەکەم لێ دەشـکێنن . جـوابم نـەداوە . مامە رەشـیدم بـە پێمەڕەیەکەوە بـۆم هات گوتی : ئەوە لەگەڵ تـۆم نیە دایکت دەگێم ؟ ئـەو هات و من هـەڵاتم ... کە هـەڵاتم لەولاوە مامە قاسمـم دەهات، بە بێ وەی بـزانێ مەسەلە چییە گوتی : ئـەوە بۆ کـوێ هەی دایکەکەت... بەرەو لایەکی دیکە گەڕامەوە، مامە جەعفەرم لەولاوە گوتی بیهێنن دەیگرم ... گـەڕامەوە لایەکەی دیـکە جۆگەیەک بوو لیپاولیپ ئاوی پێدا دەڕۆیشت، جۆگەیەکە لە نێوان زەوییە درێژەی مەلافریشتە و زەوییەکانی ئێمە . لە سێ لاوە بۆمهاتن نـاچار خۆم بە جۆگەکەدا دا و پـەڕیمەوە . زۆرم زگ بە خـۆم سـووتا . چوومە سەر کێوەکە ( کێوی سمایلاغا ) و دەستم لە بـن گوێـم نـا و گوتم : ئەهۆۆۆۆۆۆۆی خەڵکینە ... هەرچی لەو مەزرایەدا بوو پشتی قیت کـردەوە و روویـان لە کێوەکە کرد . گوتم : ئـەو کوڕانەی مـەحموود گـوڵێی قـەحبەباب بە سێ کەسان لێم دەدەن، هەی لە گۆڕی مەحموود گوڵێ بەم ... بوو بە قیامەت . مامم هەرای دەکرد : کوڕە هـەتیو حەیامان مەبە بۆ جنێو دەدەی ؟ وەرە هـەتیو خەڵک فێر دەبن جنێو بە بـابم دەدەن . ئێوارە نـەموێرا بچمەوە ماڵێ، یـەکسەر چوومە خانکەندی بۆ ماڵی خاڵە فەتاحم . درەنـگان بوو گەیشتمێ . خاڵم زانی هـەڵاتووم . کە نـەقڵەکەم بۆ گێـڕاوە، گوتی لەبەر شتێک نـەبا بەو شـەوە دەرمدەکـردی، چۆن جنێوت بە مام مـەحموود داوە ؟ ( ئـامۆزای بـابی بـوو) ... نـاچـار بـەیانی چوومەوە بـەڵام دایکم لەسـەرم هاتە جواب و کـەس هیچی پێ نـەگوتم ... لەوەڕا دەراوی زارم کراوە و ئیدی ئەوجار تەنیا من دەموێرا جنێو بە مەحموود گوڵێ بدەم ...

# مەست و وشیار

شیعرێکی پەروین ئیعتیسامی

و : کامیل بۆکانی *



پاسەوانێک دیتی مەستێک و بەرۆکی گرتە دەست
مەست وتی لالۆ ئەمە جلکی منە هەوسار نییە
ئەم وتی مەستی لە بۆیە ئاوەها هەر لەتر ئەدەی
ئەو وتی رێگا خراوە هیچ خەتای رێبوار نییە
ئەم وتی پێویستە ئێستا تاکوو لای قازیت ببەم
ئەو وتی سۆزی وەرە قازی بە شەو بێدار نییە
ئەم وتی دەی ماڵی والی لێرە نیزیکە دەچین
ئەو وتی چووزانی والی مەست لە ماڵی یار نیە
ئەم وتی ئێژین بە حاکم با لە مزگەوتا بنووی

---

کاک کامیل بۆکانی، من هەرجارە کە وەرگێڕانی شیعرێکی لە فارسییەوە دەخوێنمەوە، لەبەرخۆمەوە دەڵێم : چ بەختەوەرە ئەو شاعیرە فارسەی کە تۆ شیعری بە شیعر وەردەگێڕیتە سەر زمانی کوردی، چونکە بە بێ ئەوە کە یەک تۆزقاڵ لە وەرگێڕانی بە ئەمانەت و وردیی قسەی ئەسڵەکە دەرچێت، شیعرەکەی جوانتر دەکەیت، کوردییەکەی تۆ لە ئەسڵە فارسییەکە جوانترە .

ئەو وتی ماڵی خودا جێگەی کەسی بەدکار نییە

ئەم وتی دەی بمدەرێ دیناری خۆت رزگار بکە

ئەو وتی کاری شەرع بۆ درهەم و دینار نییە

ئەم وتی هەر بۆ سزایە جلکەکانت داکەنە

ئەو وتی پاکی رزیوە و تان و پۆشی دیار نییە

ئەم وتی ئاگات لە خۆت نێ وا کڵاوت داکەوت

ئەو وتی سەر عەقڵی تیا بێ، بێکڵاوی عار نییە

ئەم وتی زۆرت شەراب خواردۆتەوە و هۆشت نییە

ئەو وتی گەوجە ئیتر باسی کەم و یەجگار نییە

ئەم وتی پێویستە وشیاران سزای مەستان بدەن

ئەو وتی دەی لەم وڵاتە هیچ کەسێ وشیار نییە

تێبینی : ئەم شیعرەم سێ ساڵ لەمەوبەر لەسەر داوای هاوڕێیەکی ئازیزم کردە کوردی .

.........

## مست و هشیار



محتسب، مستی به ره دید و گریبانش گرفت

مست گفت ای دوست، این پیراهن است، افسار نیست

گفت : مستی، زان سبب افتان و خیزان میروی
گفت : جرم راه رفتن نیست، ره هموار نیست
گفت : میباید تە را تا خانه قازی برم
گفت : رو صبح آی، قاضی نیمەشب بیدار نیست
گفت : نزدیک است والی را سرای، آنجا شویم
گفت : والی از کجا در خانه خمار نیست
گفت : تا داروغ را گوئیم، در مسجد بخواب
گفت : مسجد خوابگاه مردم بدکار نیست
گفت : دیناری بده پنهان و خودرا وارهان
گفت : کار شرع درهم و دینار نیست
گفت : از بهر غرامت، جامەات بیرون کنم
گفت : پوسیدست، جز نقشی ژ پود و تار نیست
گفت : آگه نیستی کز سر در افتادت کلاه
گفت : در سر عقل باید، بی کلاهی عار نیست
گفت : می بسیار خوردی، زان چنین بیخود شدی
گفت : ای بیهودەگو، حرف کم و بسیار نیست
گفت : باید حد زند هشیار مردم، مست را
گفت : هشیاری بیار، اینجا کسی هشیار نیست

# بەفرێک بە راوێژی بەهار

ڕابووون رۆژهەڵات



شەوێک، زستان بە ئاور کەوتبوو، شار، مەستی مەستی مەست
لەپڕ هەرچی شەقامی شەو، لە شێعرا بەستی بەستی بەست
شەوێک، زستانی ساڵێک بوو؛ کە رێبەندان لە کۆڵاندا
لەگەڵ کیژان بەهاری بوو؛ بەهارێک، خەستی خەستی خەست
شەوێک، گورکێک لەسەر زامێک دەنوست، پڕ بوو لە رۆژئاوا
مهابادێک؛ بە کاتی رۆژهەڵات، پەیمانی جوانیی بەست
شەوێک، من بوومە حیزبی رۆژ، دروشمێك بووم هەتا دەریا
وە کۆماری بزەی تەنیاییەکان بوو، تا بەیان سەربەست
شەوێک، رۆژنامە بوو، پڕ بوو لە وانەی کۆتر و ساماڵ
شێعر بوو کووچە، چیرۆک شار و بەیتی نیشتمانێک هەست
شەوێک، خەنجەر لەسەر بێدەنگی دەخزا و ئێمە هاوار بووین
ئەوی تاریک بوو تەنیا ما، لە وێستگەی بێکەسیی بنبەست
سبەینێ؛ بوو بە دووی مانگێک، کە ڕێبەندانە سەربەندی
سبەینێم من! سبەینێی تۆ! سبەینێیەک؛ پڕی هەڵبەست
بەرەو کام شار بڕۆم ئێستا ؟ درەنگانی سبەینێیە
ونم لەو شارەدا، وا نوێژی پڕ بەفرم بە گڕ دابەست

# له بێدەنگیی نیوەشەودا

## جەعفەری حوسێنپوور (هێدی)



ئەوشۆ میوانی خەونێکتم،

لەو خەونانەی بەرەبەیان لە بیرت دەچنەوە .

لە شەوداوەتی ژوانەکانتدا

هەر ئەوشۆکە دۆی دەستی منی!

پێش ئەوەی کازیوە بین بە سۆمایی چاوەکانتەوە نێ،

بە نیگایەک بمدوێنە!

لە بێدەنگیی نیوەشەودا

بە تریفەی مانگی حەزت داپۆشە!

بە لەرەی دەنگت

بملاوێنەوە!

بەر لەوەی ڕێی ژوانێکی دیکە بگری

ئاونگی سەر تاسە و حەزەکانت

بە گزینگ بسپێرە،

با ڕازی تۆ لە هەتاو ببیسم!

10.5.2001

## هێندێ جار هەست بە شەرم دەکەم کە بێدەنگە ...

پێترارکا



لە شیعری ژمارە ٢٠ی دیوانی کانتسۆنیێری :

هێندێ جار هەست بە شەرم دەکەم کە بێدەنگە ...
جوانیی تۆ خانم، لە شیعری مندا .
ئەو کاتەم لە یادە کە بۆ جاری یەکەم تۆم دیت،
هیچ شتێکی تر نەبوو ئەوەندەم شاد بکات .
بەڵام بارێکە لەسەر شانم زۆر قورسە
ئەو کارەی کە لە توانای مندا نیە :
زۆر کەڕەت دەمم کردەوە قسە بکەم
بەڵام دەنگ لە سینگمدا مایەوە
مەگەر ئەو کێیە تا بتوانێت وا بەرز هەڵگەڕێت ؟
زۆر جار بە خەتی تێکەڵوپێکەڵ دەستم بە نووسینی شیعر کرد
بەڵام قەڵەم و، دەست و، توانا
لە یەکەم هەوڵیاندا شکستیان هێنا و کشانەوە .

## ئەسڵە ئیتالییەکە

Canzoniere, 20
Francesco Petrarca

‘Vergognando talor ch’ancor si taccia,’

Vergognando talor ch'ancor si taccia,
donna, per me vostra bellezza in rima,
ricorro al tempo ch'i' vi vidi prima,
tal che null'altra fia mai che mi piaccia.
Ma trovo peso non da le mie braccia,
ne ovra da polir colla mia lima:
pero l'ingegno che sua forza extima
ne l'operation tutto s'agghiaccia.
Piu volte gia per dir le labbra apersi,
poi rimase la voce in mezzo 'l pecto:
ma qual son poria mai salir tant'alto?
Piu volte incominciai di scriver versi:
ma la penna et la mano et l'intellecto
rimaser vinti nel primier assalto.

لە شانۆی : ئەڤینی دۆن پێرلیمپلین لەگەڵ ڤێلیسا لە باخچەکەیدا

فێدەریکۆ گارثیا لۆرکا



ئارام تیگران لە گۆرانییەکیدا دەڵێت : هەی نازێ- نازێ- نازێ، تێلەک ژ تێلا سازێ! فێدەریکۆ گارثیا لۆرکا (١٨٩٨-١٩٣٦)ی ئیسپانی ( فێدەریکۆ، ناوی خێزانیی باوکی : گارثیا، ناوی خێزانیی دایکی : لۆرکا - شێوەی ناونانی ئیسپانییەکان)، وەک من دەیبینم، بە " تێلەک ژ تێلا سازێ" لەدایکبووە . خۆی سەرەتا پێی وابووە کە حەتمەن مووسیقا رێبازی ژیانی ئەوە، کەچی تیاتر و دوای ئەوە شیعر بۆخۆیان برد .

ئەو مرۆڤە یەک پارچە مووسیقا بوو، تۆ سەیری شیعرەکانی بکە : سەعات پێنجی ئێوارە، سەعات پێنجی ئێوارە، سەعات ... یا : کە نامەوێت بیبینم، من نامەوێت بیبینم ... چونکە تۆ بۆ هەتا هەتا مردیت، چونکە تۆ بۆ هەتا هەتا مردیت، چونکە ... ئەوە تەختی مووسیقای تیپی مووسیقایە، کە ئاهەنگی مەقامێکی بۆ ساز دەدەن .

لۆرکا، بە پێچەوانەی زۆربەی مرۆڤانی ئەم دنیایە، لە رووی کەسوکارەوە زۆر شانسیهەبوو . مرۆڤ کە لەدایک دەبێت، بەگشتی وەهایە کە کەسوکار دەیخەنە سەر تەختەی قەسابی و بە ساتۆرێکەوە تێیدەکەون بیکەن بە تەیرێکی حیسابیی بە میزاجی خۆیان؛ دە لۆرکا وا نەبوو . کەسوکاری لۆرکا پێیانگوت: وەکو خۆت بە! چی دەخوێنیت یا ناخوێنیت، حەز لە چیدەکەیت، لە کێ دەکەیت، جنسی بەرانبەر یا لە لەگەڵ سیلڤادۆر دالیی هەڤاڵتدا یا هەر هاوجنسێکی تر،

ئێمە هەر لەسەرمانە هەرچیمان بۆ میزاجی تۆ لەدەست بێت بۆت بکەین . گوتی : شیعر دەنووسم، بۆم چاپ بکەن، گوتیان بەسەرچاو ... ئیدی سنوورێک نەبوو، حاڵەتێکی ئێجگار زۆر نائاسایی " ئەڤینی بێ مەرج " کە زۆر بەدەگمەن هیچ دایک و باوکێک لە دنیادا هەیانە . ئەڤینی منداڵی بچکۆلە بۆ کەسوکاری بێ مەرجە ( وادیارە ئەگەر واش نەبێت ژیانی ناڕوات)، بەڵام ئەڤینی کەسوکار بۆ ئەولاد بە ئەوەندەی مەرجەکانی حکومەتەکانە بۆ قەبووڵکردنی خەڵک ئەگەر پتریش نەبێت .

قەت ئەوەم لە تۆلستۆی لەبیرناچێتەوە کە دەڵێت : خۆشەویستیی دایک و بابم بۆ من وەکو ئەوانەی تری هاوچینەکەم زۆر سادە و روون بوو : ئەگەر بتوانم باش بە فەرەنسی قسە بکەم خۆشیان‌دەوێم، ئەگەر نەتوانم خۆشیان ناوێم و تەواو! ئیدی هیچ ئاڵۆزییەکی تێدا نیە .

لۆرکا بە هەستی باڵندەیەکی‌ئازاد دەفڕی و، خۆی دیتەوە کە وا لەسەر تەختی شانۆ دەنیشێتەوە . لە تەمەنێکی زۆر جەوانییدا خزمەتێکی زۆری بە شانۆی ئیسپانی کرد و، بەوە بوو بە خۆشەویستی خەڵکێکی زۆری بەتایبەتی باشوور و ئەوجا تەواوی ئیسپانیا .

شانۆی سوریالیی کە خەڵکی بە زۆر میزاجی جیاوازیش حەز بکەن بیبینن بەشێک بوو لە سەرکەوتنەکانی ، ئەمە شانۆیەکی بوو :

## Amor de Don Perlimplin con Belisa en su jardin

## ئەڤینی دۆن پێرلیمپلین لەگەڵ بێلیسا لە باخچەکەیدا

" مارکۆلفا " خانمی کارەکەری" دۆن پێرلیمپلین" ی سەڵت بە ئاغاکەی دەڵێت کە من وا پیر دەبم و، چیدی ناتوانم خزمەتت بکەم، تکایە ژن بهێنە، ژنێکی جەوانی کە بتوانێت خزمەتت بکات . بێلیسا خانمێکی زۆر جەوان هەیە، کە هەم دۆن و هەم ئەو زۆر دوودڵن کە بکرێت ئەوانە ببن بە هاوسەر، چونکە جیاوازیی تەمەنیان زۆرە . بەڵام دایکی کچەکە قەناعەت بە کچی دەکات کە ئەگەر مێرد بە ئەو پیاوە دەوڵەمەندە بکات پارەی زۆری لەبەردەستدا دەبێت، ئەوسا سەرنجی پیاوانێکی زۆر بۆخۆی رادەکێشێت و نانی دەکەوێتە رۆنەوە، عاقڵ بێت و ئەو

هەلە لەدەست خۆی نەدات .

هەرچۆنێک دەبێت، دۆنیش لەدواییدا مل دەدات و ژن دەگوازێتەوە .

شـەوی چوونە پـەردە، کە وا خەڵک لە تیـاتـر دانیشتوون ببینن چۆن پێشکەش دەکرێت، دەبینن دوو جنـدۆکە بـە پـەڕۆیەک پـەردەیەک لە نێـواندا دەکێشـن تا خـەڵـک نـەبینن چی روودەدات . خـەڵک تێـدەگەن کە دیمـەنی چـوونەپەردەی بـووک و زاوا نـاکرێت پیشـان بـدرێت . بـەڵام کە پەردە سبەی لادەدرێت، دەردەکەوێـت کە پێنج پیاو ئـەو شـەوە هـەر یـەکەو لە پەنجەرەیەکەوە هاتوونەتە ژوور و لەگەڵ بووکدا جووت بوون، مێرد هیچی لەگەڵ بووکیدا نەکردووە .

ئـەوجا دۆن لەوە ئاگادرە  کە چی روویداوە ؟  بـەڵێ چۆن . کاردانەوەی لە ئـاست ئـەوەدا چی دەبێت ؟ کاردانـەوەیەکی ئێجگار زۆر سەیر، دەڵێت : ئێستا دەزانم عیشق یانی چی!

دوای ئەوە، مارکۆلفا خـانم، نـامەی عاشقێک دەگـەیەنێتە دەسـتی بێلیسا خـانم، نـامەیەکی زۆر جوان لە کەسێکەوە کە بە ناوی" عابا سوور"، نامەیەکی تریش و یەکی تریش بەدوودا، نامەی عاشقانە بەدووی نـامەدا، کە داوای عیشقی لێ دەکات . یـەک لە یـەک جـوانتر کە ئیدی بێلیسـا دەورووژێنن و، بێلیسـا بـڕیار دەدات وەڵامی بـداتەوە و، بـۆشی بچێتە ژوان : فـڵانە کات وەرە باخچەی ماڵەکەم، ماڵی دۆن پێرلیمپلین .

بێلیسا لە کاتی دیارکراودا دەچێت، عاباسووریش دێت، بەڵام هێشتا بە باشی نـەیدیتووە، هەر وا لە دوورەوە دەڵێـت : جـارێ دەبێت بچم شـەڕی تـەن بە تـەن لەگەڵ رەقیبـدا بکەم و، رادەکـات دەڕوات . رەقیبی چی ؟ کێ ؟ لەکوێ ؟ هێندەی پێ‌ناچێت کە دێتەوە، برینداره و برینی سەختە، کە بێلیسـا سـەیری دەکات دەبینێت هـەمان" دۆن پێرلیمپلین "ی مێـردەکەی خـۆیەتی، کە گیانی خۆی قوربانی کرد (خۆی کوشت) .

بێلیسـا بۆ یەکەم جار و دواجار دۆن پێرلیمپلین دە بـاوەش دەگـرێت و، ئیدی ژیـانی دۆن بە ئەو باوەشە گەرمەی کچی جەوان بۆ خۆی و  عیشقێکیش دە باوەشی بێلیسادا بەجێ‌دەهێڵێت .

چیـرۆکی ئـەو شـانۆیە، لە کـاتی خـۆیدا زۆر بە زەحمـەت بەوە گەیشـتووە کە سـاڵی ١٩٣٣ لە تیاترێکی ئیسپانیادا پیشان‌دراوە، لە کاتێکدا کە دە سـاڵێک پێش ئەوە بە ناوێکی تـر نووسراوە .

لە دوای مەرگی لۆرکاوە، چەندین ئۆپێرا و ئۆپێرێت و پارچەی مووسیقای بۆ دانراوە، کە دوامینیان - ئەوەندەی من بزانم - پارچە مووسیقایەکی پێش دوو ساڵە (٢٠١٨ ی " ئێدوار لامبێرت"ی ئینگلیس) .

شانۆکە لە روانگەی زۆر جیاوازەوە لێکۆڵینەوەی کراوە . من بەدبینییەکی ئێجگار زۆری تێدا بە پیری دەبینم، کە دەبێت لۆرکا ئەوەندەی لێ ترسابێت ... بە رێکەوتی قەدەر چۆن لە تەمەنی ٣٨ساڵیدا ـ ١٩٣٦) فاشیست کوشتیان و پیریی نەدیت .
هەستکردن بە جەوانی کە ژیانە و، بە پیری کە " نەژیانە " شەڕی تەن بە تەنیان کرد و، هەستی جەوانی بردییەوە، بە چەقۆیەک کۆتایی بە پیریی لەشی هێنا و، ئەوەندەی کە لە پیریی مابووەوە بە باوەشێک ژیان کڕی و تەبیعی قازانجیشی کرد، ژیرانە لە دەست خۆی نەدا، ئەینا خۆ ئەوەشی پێنەدەبڕا . ئەگەر هەر بۆ لەحزەیەکیش بێت، دەرسێکی ئەڤینی دا بە بێلیسایەکیش کە هەر بە هاندانی مەبەستی ماددیی دایکییەوە چووبووە ئەو مێردکردنەوە و، مانای ئەڤینی نەدەزانی .
شانۆکە، گۆرانی و مووسیقای تێدەکەوێت ( تەختی مووسیقای کە چەند جار دێرە قسەیەک دەڵێتەوە و، مووسیقاش لەپاڵدا). هێندێک لەو شیعرانەی تێدا، دواتریش هەر سەربەخۆ بە ناوی " سێرێناتا بۆ بێلیسا " بڵاوبوونەتەوە . وشەی " سێرێناتا "ی بە ئەسڵ ئیتالی ( کە لە ئینگلیسی و ئەڵمانیدا بووە بە serenade )، گۆرانییەکی ئەڤینە کە شەوانە لە دەرەوە، زۆرتر لە بەر پەنجەرەی دڵبەر بۆ دڵبەر دەگوترێت . لە رووی زمانەوە لە وشەیەکی لاتین بە مانای" ساف" (ئاسمانی سافی شەوانە) هوە هاتووە و وادیارە وشەی " سێرا "ی ئیتالی ( ئێوارە) بۆخۆی شکاندووەتەوە . لە هێندێک وەرگێڕاندا دیتوومە هەر لە خۆیانەوە " بێلیسا "کەیان کردووە بە " لۆلیتا "! کە ئەوە بۆ ئەسڵە ئیسپانییەکە بەڕاستی کارێکی زۆر بێ مانایە . زۆر بەداخەوە، هێندێک لە ئیسپانییەکانیش ئێستا وایان دەستکاریکردووە . لۆلیتا لای ئیسپانییەکان لە کۆنەوە هەر ناوێکی ئاسایی کچان بووە( لە " دۆلۆرێس"ـەوە بە دووجار بچووککرانەوە : لۆلا، لۆلیتا وای لێهاتووە) .

" سیلڤادۆر دالی"یش تـابلۆیەکی بۆ ئەو سێرێناتایە کردووە، من لێرەدا دەقی شیعرە ئیسپانییەکە وەردەگێڕم و ئەو تابلۆیەی " سیلڤادۆر دالی "یشی لەگەڵ دادەنێم .

( لە باخچەدا دەنگی ناسکی کەسانێک دێت کە سێرێناتایەک دەڵێن و، دۆن پێرلیمپلین لەبەرخۆ-یەوە وەک تەرجیعبەندێک هەر یەک دێڕ دەڵێتەوە : بە ئەڤین دەمرن چڵەکان) .

## سێرێناتای ڤێلیسا

لە کەنارەکانی رووبار
شەو تەڕ دەبێت
دە مەمکی ڤێلیسادا
بە ئەڤین دەمرن چڵەکان

بە ئەڤین دەمرن چڵەکان!

شەو، بە رووتی، گۆرانی دەڵێت
لەسەر پردەکانی مارس
بێلیسا لەشی دەشوات
بە ئاوی سوێر و گوڵاو

بە ئەڤین دەمرن چڵەکان

یانسون و زیو
لە سەربانەوە دەدرەوشێنەوە

دەم ئاوی جۆگەلان و ئاوێنان

یانسونی رانە سپییەکانی تۆ

بە ئەڤین دەمرن چڵەکان!

ئەسڵە ئیسپانییەکە :

Federico Garcia Lorca- Serenata de Belisa

Por las orillas del río

se está la noche mojando

en los pechos de Belisa

se mueren de amor los ramos

¡Se mueren de amor los ramos!

La noche canta desnuda

sobre los puentes de marzo.

Belisa lava su cuerpo

con agua salobre y nardos

¡Se mueren de amor los ramos!

anís y plata

relumbra por los tejados.
Playas de arroyos y espejos
anís de tus muslos blancos.

¡Se mueren de amor los ramos!



سێرێناتای ڤێلیسا - سیلڤادۆر دالی

# سێرێناد Sérénade

تێیۆفیل گۆتیێ

بۆ ئەو باڵکۆنەی تۆ بەسەریدا داهاتوویتەوە
دەمەوێت هەڵگەڕێم ... بەڵام ناکرێت
زۆر بەرزە، و دەستە سپییەکانت
بەم دەستانەم ناگەن کە درێژیان دەکەم

بۆ فریودانی ئەو کارەکەرەی ئاگاداریت لێ دەکات
ملوانکەیەک فڕێدە، شریتێکی رەنگ زێڕین
یا لە ژێیەکانی گیتارەکەت
پەیژەیەک بچنە، یا ئەوەش ...

گوڵەکانت لابەرە، شانەکەت وەلادە
ئەو قژە درێژەتم بەسەردا شۆڕکەوە
کە شەپۆلانی لافاوی دە مەلەدا
بەسەر لاق و پاژنەکانتدا دەڕژێن

بە رێگەی ئەو پەیژە سەیرەوە
بە هێواشی هەڵدەگەڕێم
بێ ئەوە کە فریشتەش بم، تا بە ئاسمان
بە گوڵاواندا سەردەکەوم

ئەسڵە فەرەنسییەکە :




Sur le balcon où tu te penches
Je veux monter... efforts perdus !
Il est trop haut, et tes mains blanches
N'atteignent pas mes bras tendus

Pour déjouer ta duègne avare,
Jette un collier, un ruban d'or ;
Ou des cordes de ta guitare
Tresse une échelle, ou bien encor...

Ôte tes fleurs, défais ton peigne,
Penche sur moi tes cheveux longs,
Torrent de jais dont le flot baigne
Ta jambe ronde et tes talons.

Aidé par cette échelle étrange,
Légèrement je gravirai,
Et jusqu'au ciel, sans être un ange,
Dans les parfums je monterai !

# گەر هەر رۆژە بکەوێتە

پاڤلۆ نێرووذا




گەر هەر رۆژە بکەوێتە ناو هەر شەوەوە
دەبێتە چاڵاوێک کە روونایی تێدا زیندانی دەبێت
دەبێت لەسەر لێواری چاڵاوی تاریکییەکە دابنیشین و
بە سەبرەوە رووناکیی تێکەوتوو وەک ماسی بگرین .

# ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک

ناسر حیسامی *



مەلان کاتێک لە باغان پۆل دەبەستن

درەخت کاتێک لەبەر باران دەوەستن

کە نەیزاری قەراخ گۆلاو لەبەر با

وەکوو شمشاڵژەنێک شمشاڵبەدەستن

مرۆڤی سەرزەوی کاتێک کە شادن،

کە غەمبارن، کە هوشیارن، کە مەستن

کە گیانداران لەبەر ئازار دەناڵن

دەنا کاتێک ئەویندار و بەهەستن

هەمووی بە زمانی خۆی دەدوێ و دەخوێنێ

ئەدی بۆچی زمانی من دەبەستن ؟

٢٠ی ٢ی ٢٠٢١

---------------------------------------------

* کاک ناسر و خالیدئاغای حیسامی (هێدی) ی باوکی، کامیان شاعیرترن ؟ وەڵامی ئەوە بە من هاسان نیە، رەنگە شیعری ئەوانە جیاواز بن و، بە زەحمەت بکرێت شیعری دوو شاعیری جیاواز بەراورد بکرێن .



رەسمێکی خەیاڵیی ابن المقفع بە قەڵەمی جبران خليل جبران

ئەمڕۆ بۆ جاری یەکەم ئەم رەسمەم دیت کە جبران خليل جبران (١٨٨٣-١٩٣١) کێشاوییەتی، بۆ کێ ؟ بە خەیاڵ بۆ " إبن المقفع"( ئیبنولموقەففەع ٧٢٤-٧٥٩) . خۆزیا پسپۆڕێکی جبران-ناس تێیدەگەیاندم بۆچی جبران وەها بیری لای " إبن المقفع" بووە .

سەدەی هەشتەمی زاینی شۆڕشێک لە شیعری عارەبیدا کرا کە بە رادەی یەکەم کاری " بشار بن برد(٧١٤-٧٨٣، نازناوی : إمام الشعراء) و" أبو نواس" (٧٥٧-٨١٥) بوو . گەورەترین وەرگێڕیش کە تا ئەوسا عارەب هەیبوو ئەم " إبن المقفع "ـە بوو( ناوی " روزبە " بوو، بەڵام کاتێک بوو بە مسوڵمان بوو بە عبدالله) . وەرگێڕانەکانی إبن المقفع لە فارسی( ئەدەبیاتی ئاینیی فارسەکان) و لە هیندی و بەنگالی و یونانی، بۆ سەر زمانی عارەبی، کە ئاستی لەویشدا لەوەی أبو نواس و بشار بن برد کەمتر نەبوو، زۆر گرنگ بوون و، کە هێندێک لە ئەسڵەکان ئێستا نەماون، هەر عارەبییەکانی ئەویان لێ ماون .

ئەوانە هەرسێک فارس بوون و شانازییان بە قەومی خۆیانەوە دەکرد و، بە رووح هەر زۆر فارس مانەوە . بشار بن برد، کە نابینای زگماک بوو، دەیگوت کە لە نەسلی پادشایانی فارسە :

أنا ابن ملوک الأعجمين تقطعت          علي و لي في العامرين عماد

لەوانە هەر أبو نواس  بە مردنی خۆی مرد، دووەکەی تر بە شێوەی زۆر دڕندانە بە تاوانی " زندقة " کوژران .

من " إبن المقفع" زۆر بە کۆپییەکی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی دەبینم، هەمان مشاری زمان و زانا و بێحەیا و بە کێشە . لەبەرئەوە دوور نیە ئەوانەی دەڵێن لە سەر جنێوەکانی وا خراپ کوژراوە، نەک لەسەر کێشەی ئاینی، قسەکەیان ڕاست بێت ( هەرچەندە مەیلی بۆ ئاینی پێش ئیسلامی فارسەکان و هەمووشتێکی فەرهەنگی فارسەکان زۆر دیارە) .  إبن المقفع کاتێک سڵاوی لە والی کردووە پێیگوتووە : السلام عليكما!(کە بۆ دوو کەس دەگوترێت)، مەبەستی : خۆت و لووتی زلت! بە والیی بەسرەی گوتووە : هەتیو تۆ دایکت بە هەموو پیاوەکانی عیراق تێر نەبوو، چوو پیاوەکانی شامیشی بەسەرخۆیدا هێنا ؟ ئێ والی چۆن تووڕە نابێت ؟ گرتوویە و تەندووری بۆ گەرم کردووە و هەر جارە پارچەیەکی لێکردووەتەوە وفڕێداوەتە تەندوورەکەوە .



جبران خليل جبران



١

لە پڕێکدا دنیای رۆژنامەگەری و راگەیاندنیعارەب سەیر ورووژا : رۆماننووس و شاعیری گەورەی عارەب" سلیم برکات "، کە لە سوید دەژیت، خەڵاتێکی جیهانیی گەورەی وەرگرت، چ شانازییەکە بۆ عارەب . سەلیم بەرەکات گوتی :

عارەبی چی و شتی چی ؟ من کوردم و بە عارەبی دەنووسم چونکە بەهۆی چەوسانەوەی نەتەوایەتیی کورد بە دەست شۆڤینیزمی عارەبەوە زمانی نەتەوایەتیی خۆم فێر نەبووم و بووم بە نووسەر و شاعیر بە زمانی عارەبی، من ئێستا هەوڵ دەدەم فێری زمانی خۆم ببم و بە کوردی بنووسم .

ئیترعارەب سویچی باسەکەیان دەستبەجێ کوژاندەوە و لەبیر خۆیان و- ئەوەندەی بۆیانکرا- لە بیری خەڵکیش بردەوە و، رقیان لێ هەڵگرت و، ناو بە ناو کە لایان وابێت دەتوانن بەهانە- یەک بۆ هێرش کردنە سەری بدۆزنەوە، بەسەری دەکەنەوە دەنا باسی ناکەن .

سەلیم بەرەکات، کوردی خەڵکی دێیەکی مەڵبەندی قامیشلی، ئێستا ٢٠٢٢ تەمەنی گەیشتووەتە ٧١ ساڵ و هەر لە سوید دەژیت، رۆماننووس و، ١٨٠دەرەجە بە پێچەوانەی شێرکۆ بێکەسی دنبگەچیی نەوشیروان و تاڵەبانی – بەڕاستی – شاعیرە و، شاعیرێکی ئازادە و، منەتی بە دیوەخانانی سیاسەتمەداران نیە . من لە شوێنێکدا خوێندمەوە کە زۆر هێرشی کردبووە سەر ئاپۆچییەکان ( بتپەرستن، ئۆجالان دەپەرستن، کەسی غەیری خۆیان قەبووڵ نیە)، بەڵام

نەمتوانی لە سەرچاوەکە دڵنیا بم، هەرچەندە بەوە کە ئاپۆچییەکان پێیهەڵناڵێن، لە کاتێکدا کە ناوداریکی چەپە و هەڤاڵی مەحموود دەرویش و فەلەستینییەکان بووە، وێدەچێت سەرچاوەکە راستی گوتبێت .

سەلیم بەرەکات ساڵی ١٩٧١ چووە بەیرووت و، کە "محمود درویش"ی فەلەستینیی رۆژنامە- نووسی حیزبی کۆمونیستی ئیسرائیل دوو ساڵ دوای ئەوە چووە بەیرووت، هەرتک بوون بە دوو هەڤاڵی گیانی، لە هەژار و هیمن هەڤاڵتر، هەڤاڵەتییەکی زۆر گەرمتر و راستگۆتر .

محمود درویش هەر شیعرێکی درێژی پێهەڵگوتنی بەتایبەتی بۆ " سلیم برکات " نووسیوە :

**ليس للكردى إلا الريح**

{ إلى سليم بركات }

يتذكر الكردى حين أزوره، غده ..

فيبعده بمكنسة الغبار : إليك عنى!

فالجبال هى الجبال . و يشرب القودكا (..)

و قلبى جمرة الكردى فوق جباله الزرقاء (..)

ليس للكردى إلا الريح تسكنه و يسكنها (..)

کورد جگە لە با هیچی نیە

{ بۆ سەلیم برکات }

کوردەکە بیرەوەریی دێتەوە، کاتێک سەری لێ دەدەم، سبەی ...

بە گسکی تۆزەکە لە خۆی دوور دەخاتەوە : ئا وەلاچۆ!

چیاکان هەر چیاکانن، و ڤۆدکا دەخواتەوە (..)

و دڵم پشکۆی کوردە لەسەر چیا شینەکانی (..)

کورد جگە لە با هیچی نیە تێدا بژی و تێیدا بژی (..)

{ مەبەست : ئەو دە بادا و با دە ئەودا ." با " لێرەدا لە " کۆهێلێت"( الجامعة)ی کتێبی

ئاینیی جوو وەرگیراوە : پووچی پووچان هەموو پووچ . من ئەوەم بە حەرفی لە ئەسڵە عیبرانییەکە بەوجۆرە وەرگێڕاوە، بەڵام یەکێک لە وەرگێرانە عارەبییەکان " و قبض الریح "( مشتی با )ی وێخستووە : الکل باطل و قبض الریح . کتێبێکی " ابراهیم عبدالقادر المازنی"یش بەو ناوە ( قبض الریح) هەیە کە بریتییە لە کۆمەڵە گوتارانێکی خۆی، بەڵام ئیتر زاراوەکە بەگشتی مەبەست لە " هیچ "ـە، مشتێک با .}

هەرتک‌هەڤاڵ، سەلیم و مەحموود، ساڵی١٩٨٢، بە هۆی هێرشی‌ئیسرائیل بۆ سەر بەیرووت، رایانکرد، سەلیم چووە قوبرس( ئەوەیە کە ناوی" نیقۆسیا "ش لە شیعری " محمود درویش"دا دەبینین) و تا١٩٩٩لەوێ مایەوە، ئەوجا چووە سوێد و لەوساوە لە سوێد دەژی. وێرای دوور-یی‌جوغرافیاش دوو هەڤاڵ هەر وەکو سەردەمی بەیرووت دووانە مانەوە . تا کاتێک سەلیم لە سوێد کتێبێکی لە چاپخانە هێنایەوە و، ویستی دەستبەجێ دانەیەکی لێ بۆ مەحموودی خۆشە-ویستی بنێرێت، مەحموود شەش یا هەشت رۆژ بوو کۆچی دوایی کردبوو(یا سەلیم گوتەنی : وێستگەی لەشی بەجێ‌هێشتبوو)،ئیتر کتێبەکەی بۆ خستە پاکەتی پۆستەکەوە و بۆی هەڵگرت تا خۆی دەچێتە لای و بە دەستی خۆی دەیداتێت . سەلیم گەرمە شینێکی لە باسی ئەوەدا نووسی، تێدا دەڵێت :

مەحموود گیان، تۆ دوو جار منت گریاند، جارێک کە بە ئینگلیسی لە کۆڕێکدا لە سوێد گوتت : کۆشام نەکەومە ژێر تەئسیری سەلیم بەرەکات . کە کتێبەکەشمم بە دەستێکی لەرزۆک بۆ خستیتە پاکەتەوە تا بۆت بهێنم .

سەلیم بەرەکات پێش دە ساڵێک گوتی کە : مەحموود دەرویش ساڵی ١٩٩٠ پێی‌گوتم نێوانی عیشقیی لە گەڵ ژنێکی بە مێرددا هەبووە و منداڵێکیشی لێ هەبووە . ئەوە هاتوهاوارێکی زۆری نایەوە : ئای چ خاینێکە رازی پەنهانی پێش ٢٢ ساڵی هەڤاڵی دەدرکێنێت!

ئەوە، بە من، پیشانی دەدا کە نێوانی ئەو دووانە بە چ رادەیەک بووە و، کە سەلیم بەرەکات هەڤاڵی کۆچکردووی پێ مرۆڤێکی لەوە گەورەتر بووە کە هیچ حەقیقەتێکی ژیانی هیچ لە گەورەیی کەم بکاتەوە و، راستگۆیانە باسی مەحموود دەریشی مرۆڤی راستەقینەی کردووە،

نەک ئەوە کە وەک خەڵکی دی بیەوێت شتێکی تری لێ دابتاشێت .

٢

شـیعرێکی محمود درویش، بە ناوی"علی هذه الأرض"( لەسەر ئـەم خاکە)، سـێ بەشە، بەشی یەکەمی دەڵێت :

**عَلَى هَذِهِ الأَرْض مَا يَسْتَحِقُّ الحَياةْ : تَـرَدُّدُ إبريلَ، رَائِحَـةُ الخُبْـزِ فِي الفجْرِ،آراءُ امْرأَةٍ فِي الرِّجالِ، كِتَابَاتُ أَسْخِيْليوس، أوَّلُ الحُبّ، عشبٌ عَلَى حجرٍ، أُمَّهاتٌ تَقِفْنَ عَلَى خَيْطِ نايٍ، وخوفُ الغُزَاةِ مِنَ الذِّكْرياتْ .**

لەسەر ئـەم خـاکە، شت هـەیە شایانی ژیانە، ئاپریل دەیلێتەوە، بۆنـی نان لە شەفەقدا، بیروڕای ژنێک لە بارەی پیاوان، نووسـینەکانی ئایسخیلیوس، سەرەتای ئـەڤین، گیا لەسەر بەرد،( ئێوە) دایکانێک لەسەر داوی شمشاڵ دەوەستن، و ترسی داگیرکەران لە بیرەوەرییەکان .

بەشی دووەم :

**عَلَـى هَـذِهِ الأرْض ما يَستَحِـقُّ الحَيَـاةْ : نِهَـايَةُ أَيـلُولَ، سَيِّدَةٌ تتـرُكُ الأَرْبَعِيـنَ بِكَـامِلِ مشْمِشِهَا، سـاعَةُ الشَّمْسِ فِي السَّجْنِ، غَيْمٌ يُقَلِّـدُ سِرْباً مِنَ الكـائِنَاتِ، هُتَافَاتُ شَعْبٍ لِمَنْ يَصْعَدُونَ إلى حَتْفِهِمْ بَاسِمينَ، وَخَوْفُ الطُّغَاةِ مِنَ الأُغْنِيَاتْ.**

لەسەر ئەم خاکە، شت هەیە شایانی ژیانە : کۆتایی سیپتامبر، خانمێک چل بە هەموو قـەیسییەکەیەوە بەجێدەهێڵێت، سـەعاتی هەتاو لە زینداندا، هـەورێک لاسای پۆلێک زینـدەوەران دەکـاتەوە،هـاواری گـەلێک بۆ ئـەوانەی بـە زەردەخـەنەوە بۆ مەرگیان سەردەکەون . یاسەمەن، و ترسی زاڵمان لە گۆرانییان .

( خانمێک چل بە هـەموو قەیسییەکەیەوە بەجێدەهێڵێت ؟ ئەوە دەکرا شیعری کاک " قوبادی جەلیزادە"ی شـاعیری کورد بوایە . ئەو ژنـەی لە تەمەنی چل سـالیشیدا هەر لەبەردڵان بێت

ئەوا ئیتر لەوساوشەوە هەر بە تەواوی تەڕوبڕییەکەیەوە درێژەی پێدەدات . دەبێت سەعاتەکەش هی دیارکردنی کات بێت لە لایەن زیندانییانەوە، کە لە پەنجەرەوە لە هەتاو دەنۆڕن : بەوە سەرەتای رۆژ دەزانن ... کۆتایی رۆژ ) .

بەشی سێیەم :

**عَلَى هَذِهِ الأرْضِ مَا يَسْتَحِقُّ الحَيَاةْ : عَلَى هَذِهِ الأرضِ سَيَّدَةُ الأُرْضِ، أُمُّ البِدَايَاتِ أُمَّ النِّهَايَاتِ . كَانَتْ تُسَمَّى فِلِسْطِين . صَارَتْ تُسَمَّى فلسْطِين . سَيِّدَتي : أَستحِقُّ، لأنَّكِ سيِّدَتِي، أَسْتَحِقُّ الحَيَاةْ .**

لەسەر ئەم خاکە، شت هەیە شایانی ژیانە : لەسەر ئەم خاکە خانمی گەورەی خاک هەیە، دایکی سەرەتاکان دایکی کۆتاییەکان، پێیان دەگوت فەلەستین، ناوی بوو بە فەلەستین .

گەورەم خانم : من شایانم، چونکە تۆ گەورەمیت، شایانی ژیانم .




کێڵی گۆڕی محمود درویش

رەخنەگرانێک ئەو کـەلێنەیان دۆزییەوە کە " نیتچە "ش شیـعرێکی هـەیـە، تێدا دەڵێت : " ئـەم خاکە شـایانی ئەوەیە لە سەری بژیت، من یـەک رۆژ تێدا لەگەڵ زەردەشـت بووم و ئەو یەک رۆژە فێـری کردم ئـەم خـاکەم خـۆش بوێت ". گـوتیان : محمود درویش لەوی وەرگـرتووە و ناوی نەهێناوە، کردوویە بە هی خۆی!

محمود درویش حەتمەن زۆر خوێندەوار بوو و ئاگادارییەکی زۆری لە ئەدەبیاتی دنیا هەبوو . شـیعری محمود درویش، عونسورێکی سـوریالیی زۆر دەوڵـەمەندی تێدایە کە دەکـرێت مانای بۆ کەسی غـەیری خۆی روون نەبێت، تەنانەت رەنگە بۆخۆیشی روون نەبێت . من پێم سەیر نـابێت ئـەگەر بڵێین خۆی لە فلانە شوێنی شیعریدا نـەیزانیبێت ئەوەی گوتوویەتی چیە و بۆچی ئەوەی گوتووە، بڵێین وەک بەشی سێیەمی گریانەکەی لۆرکا بۆ ئیگناثیۆ سانچێز ماخییاس .
بـەڵام ئـا بە ئـەو حاڵەش کۆنسێرتێکی مووسیقای وەها سازدەکات کە خـوێنەری یا گوێگری مەسـت و سـەرسـامی جـوانیی دەکات . دەکرێ بڵێین محمود درویش بۆ نـەهێشتنی سنوور لە نێوان شـیعر و مووسـیقادا زۆر چووەتە پێشـەوە . ئـاواز و سـیحری وشـە لە شـیعریدا بەسەر زماندا زاڵە، هـەسـتکردن بە مووسـیقا تێدا بۆ تێگەیشـتنی وشـەکانی زۆر لە قـاموسی زمان پێویستترە . لەوەدا، من تێدەگەم کە گوتوویە : کۆشام نەکەومە ژێر تەئسیری سەلیم بەرەکات، چـونکە من رووحـی سـەلیم بـەرەکـات زۆر لە شـیعریـدا دەبینـم، بە نموونـە سـەلیم بـەرەکات دەڵێت:

**أُحبهنَّ شرساتٍ كاليقين في غيرِ محلّه**
**كاللقاء في غير محلِّه؛**
**كالقلب في غير محله؛**
**كالوقت في غير محله؛**
**كالمرايا في غير محلِّها؛**
**كالشمالِ**
**في**
**غيرِ**
**محلِّه؛**

خۆشم دەوێن (بۆ مێیینە) کە دڕ بن وەک یەقین لە غەیری شوێنی خۆیدا
وەک دیدار لە غەیری شوێنی خۆیدا؛
وەک دڵ لە غـەیری شـوێنی خۆیدا؛
وەک کات لە غەیری شوێنی خۆیدا؛
وەک ئاوێنەکان لە غەیری شوێنی خۆیاندا،
وەک باکوور
لە
غەیری
شوێنی خۆیدا؛

٣

محمود درویش شیعرێکی بە ناوی " کردستان" (کوردستان) هـەیە، دەڵێن چـەندین دیوانی لە دوای کۆچی دوایی چاپکراون، بـەڵام ئەم شیعرەی "کوردستان"ی لە هیچ کام لەو دیوانانەیدا نین! ... ئەوە چ کارەسـاتێکە بۆ محمود درویش، تـەنانـەت لە دوای مردنیشی وا لە کاتی ژیـانی تەنیاترە، نەتەوەکەی خۆی خیانەتی پێ دەکات، ئەو نەتـەوەیەی کە محمود درویش ئەوەندەی بۆ خـوێند . من لام وایـە لە یـادمە کە محمود درویش ئـەم شـیعرەی بۆ کـوردستان رێک لە دوای کیمیابارانی هـەڵـەبجە دانا، کەچی لە سـەرچاوەکاندا تـاریخی جیـاواز بۆ ئەوە دەبینم . شیعرەکە سێ بەشە :

## کردستان

١

معكم قلوب الناس
لو طارت قذائف فى الجبال
معكم عيون الناس

فوق الشوک تمشی ... لا تبال

معکم عبید الأرض

من خصر المحیط إلی الشمال

معکم أنا ... معکم أبی ...أمی

و زیتونی و عطر البرتقال

معکم عواطفنا ... قصائدنا

جنودا فی القتال

یا حارسین الشمس ... من أصفاد أشباه الرجال

ما مزقتنا الریح ... إن نضالکم نضالی

إن خر منکم فارس ... شدت علی عنقی حبالی

## کوردستان

١

لەگەڵتانن دڵی خەڵک

کە ئاگرباران دەفڕێتە چیاکانتان

لەگەڵتانن چاوی خەڵک

بەسەر دڕکاندا دەڕۆن ... باکیان نیە

لەگەڵتانن کۆیلەی زەوی

لە ناوقەدی موحیتەوە تاکو باکوور .

لەگەڵتانم من ... لەگەڵتانە باوکم ... دایکم

و زەیتوونەکەم و بۆنی گوڵاوی پرتەقاڵ

لەگەڵتانن عاتیفەکانمان ... قەسیدەکانمان

بە سەرباز لە شەڕدا .

ئێوە کە ئێشکی هەتاو دەگرن ... لە بەندی هەربەناو گوایا پیاوان

" با"  لێکی دانەبڕین ... خەباتی ئێوە  خەباتی منە
کە سوارێک لە ئێوە گلا ... پەتکەکانم لە ملم توونددەبن ( یا توند دەکرێن ) .

٢

تحيا العروبة ...
هل خر مهرك يا صلاح الدين ؟
هل هوت البيارق ؟
هل صار سيفك ... صار مارق ؟
من أرض كردستان
حيث الرعب يسهر و الحرائق
( الموت للعمال إن قالوا
لنا ثمن العذاب
الموت للزراع إن قالوا
لنا ثمر التراب
الموت للأطفال إن قالوا
لنا نور الكتاب
الموت للأكراد إن قالوا
لنا حق التنفس و الحياة) .
و نقول بعد الآن ... فلتحيا العروبه !!
مري إذا فی أرض كردستان
مري يا عروبه !
هذا حصاد الصيف
هل تبصرين ؟
لن تبصري

إن كنت من ثقب المدافع تنظرين

يا أمتي ...

هجمت على تاريخک الإنسان

أشباه الرجال

باسم العروبة

يستباح الدم

تحكمک النصال

بعثت لمزبلة الزمان

أخس ما عرف الزمان من الزمان

باسم العروبة

يطعن التاريخ من شطآن دجلة و الفرات

يا أمتي ...

لم يكفنا أنا براء

منهم و طابورهم

لم يكفنا أنا براء

ألقي لمزبلة الزمان

أخس ما عرف الزمان

ألقي عدوک يا عروبة

نقول بعد الآن : فلتحيا العروبة

لا على الأموات

فلتحيا العروبـة

٢

بژى عارەبايەتى ...

مەگەر جوانووە ئەسپەکەت گلا سەلاحەدینی ئەیووبی ؟
ئاڵاکان کەوتنە سەر زەوی ؟
شمشیرەکەت دەرچووە ... دەرچووە لە دین ؟
لە خاکی کوردستان
کە ترس و وەحشەت شەوبێدارن و ... ئاگربەربوون
( مەرگ بۆ کرێکاران
ئەگەر بڵێین هەقی رەنجمان دەوێت
مەرگ بۆ جووتێران
ئەگەر بڵێین بەری گڵی خاکمان دەوێت
مەرگ بۆ منداڵان
ئەگەر بڵێین رووناکیی کتێبمان دەوێت
مەرگ بۆ کوردان
ئەگەر بڵێین مافی هەناسەدان و ژیانمان هەیە ) .
و لە دوای ئێستاشەوە دەڵێین ... بژی عارەبایەتی!!
کەواتە بە خاکی کوردستاندا بڕۆ ...
پێدا بڕۆ ئەی عارەبایەتی
ئەوە دروێنەی هاوینە
دەبینیت ؟
نابینیت
ئەگەر تۆ لە کونی (لوولەی) تۆپەوە سەیر بکەیت .
ئەی نەتەوەکەم ...
هێرشیان بۆ سەر مێژووی تۆی مرۆڤ هێناوە
ئەوانەی بە ناو گوایا پیاون
بە ناوی عارەبایەتی

خوێنڕشتن حەڵال دەکەن

تیخەکان حوکمت دەکەن

ناردیان بۆ زبڵدانی زەمانە

پەستترین شتێکی کە زەمانە لە زەمانەی دیتبێت

بە ناوی عارەبایەتی

مێژوو لە کەنارەکانی دیجلە و فوراتەوە بەر چەقۆ دەدرێت

ئەی نەتەوەکەم ...

هەر ئەوە بەس نیە کە حاشا دەکەین لە ئێمە بن

ئەوانە و تابوور(ی لەشکر)یان

هەر ئەوە بەس نیە کە حاشایان لێ دەکەین

فڕێ بدە زبلدانی زەمانە

پەستترین شتی کە زەمانە دیتبێتیت

دوژمنەکەت فڕێبدە ئەی عارەبایەتی

ئیتر لەوەدوا دەڵێین : با بژی عارەبایەتی

نەک لەسەر مردووان

با بژی عارەبایەتی .

٣

يا شهرزاد

الليل يفترس الصباح

و حقول كردستان ... موسمها جراح

الحب ممنوع ... و همس الجار

لاشئ مباح

إلا دم الأكراد ... نفط الموقدين

مصباح عارهم ... بموت الآخرين
يا شهرزاد ...
صدأت أساطير البطولة فى لياليک الملاح
و الذكريات البيض و المهر الذى ركب الرماح
و الحب و الأمجاد و السيف الذى مل الكفاح
عار على بغداد
ما فيها مباح
إلا دم الأكراد
فى المذياع ... فى صحف الصباح
حبر الجرائد فى مدينتنا دم
(إنا أبدناهم) و تعتز الذئاب ... و تبسم
( إنا زرعنا أرض كردستان ...
لحدا عاريا من فوق لحد
إنا زرعناهم جماجم لا تعد.. )
يا شهرزاد ...
الليل يفترس الصباح
و الحب ممنوع ...
و مخدعک الوثير
ملقى على أقدام سيدک الحقير
و دماء كردستان تغرق سافحيها
و اللاعب المأفون بالنيران
سوف يموت فيها
يا شهرزاد!
ما مات إلا الموقدون

مصباح ليلهم ... بزيت الآخرين
فإلى اللقاء مع العصور القادمة
فى قصة العصر الذى
صنعته كف الثائرين .

٣

ئەی شەهرەزاد
شەو بەرەبەیان دەدڕێت
و مەزراکانی کوردستان ... وەرزەکەیان برینە
ئەڤین قەدەغەیە ... و سرتەی هاوسێ
هیچ شتێک رێ پێ نادرێت
جگە لە خوێنی کوردان ... نەوتی ئەوانەی هەڵدەکەن
چرای نەنگییان ... بە مەرگی خەڵکی تر
ئەی شەهرەزاد ...
ئەفسانەکانی قارەمانێتیی شەوانی شیرینت ژەنگیان هەڵێنا
بیرەورییە سپییەکان و، جوانووی کە رمبان سوار بوو
ئەڤین و شانازییەکان و شمشیری کە لە خەبات وەڕەز بوو
نەنگییە بۆ بەغدا
هیچی تێدا رێ نادرێت
جگە لە خوێنی کوردان
لە رادیۆدا ... لە رۆژنامەکانی بەیانییانەدا
مەرەکەبی رۆژنامەکان لە شارەکەماندا  خوێنە
( لەناومان بردن) و گورگ شانازی پێوە دەکەن ... زەردەیان دێتێ
( ئێمە خاکی کورستانمان چاند ...

بە گۆڕی رووت لەسەر گۆڕ

ئێمە چاندمانن بە کەڵـلەسەرانێکی کە ناژمێردرێن ...)

ئەی شەهرەزاد ...

شەو بەرەبەیان دەدڕێت

و ئەڤین قەدەغەیە

ژووری نوێنی نەرمی خەوت

لە بەر پێی ئاغا پەستەکەت کەوتووە

خوێنی کوردستان ئەوانە دەخنکێنێت کە رشتیان

ئەو بێعەقڵەی کە یاری بە ئاگردەکات

تێدا دەسووتێت

ئەی شەهرەزاد

کەس نامرێت جگە لەوانەی کە هەڵیانکرد

چرای شەویان ... بە نەوتی خەڵکی تر

ئیتر تا دیدار لە چەرخەکانی داهاتوودا

لە چیرۆکی ئەو چەرخەدا

کە دەستی شۆڕشگێران دروستی دەکات .

# چكلێت و مێش!

سەردار مەحمو *



ناوەڕاستی هەشتاكانی عەهدی بایەد بوو .

قوتابیی قۆناغی ئامادەیی دەربەندیخان بووم .

ئەودەم، تازە لێرەو لەوێ كچان حیجابیان دەكرد و كوڕەكان لە كاتیءنوێژەكاندا، دەستیان لەسەر ناوكەوە دەگواستەوە سەر سنگ و بەرۆكیان، درووست نوێژكەرەكان باوەشیان دەكرد بە خودی خۆیاندا نەوەك خۆیان لە دەستی خۆیان راكەن!

ئەو دەمانە، نوێژكەرە تازەكان، ئەوەندەی بیریان لای، قاچ بڵاوكردنەوە، دەستی سەر سنگ و پەنجەلەرەی تەحیات بوو، كەس خودای لەبیر نەدەما .

زۆربەی باس و خواسەكانیش لەسەر ئەوە بوو :

ئایا فاتیحە دەڕوات یان ناڕوات ؟!

---

*سەردار مەحمو، شاعیر و نووسەری زۆر بە بەرهەم، زۆر خوێنەری هەن كە- وەكو من -هەر بەیانییەك كە فەیسبووك دەكەنەوە سەیری لاپەڕەكەی دەكەن بزانن ئەو بەیانییە چ شتێكی جوانی ئەو كوردییە رەوانەی و بە شێوەزاری دەربەندیخان بۆ نووسیون : چیرۆك و شیعری عیرفان یا یەكێك لە باسەكانی سەردەمی مەستیی خەونەكانی خەبات و زیندان و راپەڕین و دەربەدەری .

چیرۆكەكانی وەكو دەریا بێكۆتایی هەر شەپۆل دەدەنەوە .

ئەو سـەردەمە، مامۆسـتای ئـایین، بۆ ئەوەی قـەناعەت بە کـوڕ و کچـەکان بکات، دەرسـەکەی دەکرد بە پرسیار و وەڵام :

ـ تۆ بچیتە بازاڕ،چکلێتێک ئەکڕی، بە بێ بەرگ و کاغەز،کە مێش و مەگەز تێیوروژابێت، یان چکلێتێک بە بەرگەوە پێچرابێت ؟!

مامۆستای ئاین، کچەکانی بە چکلێت دەچواند و کوڕەکان بە مێش .

هەموو بە نۆبەتی خۆیان دەیانووت بە بەرگەوە .

نۆبەت گەیشتە سەر من :

ـ مامۆسـتا، منـیش حـەز دەکەم بە بـەرگەوە بێت، بـەڵام بـەرگەکە نـایلۆنێکی شـەفاف بێت، بۆ ئەوەی بزانین، چکلێتەکە چۆنە، گوێزی تێدایە، یان بادەم یا سادەیە .

مامۆستا ڕەنگێکی هێنا و ڕەنگێکی برد،

وتی : تۆ ئەتوانیت، تا سەری ساڵ نەیەیتە دەرسەوە، لە دەرسەکەشدا ناتخەم .

وتم : جا مامۆستا چـۆن نـایەم، خـۆ من مەسـیحی نیم، نـاوەڵا هـەوڵ ئەدەم قـەت لە دەرست دوا نەکەوم .

سەیر بوو ...

ئەو سەردەمەش دەمزانی کە من مێش نیم .

ئەو دەمانە، گەنجێکی بە ئەدەب و پاک و خاوێن بووم .

پـەروانە ئاسا، لە دەوری شـەمی روخسارێک دەسووتام و سەمەندەر ئاسا بە چریکەی خالقی و ئایاتی شیعرەکانی وەفایی دەژیامەوە .



مارتن هت هـارت Maarten ’t Hartی هۆڵەندی، کە ئێستا(٢٠٢٢) لە ٧٨ ساڵی تـەمەنیدایە، دکتۆری زیندەوەرنـاسییە و، یەکێک لە ناودارترین نووسەرانیھۆڵەندایە . لە ماڵێکی مەسیحیی وشـک(ریفـۆرمیست) لەدایکبووە و، کە هۆشی کـردووەتەوە، هیچ لەو بـاسە ئـاینییانەی کتێبی پیرۆز، کە هەموو ئێوارەیەک شتێکی لێخوێندراوەتەوە،عەقڵیان‌نەگرتووە . بەنموونە پرسیویە: چۆن نێر و مێی دیناسـۆر لە کەشتیی نـووحدا جێیان بووەوە ؟ ئیدی بەتـایبەتی بە چیرۆکەکانی باسی منداڵیی خـۆی هـۆگرانێکی زۆری خوێندنەوەی هەن . " ئـەوەی دەست لە خودا بـەردات با لە هیچ نـەترسێت " و " چـاویلکەی خـودا " دوو لە کتێبە زۆر بە رەواجـەکانین . بە نموونە ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە دەنووسێت :

مامۆستا دەرسی بایبلی دەداینێ( خـوێندنی سەرەتایی) : دنیای تاریک و ئاو هەبوو و هیچی تر، خودا گوتی : با رووناکی ببێت . رووناکی بوو . خودا دیتی کە رووناکی شتی چاکە . ئەوە رۆژی یەکەم بوو، رۆژی دووەم ... فلان شت و سێیەم چی و ... تا رۆژی شەشەم کە دوا شتەکان دروست دەکات، لەوانە : مرۆڤ . چۆن ؟

خودا گوتی:" مرۆڤ بە وێنەی خۆمان و وەکو خۆمان دروست دەکەین و... کردی". لێردا کیـژۆڵەیەک دەستی بـەرز کـردەوە، ویستی بپرسـێت . مامۆسـتا گوتی : بـڵێ، چیە ؟ منداڵەکە گوتی : مامـۆسـتا ئـەدی خـودا کە وەکو خـۆی دروسـت کـردووین، بۆچی وا ئەوەندە خراپ دەبینین ؟ یـەکێک بە بێ چاویلکە هەر نـاتوانێت بخوێنێتەوە، یەکێک لە نیزیکەوە نـابینێت، یەکێک رەنگەکان نابینێت، یەکێک ... جۆرەها کێشەی

دیتن هەن .

ئـەو پرسیارە سەرنجی " مارتـن"یشی راکێشـاوە، دواتر زۆر بیری لێ کـردووەتەوە . ئیدی کە چیتر بڕوای بە خودا نەماوە، سەرەتا بۆ تێگەیشتنی ئەو خراپ دیتنە پەنای بە داروین بردووە، وای تەفسیرکردووە کە : ئێمە هێشتا دروستکرانمان تەواو نـەبووە، تا ملیۆن ساڵێکی تر ئەوجا مەکینەی لەشمان تەواو دەبێت و پێچەکانی توند دەکرێن و... ئیدی، ئەوسا کە کارگەی تەبیعەت کارەکەی تەواو کرد، ئەوا ئیتر کەس چاویخراپی نابێت، هەمووی دەبێتە شەش لەسەر شەش! بـەڵام لەوێشدا تووشی کێشەیەکی مەنتیقی دەبێت : ئاخر مەگەر بە گوێرەی داروین ئەوانەی کە لە بێژنگی" هـەڵبـژاردنی تـەبیعی" دەرنـاچن، مەگەر تـەبیعەت فڕێیان نـاداتە لاوە ؟ دیناسـۆر بە نموونە، ئـەویش وەکـو زۆر زیندەوەری تر فـڕێدراوەتـە لاوە و، نـەماوە، کەچی پیاو هـەن چاویان کزە و بە چاویلکەوە ژن ماچ دەکەن و، دوای ئەوە زگپڕیشی دەکەن، خۆ ئـەوانە تۆوە- کەی خۆیان درێژە پێ دەدەن! ... ئیتر قەت تەلیسمی ئەو خراپ دیتنەی هەر بۆ نەکرایەوە .

ئـەو نـووسینانەی، هێندێک لە چیرۆکەکانی ژیانی خـۆمم وەبیردەهێننەوە، بە تایبەتی ئەمەیان : لە کلاسی سێیەمی سەرەتایی، لە خوێندگەی کۆمەڵەی کوردە فەیلییەکانی بەغدا بووم .

رۆژێک مامۆستای " دین " شتێکی نوێی زۆر سـەیری بۆ روون کـردینەوە، کە من تا ئـەوسـا عەقڵم پێ نەشکابوو و، بەزوویی وا لە شاگردەکانی تریش گەیشتم، کە بۆ ئەوانیش نوێ بوو و، ئەوە جاری یەکەم بوو دەیاندۆزییەوە . مامۆستا پرسیاری کرد : کوڕەکانم، دەزانـن بـۆچی ئێوە سبەینانە زوو لە خەوتان هەڵدەستێنن و، بە سەرمای زستان و بە رۆژی باران و تۆفان دەتاننێر- نە مەدرەسە ؟ لە مەدرەسەش دەبێت ئەو هەمووە دەرسانە حازربکەن، ئەو هەمووە لەبەربکەن و بنووسن و بخوێننەوە و، ئێمە لێرە بە دار لێتان بـدەین و، لە ماڵ لێتان بـدەن و، ئـەو هـەمووە شتە خۆشانە لە بازاڕ ببینن و نـەتوانن بیانکڕن چونکە پارەتان نیە ؟ ئـەو هـەمووە کارەساتەی ژیان دەزانن خەتای چیە ؟ بـۆچی ژیانی ئێوە ئاوا بـەدبەختییە ؟ دەزانن ؟ دەی دە پێم بڵێن دەی! ئێمە هەموو تماشای یەکترمان کرد و، کەسێکمان تێدا نەبوو هیچ بڵێت . ئەوجا مامۆستا گوتی : نازانن بۆچی ؟ تەبیعی نازانن، چونکە شارەزای دین نین . ئـەگەر شارەزای دینەکەتان بوونایە

دەتانزانی . قەیدی نیە، ئێوە جارێ منداڵن، گەورەدەبن و فێردەبن . با من پێتان بڵێم ئەوە هەموو خەتای چیە : خەتای شەیتانی" چلب إبن چلب "( سەگی کوڕی سەگ)ـە! . ئێمە بۆخۆمان لە بەهەشت بووین، نە لە خەو هەستان و نە چوونە مەدرەسە و نە لەبەرکردن و نە نووسین و ..." ولاهم یحزنون"، هیچ، هەر دەخەوتین و هەڵدەستاین و قووزیمان دەخوارد و باقلاوەمان لەسەر دەخوارد و کەیفمان دەکرد، بەڵام ئەو شەیتانە سەگبابە لێی تێکداین، ئای، کەتنێکی دا و حەوای لە خشتەبرد و، خودای عەسەبانی کرد و، خودا یەک شەقی تێهەڵداین و دەریکردین! ... ئا لەبەرئەوە!

جا ئەو رۆژە بە رێکەوت واجبی زۆریان دابووینێ، چونکە یەکێکمان لە کاتی دەرسیعارەبیدا پێکەنینی هاتبوو، هەموومان لەسەر ئەوە سزا دراین، مامۆستای زمانی عارەبی واجبی بە سزا داینێ کە ئەو شەوە لە ماڵ بینووسینەوە و سبەی بیهێنین و پیشانی بدەین : واجبی چی ؟

٢٥ جار ئەو لاپەڕەیە بنووسنەوە! ... بە قەڵەمی رەش، ئیدی هەر دەست و پلمان پێ دەچوو . چاکم لە یادە، کە لە خوێندگە دەرچووین، هەموومان، شاگردانی کلاسەکانی تریش، کە دیاربوو مامۆستایدین ئەو نهێنییەی ژیانی بۆ ئەوانیش روونکردبووەوە،بە یەکجار کەوتینە تفکردن بە راست و بە چەپدا : هەی شەیتانی سەگباب، هەی گەوواد، هەی چی و چی (هەرچی جنێوی بەغدایی هەبوو) .. ئاخر ئێستا ئێمە چۆن ٢٥ جار ئەوەمان بۆ دەنووسرێتەوە ها سەگباب ؟

ئاوا بۆ کارێکی لەعنەتیی کە مامۆستا بە سەریدا سەپاندبووین، جنێومان بە " شەیتان"ی بەدبە-ختی بێ ئاگا و بێ خەبەر لە سزای ٢٥جار نووسینەوەکەمان دەدا، نەک بە مامۆستای مسوڵما-نی بێگوناهـ .

**كە تۆ حەز ناكەیت بچیتە پای سێدارە، بڕۆ ئەولاوە و ڕێگا لە خەڵكی تر مەگرە!**



ئارما Armand

ڤۆلتێر، حەتمەن كە زۆر مامۆستای هەبوون، رەنگە " ئارما Armand "ی كاكی ( ١٦٨٥-١٧٤٥) یەكەم مامۆستای گەورەی بووبێت . باوكی ئەو دوو برایە ( یا - بۆ خاتری قسەكەی ڤۆلتێر، كە گوتوویە دایكم منی لە پیاوێكی دیكەی غەیری مێردی بووە، بڵێین- وەك خەڵك دەڵێن باوكیان) بە دەردی‌دڵیی گوتوویە : من دوو كوڕم هەن یەكێكیان شاعیرە و ئەوی تریان نووسەر ( چیم لەوانە دەست دەكەوێت؟!). مەبەستی ئەوە بووە كە ئارما شاعیر بووە و ڤۆلتێر نووسەر . ئارما، هاوبیری كەسانێكی سەر بە كلیسایەك بووە كە كەوتووەتە بەر غەزەبی ڕژیم . دۆستێكی ئامۆژگاریی دەكات كە : برا گیان، تۆ چیت لە سەرێشەی دژایەتیی ڕژیم داوە ؟ بۆچی سەری خۆت بە فەتەرات دەدەیت ؟

ئارما پێی گوتووە : ئێ براگیان، كە تۆ حەزناكەیت بچیتە پای سێدارە، بڕۆ ئەو لاوە و ڕێگا لە خەڵكی تر مەگرە!

ئەو تاقە قسەیە، بە بیری من، لە زۆر كتێب پتر ڤۆلتێری پەروەردە كردووە .

كتێبی چاكی زانست زۆر پێویستە، بەڵام هەر ئەگەر پەروەردەی چاكی لەگەڵدا بێت .

ئەو قسەیەی ئارما بۆ منیش لە زۆر كتێب پترە .

گۆڕت پڕ لە ڕووناكی ئارما .

## ئاننه فرانک



وێ ناچێت هۆڵەندییەک هەبێت، هەر لە منداڵی٧-٨ ساڵەوە تا بە تەمەنترینیان دەگات، کە ناوی " ئاننه فرانک Anne Frank" نەزانێت، یا شتێکی لە بارەی نەخوێندبێتەوە، پەیکەرێکی نەدیتبێت و، بۆ بەشی ئێجگار زۆریشی کە کتێبەکەی نەخوێندبێتەوە، یا بەلای کەم فیلمێکی لەبارەیەوە نەدیتبێت .

ئاننه فرانک کیژی خێزانێکی جووی ئەڵمان بوو، ساڵی ١٩٣٣ خێزانەکەی بە چەند بەش ( سەرەتا باوک، ئەوجا دایک، دوای ئەوان " مارخۆت "ی خوشکی و دوو خاڵی) رایانکرد، چوونە هۆڵەندا و ئەو لای نەنکێکی لە ئەڵمانیا مایەوە . شوبات/ فێڤریەی ساڵی دوای ئەوە، ئاننەش گەیەندرایە لای دایک و باوکی و لە ئاپارتمانێک لە ئەمستەردام جێگیربوون .

ئاننه ئەوسا تەمەنی نیزیکەی پێنج ساڵ بوو( لەدایکبوون : ١٢ی٦ی١٩٢٩) . ئەڵمانی نازی ساڵی ١٩٤١ هۆڵەندایان گرت . خێزانی ئاننه فرانک وچەند کەسێکی تری جوو، ساڵی ١٩٤٢ لە ئاپارتمانێک لە ئەمستەردام( ئێستا مووزەیە) خۆیان شاردەوە . چەند مانگێک پێش کۆتایی شەڕ، رۆژی ٤ی ئووت/ ئابی ١٩٤٤، ئەڵمان گرتیانن و بردیانن ( خەبەریان لێ درابوو و قەت بە دڵنیایی نەزانرا کێ خەبەری لێدابوون). هەموو ئەندامانی خێزانەکە، جگە لە باوکەکە، لە ئۆردوگای نازیەکان لەناوچوون .

ئاننه، ساڵی١٩٤٢دەفتەرێکی بۆ جێژنییادکردنەوەی لەدایکبوونی بە دیاری درابوویێ، لە دوو رۆژ دوایئەوەوە دەستی بە نووسینیبیرەوەریی رۆژانەی کردبوو، کە چوون لەو ئاپارتمانەش

خۆیان حەشار دا، دەفتەرەکەی لەگەڵ خۆی برد و لەوێش درێژەی بە نووسینی بیرەوەریی ڕۆژانەی خۆی دا . کاتێک لە ڕادیۆی" فان ئۆرانیە "(ی ماڵی پادشایی هۆڵەندی، لە لەندەنەوە) بیستی کە دوای ئازادبوونی هۆڵەندا، هەموو دۆکومێنتەکانی کارەساتی گەلی هۆڵەندا تۆمار دەکرێن و بڵاودەکرێنەوە و " بیرەوەریی ڕۆژانەی خەڵکیش بەشێک دەبن لەوە "، ئیدی ئاننە بڕیاری دا بە بیرەوەرییەکانیدا بچێتەوە، کەمێک دەستکارییان بکات و بۆ چاپی کتێبێکیان ئامادە بکات . زۆر ئارەزووی بوو کە هەر ببێت بە نووسەر .

نووسینی بیرەوەرییەکان (بە هۆڵەندی) لە ١٤-٦-١٩٤٢ دەست پێ دەکات، تا ١-٨-١٩٤٤ دوا نووسینی دەبێت . ئەوە دوای کۆتایی شەڕ بە شێوەی کتێبێک بەناوی : " بیرەوەرییەکانی ئاننە فرانک یا ماڵەکەی پشتەوە "بە چاپ گەیشت و، لەوساوە بۆ سەر ٧٠ زمانێک وەرگێڕدراوە و، بە ملیۆنان دانەی لێ چاپ و بڵاوبووەتەوە ( لەم دواییانەدا بیستم کە کراوەتە کوردییش، بەڵام من هێشتا نەمدیتووە) .

ئاننە، لەو نووسینەدا دۆستێکی‌خەیاڵیی بە ناوی"کیتی" بۆخۆی سازداوە و، بەو بیرەوەرییانەی، هەرجارە دڵی خۆی بۆ ئەو دۆستە خەیاڵییەی کردووەتەوە .

ئەمڕۆژانەی مانگی پێنج، هۆڵەندا بە یادی شەڕی‌جیهانییەوە سەرقاڵە، ٤ی مانگی پێنج ڕۆژی " یادکردنەوەی مردووان "( وا بە ڕۆژی شەهیدان دەڵێن)،٥ی مانگی پێنج ڕۆژی ڕزگارییە . لە زۆر گۆشە و کەناران، بەردەمی ماڵان، کەنار ڕووباران ... بۆ هەرکوێ دەچیت شەمی هەڵگیرساو و چەپکی گوڵ دەبینیت، دەزانیت کە ئەڵمانی نازی لەوێ خەڵکیان کوشتوون . دیارە باسی ئاننە فرانکیش لە هەموو شوێنێک هەیە .

ئەمە وەرگێڕاوی دەقی بیرەوەریی ڕۆژێکی کە من لە ئەسڵە هۆڵەندییەکەی"ئاننە فرانک"خۆی وەردەگێڕم :

چوارشەممە، ١٩-١-١٩٤٤

کیتی جان

من ( پەهـ دیسان ئەم هەڵەیەم کرد) نازانم چیمە، دیسان هەر لەدوای خەونەکەمەوە،

پێم وایه گۆڕاوم . له دوو کـەواندا ئـەوەش بڵێم، ئـەمشەو خـەونم بە " پیتـەر "ەوە دیت، چـاوە تیـژبـڕەکانی دە چاوم بـڕیبوون، بـەڵام ئـەم خـەونـەیان وەکو ئەوەکەی پێش ئەوە جوان نەبوو و، ئەوەندەی ئەوەش روون نەبوو .

تۆ دەزانیت کە من جـاران بۆ نێوان لەگەڵ بـاوکم هەمیشە ئێرەییم بە مارخـۆت دەبـرد، بـەڵام ئێستا ئەوەم هەر هیچ نـەماوە . هـەرچەندە هێشتا هـەر بەوە دەئێشێم کە بـاوکم لە تـووڕەبوونیدا وا بە نـاهەق لەگەڵم دەدوێت . بـەڵام لە دڵی خۆمدا دەڵێم : ئێ خۆ ناتوانم گلەییئەوەتان لێ بکەم کە ئێوە وان، ئێوە زۆر باسی هزری منداڵان و جەوانان دەکەن بـەڵام تڵپاتی تەڕیشی لێ نازانن! من ئارەزووی لە ماچی باوک و نازداریی باوکم پتر هەن . من بەوە کە ئەوەندە بەخۆمەوە سەرقاڵم بێتامم کردووە ؟ ئەوانەی کە دەمەوێت لەگەڵیان باشبم و بەمەحەببەت بم، مەگەرنابێت لەپێشدا بیانبەخشم ؟ دایکیشم دەبەخشم، بەڵام خۆم پێ ناگیرێت کە هەرجارە دیسان وا خراپ پێم پێدەکەنێت .

دەزانم چیە، من هێشتا زۆر لەوە دوورم کە دەبێت ببم، تۆ بڵێیت قەت ببم بەوە ؟

ئاننە فرانک

تێبینی : باوکم پرسی، ئایا باسی کێکەکەم بۆ کردوویت ؟ دایکم، بە بۆنـەی رۆژی یـادی لەدایکبوونی، کێکێکی رێک وەکو ئەوەی پێش شـەڕی لە ئیدارەوە بۆ هات، کێکی مۆکا . بـەڕاستی خـۆش بـوو! بـەڵام من ئێستا بیرم کـەم جێی ئـەم شـتانە دەبێتەوە .



سالێک لە دێیەک، کۆلکە فەقێیەک لە ناو کتێبێک دیتی لە جێیەک

دەڵێ : شێخ فەرمووی هەتا هەتایە پێستی سەگ پیسە و دەباغی نایە

ئەمەی هەشت- نۆ جار پاتەکردەوە پاش رەوانکردن ئاوای خوێندەوە :

سەگ فەرموویەتی هەتا هەتایە پێستی پیسی شێخ دەباغی نایە!

کە ئێستا ئەوە لە " بۆ کوردستان"ی" هەژار"دا دەخوێنمەوە،" ژاک برێل"م بە بیردا دێت : دەورکردنەوەی زمانی عارەبی لە خانەقای شێخی بورهان کە هێمن ناوی ناوە"کەشتیی نووح" ناکرێت هاسان بووبێت . بەڵام دیسان، رەنگە لە دەورکردنەوەی خوێندکارانی زمانی لاتین زەحمەتتر نەبووبێت . لە عارەبیدا، دەبێت نموونەی" إسم "ی" مفرد، مثنى، جمع، بە مذکر و مؤنث، لە دۆخی رفع و نصب و جر لەبەربکرێت . یەکەم لیستی دۆخەکانی ناو بۆ خوێندنی لاتین، - ئەوەندەی من ئاگادارم - لە بەلجیکا و هۆڵەندا، بە" رۆزا" دەست پێدەکات . کە شەش حاڵەتی تاک و شەشی کۆ(جەمع)ی ناوی مێیینە دەگرێتەوە، ئەوە هەمیشە دەرسی یەکەمی رێزمانی لاتینە :

Rosa rosa rosam
Rosae rosae rosa
Rosae rosae rosas
Rosarum rosis rosis

رۆزا رۆزا رۆزام
رۆزێی رۆزێی رۆزا
رۆزێی رۆزێی رۆزاس
رۆزارووم رۆزیس رۆزیس

" ژاک برێل Jacques Brel" (١٩٢٩-١٩٧٨) ی گۆرانیبێژی سـەیری بەلجیکی ئەو دەور-کردنەوەیەی هەم بە فەرەنسی و هەم بە فلامی(هۆڵەندیی بەلجیکا ) بە گۆرانی گوتووە .
شیعری گۆرانییەکە درێژە، فەرەنسییەکەی بەم شێوەیە دەستپێدەکات :

Rosa rosa rosam
Rosae rosae rosa
Rosae rosae rosas
Rosarum rosis rosis

رۆزا رۆزا رۆزام
رۆزێی رۆزێی رۆزا
رۆزێی رۆزێی رۆزاس
رۆزارووم رۆزیس رۆزیس

C'est le plus vieux tango du monde
Celui que les têtes blondes
Anonnent comme une ronde
En apprenant leur latin
C'est le tango du collège

ئەمە کۆنترین تانگۆی دنیایە

ئەوەی کە سەرە کەژەکان

دەوری دەکەنەوە

کە لاتین فێر دەبن

ئەمە تانگۆی خوێندگەیە

تا لە نیزیکی کۆتاییەکەیدا دەڵێت :

Mais c'est le tango du temps béni
Où pour un baiser trop petit
Dans la clairière d'un jeudi
A rosi cousine Rosa

بەڵام ئەمە تانگۆی رۆژگاری هاتیشە

کاتێک، بە ماچێکی زۆر بچووک

لەو مێرگە، رۆژی پێنجشەممە

کچی مامم سوور هەڵگەڕا!

لە شوێنێکدا، من باسی ئەوەم کردووە کە هەژار دەرسی رێزمانی عارەبیی دەدامێ، تەمەنم ١١-١٢ ساڵ بوو، جارێکیان " أسماء الإشارة " ی عارەبیی بە ئەم جۆرە پێ لەبەرکردم :

ذا ذي ذە ذين ذان تا تي تە تين تان

هؤلاء ما لە دوايی لەبەريان كە بە ئازايی

بەڵام حەتمەن دەبێت دەرسیعارەبیی خانەقا لە" أسماء الإشارة " زۆر پتر و ئاڵۆزتر بووبێت .

لە دەرسی زمانی عارەبیدا شتی وەهاش هەیە کە دەڵێت :

لە کێشەیەکی نێوان کووفییەکان و بەسرەییەکان لە سەر وشەیەکی زمانی عارەبی، کەسانێک دەچنە لای"أم الهيثم"ناوێک کە لە بیابانەوە هاتووە و وەکو خوێندەوارەکانی شارستان زمانی نەشێواوە (هێشتا شتی وەک کاژێر و مەلەوانگەی تێکەڵەی تەندرو-ستی بزورگ و قەشەنگی خۆجێیی و هەڵسان بە ئەنجامگەیاندنی پارادۆکسی پێچەڵپێچ و ئەو شتە سەیرانەی ئێستای برادەرانی ئێمەی شار فێر نەببوو) . کتێب دەگێڕێتەوە دەڵێت :

کە دەچن دەبینن نەخۆشە و لە جێدا کەوتووە، کەسێکیان بە ناوی " أبو عبيدة" لێی دەپرسێت : عم كانت علتك ؟

دەڵێت : كنت وحمى للدكة، فشهدت مأدبة، فأكلت جبجبة من صفيف هلعة، فاعترانی زلخة!

فقال لها : يا أم الهيثم أی شيء تقولين ؟ بۆ خاتری خودا، ئەوە تۆ چی دەڵێیت ؟

یا ئەوەیتر، کەسێک بە دەست وشەی سەیریعارەبییەوە وا دیقی کردووە، لە داخانا بە شیعر هۆنیویەتەوە :

إنما الحيزبون و الدردبيس          و الطخا و النقاح و العلطبيس
و الغطاريس و الشقحطب و السقعب          و الخربصيص و العيطموس
و الحراجيج و العقنقس و العفلق          و الطرفسان و العسطوس

هەژار دەیگوت کە لە خوێندنی عارەبیدا " الجار و المجرور"یان پێگوتووە، وایزانیوە باسی ئامرازەکانی ناڵبەند دەکەن!

ئێ چی لەو زمانە بە شیعر بهۆنێتەوە، بۆ کێ ؟ بۆ "هێمن"ێکی هەڤاڵی کە بۆ عارەبی زۆر لەو کۆڵەوارتر بوو، کە دوای ئەوەش هەر قەت فێری عارەبی نەبوو ؟



سارا خانم بە دەوری کلیۆپاترا لەسەر شانۆ

سارا بێرناردت Sarah Bernhardt خانم (١٨٤٤-١٩٢٣)، بە گەورەترین بازیگەری شانۆ لە تەواوی مێژووی نەتەوەی فەرەنسادا و، گەورەترین بازیگەری شانۆی دنیا لە سەردەمی خۆیدا ناسراوە .

مۆریتز بێرناردت، پیاوێکی بازرگانی بەدناوی جوو لە ئەمستەردام، کچێکی هەبوو، یودیت خانم . کچ چووە پاریس و بوو بە ناودارترین قەحبەی چینی سەروو لە پاریس ( نیوە برای ناپلیۆنی سێیەم و کەسانی تری زۆر دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار دەچوونە لای) .
لە کەسێک، کە نەزانرا کێ بووە، کچێکی بوو، ناوی نا " ئانرییێت رۆزین" و، گەورەکردنی بە دەست خەڵکی ترەوە و خوێندنی باشی بۆ دابین کرد( خۆی کەم دەپەرژایە سەر دیتنی) .
کچ گەورە بوو و بە ناوی"سارا" بوو بە گەورەترین بازیگەری شانۆ و، دەچووە هەر وڵاتێک (ئەمریکا، ئینگلستان، بەلجیکا، هۆڵەندا ...هەرکوێ)، وەک یەکێک لە خۆشەویستترین شاژنە- کانی دنیا لەلایەن جەماوەرەوە پێشوازیی لێ دەکرا .
ئۆسکار وایلد، دوای دیتنی شانۆیەکی، چەپکێک گوڵی فڕێدایە بەر پێی و پێیگوت : سارای خودایی( یا پیرۆز Divine )، ئیتر زۆر هەر بەوە ناو دەبرا .
مارک توێن گوتوویە : پێنج جۆر بازیگەری شانۆ هەن : خراپ، مام ناوەند، باش، زۆر باش و، سارا بێرناردت .
گەورەترین نووسەرانیفەرەنسا تکایان لێدەکرد بەڵکو بەرهەمێکیان لەسەر شانۆ بازیبکات .
" کۆپێ Coppée" ی شاعیر و نووسەری رۆمانی فەرەنسی، بە قسەی سارا خانم کەوتە سەر نووسینی شانۆ و، هەر بەهۆی ئەوەوە وا سەرکەوتوو بوو( بڕوانە ئەم کتێبەم : هەڵبژاردەیەک لە مێژووی ئەدەبیاتی فەرەنسی-٢٠٢١ ل ٢٤٢-٢٤٣) .

سارا خانم لە یەکەم فیلمی(بێدەنگی) سینەماشدا دەوری" ئالیزابێت "خانم( پادشای ئینگلیس)ی بازیکرد و تێدا ئێجگار زۆر سەرکەوتوو بوو .

فەرەنسییەکان سارا بێرناردت خانم بە گەورە ژنێکی جێی شانازیی نەتەوەکەیان دادەنێن، هۆڵەندییەکانیش شانازی بەوەوە دەکەن کە ئەسڵی سارا بێرناردت خانم هۆڵەندی بووە .



سارا بێڕناردت و دایکی



سارا لەسەر شانۆ

**ئیتالیا**

لە کلاسی٣ی ناوەندی بووم، لە بەغدا، دەرسی" مێژووی نوێ"مان هەبوو، کە چەند سەردێڕ-ێکی مێژووی ئەوروپای وەخۆدەگرت : شۆڕشی ١٧٨٩ی فەرەنسا، یەکێتی ئەڵمانیا، یەکێتی ئیتالیا، ناپلیۆن و ... ئەوانە .

مامۆستاکەمان، وادەزانم کۆمونیست بوو، بە زێدە حەماسەوە باسی رووداوە شۆڕشگێڕییەکانی دەرسەکەی دەکرد و، واشدەبوو جنێوێکی بە دوژمنێکی شۆڕشگێڕانی رابردوو دەدا.

بەنموونە دەیگوت :

ئێمە باسی لویسی شازدە (مەبەست " لوی"ی١٦) ی" سەگی کوڕی سەگ"! دەکەین، کە دوای مەرگی لویسی١٥ بوو بە پادشا... دەزانن لویسی١٥ چۆن چووە جەهەننەم ؟ کاتێك لەگەڵ قەحبەیەکدا " لە حالەتی جنسی"دا بوو و ملی ژنەکەی دەگەست، رووحی فاسیدی دەرچوو و، ژنەکەش زەندەقی لەوە چوو و ئەویش لەگەڵیدا مرد...ئای ئەوانەی ئاوا بەخۆیان دەگوت"سێبەری خودا لەسەر زەوی"، خۆش سێبەر! هەموو سەرسەری و سەگ و سەگباب بوون!

ئیدی بتدیبا کاتێک زەنگ لێیدا و بوو بە پشوو، ئەو خوێندکارانە چۆنهاواریاندەکرد :

دەک هەزار خۆزگە بە مردنی وا، ئەوەیە مردن، ئەدی بە کۆکەکۆک و تڕە- تڕی پیریی ناوجێگا بمریت باشترە یا وا ملی نازدارێک بگەزیت ؟

رۆژێک، دەرسی باسی ئیتالیا بوو، خوێندکارێک پرسی : ئەرێ ئوستاد، من کتێبێکی میسرییە-کم هەیە، باسی ئیتالیای تێدایە، لەجیاتی" الإیطالیین" تێدا نووسراوە" الطلیان "، ئەو" طلیان"ـە چیە ؟ دیاربوو ئوستاد چاوەڕێی ئەو پرسیارەی نەدەکرد، هێندێک وەستا و، ئەوجا گوتی : کێ وەڵامی ئەوە دەزانێت ؟ کەس! کەس نەیگوت من . ئیدی خۆی کەوتە مانالێدانەوەی، گوتی :

ئێمە دەزانین کە طلیان جەمعی" طلی"یە، واتا " بەرخ "(لە عیراق وا بە بەرخ دەڵێن، وشەیەکی ئارامی و عیبرییە). کاتێک ئیتالییەکان حەبەشەیان داگیرکرد، شۆڕشگێڕانی حەبەشە لە چینیکرێکاران وجووتیاران و"المثقفین الثوریین"(رۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ)

لێیان راپەڕین و راویان نان، ئیدی ئیتالییەکان وەکو بـەرخ لە بەردەمیان رایاندەکرد و، لەوساوە ئەو ناوەی بەرخەکانیان بەسەردا سەپا!

کەس نـەیگوت ئـاخر بۆچی مەگەر خـەڵکی حەبەشەش بە بـەرخ دەڵێن طلی ؟ ئـەوجا خۆ ئـەو کتێبە هی میسرییەکە، چی طلـی‌ی حـەبەشییەکانی گەیاندە میسر ؟ جا بـزانە هـەمووومان چـەندە زیرەک بووین! راستییەکەش ئەوەیە کە زۆرتر میسرییەکان بـەڵام زۆرعـارەبی تـریـش، هـەر بۆ کورتکـردنەوە، "ایـ"ی"ایطالی""ەکەیان پـەڕاندووە و وایان لێکردووە، لە جیاتی ایطالیین دەڵێن طلیان، ئیدی نە بەرخ و نە هیچ .

من کاتێک ویستم فێری زمانی ئیتالی ببم، بە پێکەنینێکی زۆرەوە ئـەو قسەیەی ئـوستادم وەبیر هاتەوە . بەڵام خۆشەکە ئەوەیە کە ئێستا دەبینم چـەند تیۆری لە بارەی ناوی " ئیتاليا "وە هەن، لە وردەکارییەکاندا جیـاوازن بـەڵام نیزیکەی هـەموویان لەوەدا هـاوبیرن کە نـاوەکە بە ئـەسڵ پێوەندیی بە وشەی" ڤیتیلوس"ی لاتینەوە هـەبووە، واتا : گوێلک! نـووسـراو دۆزراوەتەوە کە ئەو ناوەی بە " ڤیتاليا" تێدا هەیە، واتا وڵاتی ڤیتیلوس، وڵاتی گوێلک، مەبەست : دەوڵەمەند بە گوێلک، بە گاوگۆل، شـێوەیەکی خـوێندنەوەی یـونانییانە وەهای کردووە " ڤ"یەکە بپـەڕێت و ئیتر ماوەتەوە: یتاليا . دەشکرێت سەرەتا ناوی عەشێرەتێک بووبێت و...ئیدی چەند تێوریی تر، بەڵام هەمووی بەدەوری وشەی " ڤیتیلوس"ـەوەن( گوێلک) .

ئاوا، ئەوەی ئوستاد بە " بەرخ "ی بۆ باس کردین، " گوێلک " دەرچوو .

## ئێڤار

بە هیندی بە " رۆژ"(٢٤ سەعات) دەڵێن : دین، بەڵام ناوی هەموو رۆژەکانی حەفتە بە " ڤار" کۆتاییان دێت :

ڤاراهـ :□□□ بە سانسکریت واتە : رۆژ (٢٤ سەعات) . ئێستا بە هیندی :

راڤیڤار □□□□□□ Ravivaar : یەکشەم - راڤی= هەتاو .

سۆمڤار □□□□□□ Somvaar : دووشەم - سۆم = مانگ .

مەنگل‌ڤار □□□□□□□ Mangalvaar : سێشەم - لە مانگالا = خودای تەعەدا/ پەلامار .

بود(هـ)ڤار □□□□□□ Budhvaar : چوارشەم - بودها = خودای پارێزگاری تەبیعەت .

گووروڤار □□□□□□□ Guruvaar : پێنجشەم - گووروو = مامۆستا، رێنوێن، رێ‌پیشاندەر؛

ناوێکی تری : برەهاسپاتی‌ڤار – برەهاسپاتی Brehaspati □□□□□□□□ = گەورەی هەموو خوداکانی هیندو، بەگوێرەی ریگ‌ڤیدا راست لە رووناکییەوە هاتووە و ناوی هەسارەی مشتری Jupiter .

شوکرڤار □□□□□□□□ Shukravaar : هەینی - شوکر = هەسارەی " Venus زهره" .

شانی‌ڤار □□□□□□ Shanivaar : شەممە - شانی = خودای داد/ عەدالەت .

نێوانی ئەو " ڤار"ە و " ئێڤار/ ئێوارە "ی کوردیی ئێمە زۆر سەرنجم رادەکێشێت، بەڵام بەداخەوە سەرچاوەی ئێتیمۆلۆجیی پێویستم بۆ لێکۆڵینەوەی ئەوە بەدەستەوە نیە .

## بەهارات



بەهارات لە کوردستانی بشوور و، لای زۆرعارەبیش" بهارات" یا هەر" بهار" بە ئەو شتانە دەڵێن کە لە ئەو وێنەیەدان : زۆرتر گیای وشکی هاڕدراو بۆ تام و بۆن بەرامەی خۆراک، زەردەچێوە و ئەو شتانە . ناوی بهارات لە چییەوە هاتووە ؟ لە ناوی هیندستان، هیندی لە قسەکردندا وادەبێت بە وڵاتی‌خۆیان دەڵێن هیندوستان بەڵام بە رەسمی دەڵێن و حەتمەن لە نووسیندا دەنووسن : بهارات □□□□ (یا بهارەت)، ئەوە ناوی ئەو وڵاتەیە . بە سانسکریت بە هەمان شێوە دەنووسرێت و دەخوێندرێتەوە " بهاراتا ". بهاراتا نازناوێکی " ئاگنی □□□□□" = ئاگر " بووە،

ئـاگنی ناوی خودای" ئـاگر( بەگشتی و ئاگری سووتاندنی مردوو)، ئاگردان، بروسکە، هەتاو" بـووە لە ریگاڤێدادا . بهاراتا لە ریشـەی " بهر"ی پـرۆتۆ هیندۆ- ئـەوروپایی، کە لە ئینگلیسیی ئێستادا دەبینین لە وشەی bear دا سـەری هـەڵێناوە، مەبەست : " تەحەمول، هەڵگرتن" بووە و بەوە بە ئـاگریان گوتووە : قەت نەکوژێتەوە یا ناکوژێتەوە . وەک چۆن ئێستا مسـوڵمان لە گەڵ ناوی خودادا دەڵێن : تعالی ( تەعالا )، ئەوانیش وایان بە خودای ئاگر گوتووە : درێژەی پێبدە، یا : بێ بڕانەوە، تەحەمولی هەڵگیرسانی ئەبەدی ... شتێکی وەها .

ئەوجا بەوە کە وەجاخ/ ئاگردان واتە ئاوەدانی و شوێنی ژیان، ئیتر هەموو نیشتمان ئەو نازناوە ی ئاگنی (ئاگر)ی کردووە بە ناوی خۆی : بهاراتا .

بـاشـە، ئێستا بـەهاراتەکە لای ئـەوان ئـەوەیە، ئـەی ئەوان بە ئـەم بـەهاراتەی بـاشووری ئێمە، زەردەچێـوە و ئەو شـتانە دەڵێن چی ؟ پێیدەڵێن : ماسالێ □□□□□ masaalé، ئـەوەیان لەکوێـوە هێناوە ؟ لە " مصالح "ی فارسی...خۆش فارسی!، ئوردو دەینووسن : مصالحہ(دەیخوێننەوە : میسالهە) .

فارس دوای ئەوە کە ئەو هـەمووە وشە عارەبییانەیان دە هەنبانەی زمانی خۆیان پەستاوتوون، ئەو هەمووەشیان دە زمانی هیندییەکان راکردوون . کەچی خۆیان دوای ئەوە کە " مصالح"ـەکەیان داوە بە هیندییەکان، لای خۆیان کردوویانە بە " أدویە " ...

فـارس ئـەوجا " دواء"یشیان (" دەرمان "ی عـارەبی) هـەر بە مانای " دەرمان " خسـتووەتـە زمانی هیندییەوە : " داڤا □□□ davaa "، بە ئـوردو : دوائی ( رێک وەکو وشـەی " دوایی"ی کوردی دەخوێندرێتەوە) . دە فەرموو دەی، ئەو زمانانەی دنیا چەندە پەتین!

## پایێللا

پـایێللا paella، یا پـەیێلە، لای ئیسـپانییەکان خۆیان پایێیا لە دنیادا بە " خـۆراکە ئیسـپانییەکە " ناسراوە، چێشتێکی مەڵبەندی بـالێنثیای ئیسـپانیایە . جۆرێک چێشتی مجێورە، ئیدی هەرچی بە دەستتەوە هات تێیبکە تا خۆشتر ببێت . من خۆم پـایێللام لە ریستورانی ئیسـپانی داواکـردووە، ماسی و چەند جۆر خۆراکیتری دەریایی و مریشک و گۆشتی سوورکراوەی بەرخ و باینجان

و بیبار و کوولەکە... نازانمچیدیبیش کە هەمووی لە برینجدا نقوم کراوە و لە یەک قاپی زەلامدا لە بەردەمیان داناوم .

وشەی " پایێللا" یانی چی ؟ لە چییەوە هاتووە ؟ سەیری سەرچاوەیەکم کرد، دەبینم دەڵێت : لە " بقایا "ی عارەبییەوە هاتووە . چۆن ؟ ئەوە کاتی خۆی دوای ئەوە کە حاکمان و دەوڵـەماندانی مۆر(عارەب و ئامازیغی) لە ئیسپانیا لە خواردن بوونەتەوە، خزمەتکاران سفرەیانهەڵگرتووە، چیی پاشماوەی خۆراک بووە، کۆیان کردووەتەوە، هەر خزمەتکارە و بەشیخۆی لەو هەمووە جۆرە خۆراکە هەڵگرتووە، خستوویەتە یەک مەنجەڵەوە و لەگەڵ خۆیدا بۆ ماڵ و منداڵی خۆی بردووەتەوە؛ لە ماڵیش هەر وا، بۆ خواردن هەموویان کردووەتە یەک قاپەوە، بەوەیانگوتووە : بقایا!( پـاشماوەکان)، ئیسپانییەکان ئەو" بقایا "یەیان کـردووە بە پـایێیا و شێوەی نـووسینەکەیان لای ئـەوروپاییانی تـر بە پـایێللا خـوێندراوەتەوە . گوتم وەڵڵا عـەقڵیتێدەچێت وا بـووبێت، تـا سەیری قاموسێکی ئێتیمۆلۆجیی ئیسپانیم کرد، دیتم دەڵێت : paella واتە : تاوە( لە paele ی فەرەنسییکۆن، ئەویش لە patella یلاتین= مەنجەڵ)؛ زۆرتر کە پاشماوەی خواردنی نیوەڕۆ بۆ شـیوی ئێوارە یا شـەو گەرم کـراوەتەوە، یا وردە پـاشماوەکانی پتر لە رۆژێـک بۆ جـەمێک وەسەریەک خراوە و لە تاوەیەکدا گەرم کراوەتەوە و بەوەیان گوتووە : جەمی تاوە!

ئەی ئەم چیرۆکەی" بقایا "یە لەکوێوە هاتووە ؟ بۆ جاری یەکەم کەسێک ساڵی١٨٩٢ نووسیویە کە ئەوە وەهایە، یانی پتر لە ٦٠٠ساڵ دوای ئەوە کە بالێنثیا لە مسوڵمانان سەندراوەتەوە، پێش ئەم نووسینەی سەدەینۆزدەش کەس شتی وەهای بە بیردا نەهاتووە کە پێوەندییەکی بە"بقایا"وە هەبێت . قسەیەک ئـەگەر عەقڵ بیگرێت، لە بـاشترین حاڵەتدا دەکرێت بڵێین :" ئـەوەش دەکـرا" بەڵام هەر ئەوەندە کە تەفسیرێکت بۆ پەیدا کرد نـابێت بە بەڵگە . لێرەدا بە بیرمدا دێت بڵێم : مەگەر ئیسپانییەکانیش" سەید حوزنی"ی خۆیان هەن ؟

## تیرامیسوو و کاپوچینۆ

تیرامیسوویەک بە کووپێک قاوەی " کاپوچینۆ"وە یانی چی ؟ یانی : کەیف! . ئیتر من لەوەتای بەو دوو شتەم زانیوە، وا بە خـۆم دەڵێم . زۆریان حەز لێ دەکەم و، ئـەگەر لە کافێیەک دابنیشم

و هەیانبن، حەتمەن داوایان دەکەم . لەوەتا لە بارەی ئەسڵ و فەسڵی ناوەکانیشیانەوە شتێکم خوێندووەتەوە، هەر کە لە قاوەخانەیەک داوای ئەو دوو شتە دەکەم، ئەو شیعرەی " نالی"یم وەبیردێتەوە کە دەڵێت : نالی سەرت لە گونبەدەکەی خانەقا دەکا

لایێ پڕە لە مەشعەلە، لایێ لە مەشغەلە

مێژووی وشەی" کاپوچینۆ"کە دەمباتە دنیای سان فرانسیسکوی پیری تەریقەتی ئیتالیی کلیسا و، " تیرامیسو"ەکەش داهێنانی قەحبەخانەکانی ئیتالیایە و، ئیتر ئەوانە وێکڕا زۆر لە بارەی مێژووی ئیتالیا و" مەشعەلە" و" مەشغەلە"ی زۆر شوێنی تری دنیاش دەڵێن .





Cappuccino کاپوچینۆ        Tiramisù تیرامیسوو

کاپوچینۆ، شێوەی ئیتالیی capuziner ی ئەڵمانیی ئوتریش ( نەمسا)یە، کە بەهۆی رەنگی قاوە یا کاکاوی کە بە سەرییەوەیە وا ناونراوە . کەوایەکی بەو رەنگە و بە کڵاوێکی قووچەوە چەند سەدەیە بووە بە بەرگی رەبەنانی تەریقەتی ئەو" سان فرانسیسکو"یە . دەڵێن ئیمامی تەریقەتەکە شتێکی وەهای بەو رەنگەی دە بەردا بووە، رەنگە بەرگەکەی وا بووبێت، بەڵام هیچ بەڵگەیەک بۆ ئەوە نیە کە رەنگەکەی وەها بووبێت، ئیتر کاهینان بە کەیفی خۆیان ئەو چیرۆکەیان داهێناوە، تەنانەت هەر بە خۆیان دەڵین" کاپوچین". وشەکە بە ئەسڵ لە"کاپوت"ـە، بە لاتین واتە : سەر(ی مرۆڤ، حەیوان ...)، ئەوە لە ئینگلیسیدا بە " کاپ " و لە ئیتالیدا بە " کاپوچۆ" بە مانای (جۆرێک) " کڵاو" پەیدابووە و، ئەوجا هەر بە تەواوی کەوای وەهای بە کڵاوەوەش گوتراوە . دەڵێن کاتێک" سولەیمانی قانوونی"ی عوسمانی لە شەڕی ڤیەننادا شکاوە و کشاوەتەوە، قاوەی زۆری لەشکرەکەی کەوتووەتە دەست کەشەکان و، داویانە بە خەڵک،

بـەڵام خەڵک پێیان تـاڵ بـووە، ئیتر کەشـە گـوتوویانە شـیری تێکەڵ بکـەن و بەوجـۆرە دەستی پێکردووە ... وا دەڵێن .

ئەوجا تیرامیسو، بە ئیتالی: تیرا = رامکێشە، می= من، سوو = بۆ سەرەوە . کەواتە: رامکێشە بۆ سەرەوە .

زۆر سەرچاوە بۆ باسی ئەوە هەن کە شتی جیاواز دەڵێن، زۆر هوتێل و نانەوا و تەباخی ئیتالی هەن کە شـانازیی داهێنانی ئەو شیرینییە و ئەو نـاونانەی بۆ خۆیان دەگێڕنەوە، بەڵام ئەوەی کە من لە خوێندنی ئیتالیدا خوێندم بریتی بوو لەمە :

نازانین کێ بووە ئەو شتەی داهێناوە، بەڵام دەزانین کە ئەو وشەیە لە قەحبەخانەوە هاتووە!

بۆ خاتری خودا، عەیب و شوورەیی، پیاوی چا بە، ئەوە تۆ دەڵێیت چی ؟

بـەڵێ، بـەرێ وەڵڵا، دەرس وا دەڵێت . بـەڵام ئێێێێ ؟ چـۆن ؟ چاک! پیاو، وەک هەمیشەی هەزارانساڵی رابردوو، چوونەتە قەحبەخانە . لەوێ سـەرەتا خواردوویانە و خواردوویانەتەوە و، لە کۆتـاییەکەیدا ئـەو شـیرینییەیان بۆ هێنـاون و گـوتـوویانــە : فـەرمـوو، ئـەوە بـخـۆ، زۆر خۆشە، بـەڵام دەزانیت ئەمە نـاوی چییە ؟ ئەوجا - بە قاقایەکی پێکـەنینەوە و چـاو داگـرتنێک و ئیشارەتێک بۆ نهۆمی سەروو کە ژوورەکانی لێن - ئەوە : تیرامیسو! رامکێشـە بۆ سەرەوە! کاپـوچینۆی کلیسـا و رامکێشـە بۆ سـەرەوە پێـکەوە ئـەوەندە خـۆشن، ئـەوەیە کە ئـەو شیعرەی " نـالی "م وەبیر دەهێننەوە . زۆر خاوەن هـوتێل و کافێ لە ئیتـالیا شـانازیی داهێنانی ئەو نـاوە دەگێڕنەوە بۆ باوەگەورە گەوادەکەی خۆیان، کە ئەو لە قەحبەخانەکەیدا ئەوەی داهێناوە .

## گوڵاڵەی **دڵبەند** چۆن بوو بە **چیوولیپ**

نووسـەرێکی فـلاندەری(ی بـەلجیک)، رۆشنبیرێکی هومانیست، بە ناوی " ئۆگیر خیسلین فان بـوسبێکە Ogier Gisleen van Busbeke (١٥٢٢-١٥٩٢)، سـاڵی١٥٥٤ بوو بە سـەفیری فێردیناند( دوک و پادشا و ئیمپراتۆر و ... ئیدی) لای سولەیمانی قـانوونـیی عـوسمـانی . زۆر شتی لە بارەی عـوسمانی و تـورکەوە نـووسی و، لە رێگەی " گـوڵاڵە "وە تـەئسیرێکی زۆری

مێژوویی هەبوو .

زۆر جۆرە گوڵاڵە لە ئەستەمبووڵ هەبوون، یەکێک لەوانەی پێ هەرە جوانەکە بوو، کە پێیان-دەگوت گوڵاڵەی دڵبەند . چەند گوڵاڵەیەکی لەوانە بە دیاری لەگەڵ خۆی بردەوە ڤیەننا بۆ خزمەت فێردیناند، ئەوە چیە ؟ دڵبەند، تولبەند ... و بوو بە تولپن tulpen و، بەوە کە لە زۆر زماناندا en نیشانەی " کۆ"یە، وایان دانا کە بە یەک گوڵاڵە بڵێن " تولپ "( ئینگلیسییەکەی : چیوولیپ tulip) و، گوڵاڵە بەوە کەوتە مێژوویەکی زۆر پڕ لە هەراوهەنگامە لە ئەوروپا .

سەرەتا لە فەرەنسا بڵاوبووەوە، دوای ئەو هۆڵەندا(ئەوسا: کۆماری حەوت هۆڵەندا یەکگرتووە-کان). وای لێ هات بوو بە"پارە"، بەڵام پارەیەکی ئێجگار زۆر وەک چەکی بانکی لە سەودای بازاڕدا. لە کاتێکدا کە داهاتی ساڵانەی هۆڵەندییەک١٥٠خڵدن(پارەی ئەوسا) بوو، نرخی یەک گوڵاڵە لە نێوان یەکهەزار و شێست هەزار خڵدن بوو! نرخی یەک گوڵاڵە وەکو نرخی بینایە-تێکی چەند نهۆمی کەناری کەناڵەکانی ئەمستەردام بوو .



رەسمی گرانترین گوڵاڵەی هۆڵەندی لە سەدەی ١٧، وایان زانیوە بە زانایی وا بەرهەم هێنراوە کە وێنەی گڕی ئاگر دە گەڵاکانیدا بێت، لە کاتێکدا کە ئەوە ئەوسا هەر تەنیا بە هۆی ڤیرۆسێکەوە رەنگی وەهای لێ هاتووە، نە پتر . ئێستا هۆڵەندی دەتوانن خۆیان رەنگی گەڵاکانی بە زانایی بە دڵی خۆیان دەربهێنن بەڵام ئەوسا وا نەبووە .

ئێ ئەوە شێتی نیە ؟ بەڵێ، لەبەر ئەوە لە کتێبەکانی مێژووی ئابووریدا بە " شێتیی گوڵاڵە " ناودەبرێت کە لە ساڵی ١٦٣٤ ەوە تا ٣ی شوبات/ فێڤریەی١٦٣٧ تووشی هۆڵەندا بوو، لەو

ڕۆژەدا نرخی گوڵاڵە ڕووخا، چونکە کەسانێکی زۆری بێ پارە بە قەرز کڕیبوویان و لە پڕ ئەو ڕۆژە بیسترایەوە کە پارەکەیان بۆ نەدەدرا و، خەڵکێکی زۆریش لە ئەورووپا پارەی خۆی خستبووە ئەو بازرگانییەوە و بەو بەزمەی زانی و داوای پارەی خۆی کردەوە . شتێکی لە بابەتی ڕووخانی بانکی فینلەندیی پێش چەند ساڵ و، کارەساتی خانووەکانی ئەمریکا( وا دەزانم لە سەرەتای سەردەمی ئۆبامادا بوو- کێشەی ئابووریی بڵق The Bubble Economy) .
ئەمە هەر شتێکی زۆر کەمە لەو مێژووە، ئەوە چەندین کتێبی لە سەر نووسراوە و، چەندین نووسەری ناودار باسیان کردووە .

**ڕایخی سێیەم**

پیاوێکی ئەڵمان **Arthur Wilhelm Ernst Victor Moeller van den Bruck** ئارتوور ڤیلهێلم ئێرنست، کە " ئارتوور"ەکەی لە یەکەم ناوی " شۆپێنهاوەر" وەرگیراوە و، دواتر ئەو دەستی لێ بەرداوە و وا دیارە هەر بە ناوی باوکە ئەڵمانەکەی : مولەر( Ottomar Victor Moeller ) و دایکە هۆڵەندییەکەی: فان دێن برووک Van den Broek(کە ئەویش لە دایکێکی ئیسپانی بووە) ناسراوە . لە نێوان١٨٧٦و١٩٢٥دا ژیاوە، بە یەکێک لە پێغەمبەرا-نی نازییەکانی ئەڵمان دانراوە . ساڵی١٩٢٣ کتێبێکی بە ناوی"ڕایخی سێیەم" دانا، ئیتر نازییە-کان چنگیان لە زاراوەکە گیرکرد . بە گوێرەی ئەوە ڕایخی یەکەم " ئیمپراتۆریی ڕۆمانیی پیرۆز" بوو(٨٠٠- ١٨٠٦) و دووەمەکە ئەوەی فرێدریک و بسمارک بوو(١٨٧١-١٩١٨).
من خۆم ئەو کتێبە تووڕەهاتەم نەخوێندووەتەوە بەڵام بە گوێرەی سەرچاوەکان هەڵوێستی زۆر دژی دیموکراسیی ڤایمار( ڕایخی ئەڵمان ١٩١٨-١٩٣٣) بووە و " موسۆلینی"ی بە نموونەی بەرزی سەرمەشقی خۆی داناوە . پێیوابووە کە دەبوو ڕایخی سێیەم بێت . ئەوەبوو هیتلەر هەشت ساڵ دوای مەرگی نووسەر، دانانی بناغەی ڕایخیسێیەمی ئاواتەکەی ڕاگەیاند .

**فاشیزم**



ئـەو شـتـەی ئەو رۆمانییە لەو رەسمەدا هەڵیگرتووە، لە رۆمای کـۆندا پێیانگوتووە fasces کە ئێستا - بە بێ بـەڵگە - دەڵێن دەبێت ئـەوسا - بەمجۆرە لە دۆخی یـەکەمیدا - بە " فاشیس"، یا : " فاشیز"خوێندرابێتەوە . بەگوێرەی رێزمانی لاتین، دۆخی چوارەمی(داتیڤ، مجرور)ی تاکی دەبێت بە fasci " فـاشـی" کە زمان لە سەر دوا پیتی i دابگیرێت . ئـەو fascis ـە لێرەدا بە زاراوە بە ئەو شتە گوتراوە کە ئەو رۆمانییە لەو رەسمەدا هەڵیگرتووە، تەورێک یا پاچێک کە چـەندین داری بە دەورەوە بـەستراوە . بـەڵام لە قـاموسی لاتیندا وشـەکە هەر واتە " دەسـک، چەپک"(دەسکە گوڵ،چەپکە گوڵ) یا هەر دەستە چیلکەیەک یا دارێک ئاوا پێکەوە ببەسترێت . ئـەوە لە رۆمای کـۆندا کارمەندێکی دەوڵـەت هەڵیگـرتووە، کە بەو کارمەندە گـوتراوە lictor لیکتۆر( رەنـگە لە" ligare لیگارە " واتـە " بەستن، گرێدان"ـەوە هـاتبێت) . لیکتۆر لە ژێـر فەرمانی چەند کەسێکی کەمی دەوڵەتدا کاریان کردووە، کە دیارە هەمووی بە قانوون دیارکرا- بوو : پرایێتۆر، کە ئێجگار زۆر بەدەسـەڵات بوو، سـەرەتا هەر یـەک پرایێتۆر هـەبوو، دوایی کۆماری رۆما گەیاندییە هەشت پرایێتۆر .

پرایێتۆر مافی شەش لیکتۆری هـەبوو کە لە ژێر فەرمانیدا بن، هەر کام لە دوو کۆنسولەکە(کە جێگای‌پادشایان گرتبووەوە) مافی دوازدە لیکتۆری‌هەبوو، دیکتاتۆر(کە سەرەتا بە قانوون هەر بۆ شەش مانگ دادەنرا، تاکو ئەو کێشانەی کە بە دیموکراسی چار نـەدەکران چار بکات) مافی ٢٤ لیکتۆری هـەبوو . ئەو لیکتۆرانە حـوکمی سزایان بەجێدەهێنا و ئەوە دەکرا ئیعدام بوایە، کە بە تەورەکەیان( فاشیس) سەری حوکمدراویان دەپەڕاند .

موسۆلینی(١٨٨٣-١٩٤٥)، ساڵی ١٩١٢ چووە ریزی پـارتی سۆسیالیستی ئیتالیا، لە ١٩١٤و ١٩١٥ وشـەی فـاشی لە بـزووتنەوەی سـاندیکایی شۆڕشگێڕی ئیتالیادا هەبوو . چەند رێبازی جیاواز لە بـزووتنەوەی سـۆسیالیستیدا هـەبـوون . لەوانە موسـۆلینی لە دواییـدا، سـاڵی ١٩١٩، رێکخـراوێکی بە نـاوی " فاشی دی کـۆمباتیمێنتۆ" ( فاشیی شەڕ) دامەزراند و، رەسـمی ئـەو " فاشیس"ـەی کردە دروشمی خۆی و بەوجۆرە ناوی" فاشیست و فاشیزم"بە زاراوەی سیاسی کەوتە دنیاوە .

## نوێژ، نماز، ناماستێ

ئـەوانەی دەچنە کلوبێکی یـۆگا لە ئـەوروپا یا ئـەمریکا، جگە لە وشەی" یـۆگا "ی هیندی ( لە " یوج"ی سانسکریت) بەلای یەکەم یەک وشەی تریش لە سانسکریت فێردەبن، کە " سڵاو"ی هیندییە : ناماستێ □□□□□□ نمستـے Namasté وێڕای هەر دوو لەپی دەست پێکەوەنان لە ئاستی دڵـدا، بە شێوەیەک هەر وەک کە بیانەوێت بزانن ئایا بە قەد یەکن! زۆرتر وایە بە کەمێک سەر خوارکردنەوە یا چەمانەوە .

ئەمریکایی بە گاڵتەوگەپ شتی خۆیان لێ دروست کردووە : Namaslay!

نـاماستێ وشەیەکی سـانسکریتی ئـاینی هیندووەکانە، بە حـەرفی واتە : بۆت دەچـەمێمەوە . لە ریگاڤێدادا هەیە کە بۆ خوداکان گوتراوە و، ئێستا لە جێگەی سەلام و مەرحەبا و شتی وەهایە . دەبێت "نوێژ"ی ئێمەش لە " ناماس"( چەمانەوە) ی پرۆتۆ ئیندۆ-ئێرانی بێت( ریشەی کوردی و فارسی و پەشتوو و هیندی) .

بەڵام ئەوە هەر هی هیندووەکانە، مسوڵمانەکان سڵاویخۆیان هەیە : السلام علیکم، یا : سەلام، یا (بە هێندێک رەسمی و بۆ کەسێکی گەورەتـر) دەڵێن : ئـەدەب سەلام، وێڕای سـڵاوکردن بـە دەستی راست وەک ئێمە بۆ لایەکی سەر(من ئەوەم لە سەرچاوەدا نەدیتووە بەڵام لە هەر وێنە و رەسمێکدا کە من تا ئێستا دیتوومە، ئەو مسوڵمانەیان کە دەڵێت سـەلام یا ئەدەب سەلام، لەگەڵدا دەستی راستی بەشێوەیەک رادەگرێت هەر وەک دەستەکە ئاوێنەیەک بێت و سـەیری خۆی تێدا بکات) .

سیخەکانیش سڵاوی خۆیان هەیە : هەر دوو دەستیان وەکو ئەوەی هیندووەکان لێدەکەن بەڵام لەجیاتی ناماستێ شتێکی تر دەڵێن : سات شری ئاکال □□□□ □□□□ □□ ، واتە : " حەقیقەت سامانی ئەبەدییە "، لە سانسکریتە، سیخ لە شەڕ و هەرا و سەرکەوتنیشدا دەیڵێن(وەکو أللە أكبر ی مسوڵمانان) .









تابیعانی هەر دینە لە نێوان خۆیاندا دیارە هەر سڵاوەکەی خۆیان دەڵێن، بەڵام واش دەبێت دوو کەسی ئاین جیاواز بۆ خۆشەویستی و ڕێز سڵاوی ئەوەکەی تر دەڵێن : هیندوویەک بە مسوڵمانێک دەڵێت : ئەدەب سەلام ... ئیدی .

## تابلۆی " ڤینوسی ئوربینۆ"، تیڤانیۆ ڤێچێلیۆ(تیتیان، تیشەن) ی ئیتالی- ١٥٣٨



ئەم تابلۆیە لە بیرەوەریی مندا

" تیڤانیۆ ڤێچێلیۆ Tizanio Vecellio"ی ئیتالی(نێوان ١٤٨٨ و ١٤٩٠- ١٥٧٦) كە ئینگلیس كـردوویانە بە تیشـەن Titian، لە سـەردەمی كارل-ی یـەكەم ( نـەوەی ئیـزابێلا و فێـردیناند لە " جوانا "ی كچیان) ، كە یـەكەمجار بـوو یـەک كەس بە رەسمی دەبـوو بە پـادشای هـەرتک : كاسـتیلیا و ئـاراگۆن (ی ئیسپانیا) )، ئـەوجا بـوونی بە ئیمپـراتۆری رۆمانیی پیـرۆز ( بەوە كە باوكی لە ماڵی هابسبورگ بوو) بە ناوی كارل-ی پێنجەم (چونكە چوار كارل پێش ئەو ئیمپرا- تۆری ئـەو ئیمپراتۆرییە ببـوون، كە یـەكەمیان بە شـارلمان بـەناوبانگ بوو و سێـی تـریش بە هـەمان نـاو بەدوودا هـاتبوون)، لەو سـەردەمـەدا بـزووتنەوەی رینێسـانس كـەوتـە ئیـسـپانیاوە، لەوەشدا حـەتمەن زۆر لە ژێر تەئسیری ئیتالیادا بوو( شیعری پێتـرارکا و گەڕانەوە بۆ جوانیی شیعری شوانی...). گەورەترین هونەرمەندی تابلۆكێشانی ئەو سەردەمەی دنیا، ئەم " تیشەن"ـە ئیتالییەش بە رەسمی بوو بە تابلۆكێشی تایبەتی ئەو كارل-ی پێنجەمە .

ئـەمە یەكەم رەسمێكی ژنـی رووتـە كە من لە ژیانمدا دیتوومە . شتی وا لە ماڵی مامم نـەدەكرا، ئـەوان ئێجگار زۆر محافـەزەكار بوون و، دەبێت ئەوسا هەموو مهاباد هەر وا بووبێت . بـەڵام

که له تەمەنی ٨-٩ ساڵیدا چوومه لای هەژار له بەغدا، دوای چەند رۆژێک هەژار ئەم رەسمه و چەند رەسمی شاخ و داخی سویسرای ده شووشه گرتن و به دیوارەوه هەڵاوەسین . من ئەوساش ئەوەم پێ سەیر بوو، که هەرچەنده وێنەی ژنی رووت له بەغدا به فەزیحەت دادەنرا، کەچی که دەچوومه هەر ماڵێک دەمدیت ئەم رەسمەی ئەو ژنه رووتەیان به دیواری ژووری دانیشتنەوه بوو : ماڵی حەمه دەلاڵ، حەمه سمێڵ، حەمەعەلیچایچی، کاک محەمەدی ئیمامی ... خوا دەزانێت وەبیرم نایەت چووبمه ماڵێک و ئەم رەسمەی ئەو ژنه رووته و ئەوەی" کچی کافرۆش"ی تێدا هەڵنەواسرابێت .

ئێستاش که ئێستایه تێنەگەیشتم بۆچی وا بوو، که رەسمی ژنی رووت فەزیحەت بێت، بۆچی ئەو هەمووه خەڵکه ئەوەیان به دیوارەوه هەڵاوەسیبوو .

## لە کۆمەڵە کارێکی باسی جینۆساید، لە پلاستیکی قاڵکراو – ١٩٩٨

## شۆڕش ئاهی





شۆڕش ئاهی

# لە کۆمەڵە فۆتۆی سوریالیی " چرکەیەک تێڕامان "

## ئەسرین ئیسکەندەری





ئەسرین ئیسکەندەری

## لا کۆلۆمب La Colombe (کۆترەباریکە)، پیکاسۆی ئیسپانی ٩ی ١ی ١٩٤٩



کۆتری پیکاسۆ کە موژدەی هێمنی هێنا گوتی :
مرد بەسەرچوو رۆژی ئیستیعباد و ئیستیثماری کورد
هەژار

پیکاسۆ، پێش شەڕی ئەهلیی ئیسپانیا هیچ کاری بە دنیای سیاسەت نەدابوو، بەڵام ئەو شەڕە گۆڕی، " گوارنیکا " ی کێشا، دوای شەڕی جیهانیی دووەم بوو بە کۆمونیست و سەردانی سۆڤیەتی کرد و وێنەی خرایە سەر پوولی پۆستی سۆڤیەتی .
لە کۆنگرەیەکی ئاشتیدا لە پاریس، ئەم رەسمەی کێشا( بە چاپی بەرد لەسەر کاغەز) و هەر بە ناوی : کۆترەباریکە، کە دوای ئەوە ئیتر بە ناوی " کۆتری ئاشتی"ی پیکاسۆ ناسرا .
رەسمەکە هی کۆترێک بوو کە " ماتیس"ی هونەرمەندی هەڤاڵی بە دیاری دابوویێ .



تابلۆی بە چاوترووکانێک، خوان دێ ڤالدێس لێیال-ی ئیسپانی -١٦٧٢




ئیسپانیا لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەوە، کە چۆکی بۆ هۆڵەندا دا و، ناچار ئیعتیرافی بە شکستیخۆی کرد و، هۆڵەندا بێمنەت بەو ئیعتیرافە هەر پەلاماری موستەعمەرەکانی ئیسپانیا ی دەدا و سنگی لێ دەردەپەڕاند و تۆڵەی رابردووی لێ دەکردەوە! ئەدەبیاتی ئیسپانی لەدوای ئەو هەمووە ناوە گەورانەی کە لە سەدەکەدا هەیبوون، تەنیا دووی لێ مابوونەوە ( گراثیان و کالدێرۆن) و ئەوانیش هیچینوێیان پێ نەبوو و ژیان لە هەموو روویەکەوە سووک و چرووک بوو! جگە لە یەک شت : رەسم، تابلۆ . ئیدی هەر ئەوەیان بۆ مابووەوە : یا فشەکردن و خۆ- هەڵکێشانی بەتاڵ( بە رابردوو) یا کارەساتی گلۆربوونەوە و نەمان بە تابلۆ بکێشن :

Valázqez, Zurbaran, Alonso Cano, Sánchez Coello, Murillo, Carreño de Miranda, Valdés leal

ئەوانە لە ناوانی گەورەی مێژووی هونەری تابلۆی ئەوروپایین، کە ئیسپانیی ئەو سەرەدمە بوون، ئەمەش یەکێکە لە کارەکانی یەکێکیان، ڤالدێس لێیال، کە ناوەکەی بە لاتین داناوە : In Ictu Oculi بە چاوترووکانێک .

## تابلۆی دوکی لێرما بە سواری، روبینس- ی فلاندەری ١٦٠٣



ئەم زەلامەی لەو رەسمەدا بەسەر ئەو ئەسپەوە، دوک(پاشا، حاکم) ی شاری لێرمای ئیسپانیایە Don Francisco Gómez de Sandoval دۆن فرانثیسکۆ گۆمێذ ذێ ساندۆڤال (١٥٥٢-١٦٢٥) . هونەرمەندی کە ساڵی ١٦٠٣ تابلۆکەی کێشاوە : روبینس (١٥٧٧-١٦٤٩) یەکێک لە گەورەترین هونەرمەندانی مێژووی ئەوروپایە ( لە ئەڵمانیا لەدایکبووە بەڵام فلاندەریی بەلجیکا بووە) .

حاکمی لێرما، لە خزمەتی پادشای ئیسپانیادا بوو و، زۆر لە خزمەتی وەلیعەهددا بوو... بەڵام بۆ خزمەتی خۆی! بە رادەیەک کە کاتێک وەلیعەهد بوو بە پادشای وڵات، کردی بە سکرتێر ی خۆی و، هەموو دەسەڵات، هەر هەموو، کەوتە دەستی ئەم دۆنەوە . دۆن زۆر عاشقی حەزرەتی مەسیح و مەریەمی عەزرا و لیرەی زێر بوو، رەنگە ٤٤ ملیۆن لیرەی زێڕی دزیبێت! لە دواییدا تەنانەت کوڕەکەی خۆی نەیتوانی ئەوەی لێ قەبووڵ بکات و بوو بە

دوژمنی و، خەڵکی لێ هان دا، ئیدی رایکرد و دوا ساڵانیکی ژیانی لە رۆما بە سیفەتی کاردینال بە سەربرد . کلیسای کاتۆلیکی مەسیحی ئێستاش کە ئێستایە پێیهەڵدەڵێت کە چ عاشقێکی حەزرەتی مەسیح بووە!

پادشای دوای ئەوە هێندێکی لە دوکاتە زێڕەکانی پێ لێ ئەستێندرایەوە، بەڵام ئەوە حەتمەن هەر قەترە لە دەریایەکی دزییەکانی بووە .

روبینس لای پاشایەک بووە لە ئیتالیا، ئەو بە دیاری بۆ لێرمای ناردووە . ئەم رەسمە یەکەم رەسمێکە کە روبینس وەها بۆ پیاوێکی کێشابێت کە تەواوی لەشی پیاوەکە دەرچووبێت و بەسەر ئەسپێکەوە بێت . زۆر زیرەکانە کێشراوە : هەم گەورەیی دۆن کە بە شێوەی پادشایەک دەردەکەوێت و، هەم نوورانییەتی ئەخلاقی عیشقی حەزرەتی مەسیح و مریەمی عەزرایان تێدا دەبیندرێن کە وەکو لیرەی زێڕ دەبریسکێنەوە!

## تابلۆی" رمبەکان" یا " خۆبەدەستەوەدانی برێیدا "ی دییێگۆ بێلاثکێث-ی ئیسپانی ١٦٣٤-١٦٣٥



ئـەم دەوڵـەتەی کە ئێستا " پـادشایی هۆڵەندا"ی ناوە، لە ساڵی ١٤٥٣ تا ١٥٨٥ بـەشێک بوو لە قەڵەمڕەوییەک بە ناوی" نێیدەرلاندن(وڵاتە نزمەکان، هۆڵەندا)ی هابسبورگ"یا وەک- وردتر- پێیدەگـوترا " حـەڤدە ویـلایـەتەکان "، کە هـۆڵەندا و بـەلجیکا و لوکسـمبورگ و بـەشێـک لـە فەرەنسای دەگرتەوە . ئەوە بەشیک بوو لە " ئیمپراتۆریی رۆمانیی پیرۆز"، کە من هـەلومەر- جی دامەزرانیم لە کتێبێکمدا روون کـردووەتەوە ( بڕ- لـە دنیـای دانتێ و دەوروبەری و چـەند باسێکی تری کلیسا و ئەدەبیاتی ئیتالی)، لەم کاتەدا پادشای ئیسپانیا ئیمپراتۆری بوو . ئیمپراتۆ- رییەکی سەیر بوو . زۆر لەم یەکێتیی ئەوروپایەی ئێستا و لە " کۆمۆنوێڵث"ی ئینگلیس کەمتر وڵاتەکانی خۆی پێکەوە بۆ رادەگیـران، هەمیشە کێشە هەبوون و قـەڵەمڕەویی یـەکتریان پێشێل دەکردن و بە گژ یەکتردا دەچوون . پتر لە هەزار قەڵەمڕەوی بوون، بەدەگمەن کەسێک هەبوو ناوی نیوەشیانی بزانیایە، ئەو هەمووە پادشایی و کۆمار و قەڵەمڕەوییانە، تەنانەت قەڵەمڕەویی تێدا هەبوو کە بریتی بوو لە یەک گوند!

کاتێک لوثەر لە کلیسـای کاتـۆلیک راپـەڕی، ئیمپـراتۆر و پادشای کاتۆلیکی ئیسـپانیا داوای لە

خەڵكی ئیمپراتۆری كـرد كە بە گژ پرۆتیستانتاندا بچن، بـاجی پتـریش بـدەن، بـەڵام هـۆڵەندی هەرتـك داوایان رەتكردنەوە . حـەوت ویـلایـەت ( ئـەم دوازدە ویـلایەتەی ئێستـای هـۆڵەندا) ساڵی ١٥٥٨ خۆیان لە حەڤدە ویلایەتەكە جیاكردەوە و كۆمارێكیان راگەیاند :

Republiek der Zeven verenigde Nederlanden

كۆماری حەوت هۆڵەندا یەكگرتووەكان

دوازدە ساڵی ئاگربەسێكی لێ دەرچێت(١٦٠٩-١٦٢١)، هۆڵەندی هەشتا ساڵ شەڕیان لە دژی ئیسپانیا درێژە پێدا تا بەسەریدا سەركەوتن (١٦٤٨) . كۆمارەكە، سـاڵی ١٥٩٥( و تا ١٨٠٦) ناوی بوو بە Bataafse Republiek كـۆماری باتافی ( بە ناوی بـزووتنەوەیەكی چـەپی ژێر تـەئسیری شـۆڕشی فـەرەنسا؛ لە كـۆندا باتاڤی عەشیرەتێكی هۆڵەندا بوون و وابووە هەر وا بە هۆلەندییەكان گوتراوە) .

لەو شەڕە دوورودرێژەدا، هـەوراز و نشێو هـەبوون، كشـانەوە و دیسان هێـرش‌بـردنەوە، هەر كام لە دوو لا زۆر سەركەوتن و زۆر شكستیان دیتن تاكو لە دواییدا بە سەركەوتنی هۆڵەندییە-كان كۆتایی هات .

ئەم وێنەیە هی تـابلۆیەكە، رووداوێـك دەگێڕێتەوە، كە لەشـكری ئیسـپانی جـارێـك شارێكی لە هۆڵەندییەكان داگیركردووە، شاری برێیدا Breda، ئەم تابلۆیە نموونـەیەكە لە شێوەی‌دەربڕینی هەستی هونـەری پرۆپاگەندەی ئـەوسای ئیسپانی بۆ ئەو رووداوە .

ناوی تابلۆكە بریتیە لە : " رمبەكان" یا " خۆبەدەسـتەوەدانی برێیدا "، یـەكێك لە گـەورەتـرین هونـەرمەندانی مێژووی ئیسـپانیا " دییێگۆ بێلاثكێث Diego Velazquez "(١٥٩٩-١٦٦٠)، ساڵی ١٦٣٤و ١٦٣٥ كێشـاوییەتی و، ئێستا لە موزەی زۆر بەناوبانگی " پرادۆ"ی پایتەختی ئیسپانیایە و، كۆپییەكی لە كلیسای Grote Kerk ( كلیسای گەورە) ی شاری برێیدای هـۆڵەندا هەیە . تـابلۆ ویستوویە رووداوی ئـەو خـۆبەدەستەوەدانەی دووەم رۆژی مانگی ٦ی ١٦٢٥ی بـرێیدا تـۆمار بكات، كە تێدا حاكمی هـۆڵەندیی شـار كلیلەكانی شـار دەداتە دەسـت فـەرماندەی ئیسپانی؛ فەرماندەی ئیسپانی دەست بۆ شانی هۆڵەندییەكە دەبات و دەیگرێت تاكو نـەچەمێتەوە، بە شێوەیەك كە دێرێك لە شیعری شاعیر و شانۆنووسی ئیسپانی" كالدێرۆن"(١٦٠٠-١٦٨١)

دەردەبڕێت : ... que el valor del vencido hace famoso al que vence

واتە : قیمەت (یا : ئازایەتیی) ئەوەی لێیبراوەتەوە (بەسەریدا سەرکەوتوون)، برەوەکە (سەر-کەوتووەکە) بەناوبانگ دەکات ( رێز و گرنگیی لەوەدایە کە توانیویە بە سەر چ گرنگ و بەڕێزێکدا سەربکەوێت) .

ئەو تابلۆیە زۆر بەناوبانگە و زۆری لە سەر نووسراوە : رووی رمبەکانی ئیسپانییەکان و ئەوەی هۆڵەندییەکان بەنموونە، تەبیعەتی وڵاتەکە و ئاسمانی کە تابلۆکێش خۆی قەت نەیدیتووە و هەر لە رێگەی بەرهەمی هونەری فلاندەرییەکانی بەلجیکا لێی ئاگادار بووە . رووی کەسێکیش کە لای ئەسپەکەیە دەڵێن زۆر لە دەموچاوی تابلۆکێشەکە خۆی دەکات .

بەرلووزەوە، سنگ سپیلکە، چۆلەکە چۆمە



Latin : Cinclus Cinclus
English : white-throated dipper
Français : cincle plongeur
Deutsch : Wasseramsel
Nederlands : waterspreeuw
Svenska : dipper
Italiano : merlo acquaiolo
Español : mirlo acuático
Русский : Оляпка

عارەبی : دنقلة، تورکی : دره قوشو، فارسی : زیرآبروک .

# جلووت



Latin : Phalaropus lobatus
English : red-necked Phalarope
Français : phalarope á bec étroit
Deutsch : Odinshühnchen
Nederlands : grauwe franjepoot
Svenska : smalnäbbad simsnäppa
Italiano : Falaropo beccosottile
Español : falaropo picofino
Русский : Круглоносый плавунчик

عارەبی : طيطوي/ كركر/ حمراء الرقبة رهيز، تورکی : دێنیز دودوکچونو،

فارسی : فالاروپ گردن سرخ .

# ڕەوڕەوە ( ڕەوڕەوە زێڕە)



Latin : Pluvialis apricarius
English : golden plover
Français : pluvier doré
Deutsch : Goldregenpfeifer
Nederlands : goudplevier
Svenska : ljungpipare
Italiano : piviere d'oro
Español : chorlito dorado
Русский : Золоти́стая ржа́нка

عارەبی : قطقاط ذهبي أوروبی، تورکی : ئالتون یاغمورجون،

فارسی : سلیم طلایی .

# رەشە داڵ، داڵاش



Latin : Aegypius monachus/ Cinereous vulture
English : black vulture/ monk vulture
Français : vautour moine
Deutsch : Mönchsgeier/ Kuttengeier
Nederlands : monniksgier
Svenska : grågam
Italiano :  avvoltoio nero
Español : buitre negro
Русский : Черный гриф

عارەبی : النسر الأسود/ النسر الرمادی، تورکی : قره آق بابا،

فارسی : لاشخور/ دال سیاه/کرکس .

## نككێنه



Latin : Recurvirostra avosetta
English : pied avocet
Français : Avocette élégante
Deutsch : Säbelschnäbler
Nederlands : kluut
Svenska : avocet
Italiano : avoceta común
Español : avoceta
Русский : шилоклюв

عارەبی : حليبي/ أبو فحت النكات، تورکی : ئاڤۆسێت،
فارسی : آوست .